د. عەبدوڵڵا مەردۆخ

# چەند یادگارێکی

# مامۆستا برایم ئەحمەد

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠١٠

٩٢٠,٧١

م ٢٨٣ مەردۆخ، د. عەبدوڵڵا

چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد/ نووسینی د. عەبدوڵڵا مەردۆخ

سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠١٠.

١٥٤ل: ١٤,٨×٢١ سم. زنجیرە؛ ١١١

(بیرەوەری، بەڵگەنامەو وێنەی تێدایە)

١– بیرەوەری ٢– ناونیشان

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

**زنجیرە: ١١١**

**کتێب: چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد**

**نووسەر: د. عەبدوڵڵا مەردۆخ**

**مۆنتاج: لاس**

**خەت و ڕووبەرگ: ئەحمەد سەعید**

**تیراژ: ١٠٠٠**

**ژمارەی سپاردن: ١٢٩٢ی ساڵی ٢٠١٠ی**

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان**

**شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی کارۆ**

## بنکەی ژین

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان،

تەلاری ژین– تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید)

تەلەفۆن: ٢-٣١٩٤٧٣١ ئاسیا: ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤

کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤

**www.binkeyjin.com**

**وتەیەکی پێویست**

لەچاپدانەوەی کەرەستە (Matériaux) و سەنەد و سەرچاوەی دەگمەن، بە مەبەستی نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەمڕۆ بەشێکی هەرە گرنگی ئیشوکاری زانستیی هاوچەرخە. ئەم ڕەوشە لەلای ئێمە تازە دەستی پێکردووە و تەمەنێکی وای نییە.

ساڵانی ساڵ بوو چەند یادگارێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشی مامۆستای کۆچکردوو برایم ئەحمەدم لەلا بوو، کە وەختی خۆی بەتایبەت لەسەر داوای خۆم بۆی نووسیبووم. حەزم کرد هەروەك خۆیان بێدەسکاری بڵاو ببنەوە و بگەنە دەستی توێژەران. واشم بەباش زانی لێرەدا، هۆ و مەبەستی نووسینی ئەم باسانە بەکورتی بۆ خوێنەری هۆگر ڕوون بکەمەوە.

*وتاری یەکەم*: سەردەمێك بەڵێن درابوو من *ژانی گەل* وەربگێڕمەوە و دەستم پێ کرد. پرسم بە مامۆستاش کرد، زۆری پێخۆش بوو و بۆ سەرەتای کتێبەکەی، کورتە بەسەرهاتێکی خۆی بۆ نووسیم، بە داخەوە وەرگێڕانەکە سەری نەگرت، بەڵام بەسەرهاتەکە لێرەدا دەقاودەق لەچاپ دراوە.

*وتاری دووەم*: نووسەری ئەم دێڕانە نووسینێکی بەدەستەوە بوو لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵەی ژ. ك وکۆمەڵی هیوا. پێشتر باسەکەم

لەگەڵ مامۆستادا خستە نێوان و گەلێك قسەمان لەسەر کرد. دیتم مامۆستا هێندێ زانیاریی لەلایە کەم کەس دەیزانێ. داوام لێ کرد وەك بەشێك لە بیرەوەوەریەکانی بۆم بنووسێتەوە و ئیجازەشم بداتێ کەڵکی لێ وەربگرم. دڵسۆزانە و دەسبڵاوانە، سەرەڕای گیروگرفتی ژیانی تاراوگە و بارودۆخی تەمەنی، ئەم داخوازیەشی جێبەجێ کرد و وەك نامەیەکی درێژ بۆی ناردم.

*وتووێژەکە:* لە سەرەتای ساڵی نەوەدی سەدەی پێشوودا، لەگەڵ کۆمەڵێك توێژەر و وەرگێڕ و دەسبەقەڵەم، بڕیارمان دا گۆڤارێکی پسپۆڕانەی تایبەت بە زانستی کوردناسی بە زمانی کوردی و فرانسەیی، دەر بکەین. داوای یارمەتیمان لە حکوومەتی فرانسا کرد، وتیان باشە، بەڵام دەبێ سێ ژمارە ئامادە بکەن ئێمە سەیریان بکەین، ئینجا ئەگەر باش بوون یارمەتیتان دەدەین.

سێ ژمارەکە ئامادە کران بەم چەشنە: ژمارەی یەکەم بە بۆنەی چوارسەد ساڵەی شەرەفنامەوە، ژمارەی دووەم بە بۆنەی سێسەد ساڵەی مەم و زینەوە و ژمارەی سێیەم بە بۆنەی پەنجا ساڵەی کۆماری مەهابادەوە. ئەم ژمارانە گەلێك وتاری باش و بەپێزیان گرتبووە خۆ. هەرسێ ژمارەمان پێشکەش کرد و چاوەڕوانی وەڵام بووین. پاش ماوەیەك دەرکەوت تاقمێك، کە دەستی تێکدەرانەی زۆر ئاوەڵایە، بوونی ئەم گۆڤارەی بۆ پەزەکانی خۆی بە خراپ زانیبوو، پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر بە زمانێکی لووس و خۆش جوابیان کردین!

www.zheen.org

وتارەكان كە زۆربەیان من ئامادەم كردبوون، بەسەرمدا مانەوە. یەكێ لەو وتارانە ئەم وتووێژەی مامۆستا بوو كە دەبوو لە ژمارەی سێیەمدا بڵاو بێتەوە.

من لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ناسیاویم لەگەڵ مامۆستادا هەبوو. مامۆستا، هەتا دوا ڕۆژی ژیانی، بۆ من وەك باوك و مامۆستایەكی دڵسۆز بوو. لە ئێران و بریتانیا و فرانسا لە خزمەتیدا بووم و نەختێك بە ڕۆح و ڕەوانی ئاشنا. بەسەرهاتی ئەم ئاشنایەتیەشم كرد بە وتارێك و پێشكەشی خوێندەوارانی بەڕێزم كردووە.

**د. عەبدوڵڵا مەردۆخ**

سلێمانی

٢٠٠٩/٧/٣٠

بنكەی ژین
www.zheen.org

## ئەمێنێتەوە ناوی پیرۆزت*

ڕۆژانی ڕەش و پڕمەینەت، لە مێژووی پڕ کارەساتی گەلی کورددا، گەلێك زۆرن. دەڵێی چارەنووسی ئەم گەلە بەشخوراوە وا نووسراوە، قەت پشوو نەدات، نەحەسێتەوە و ماندووی هەتا هەتایی بێت، تامەزرۆی ئازادی و سەربەستی بێت، بۆی شەڕ بکات و قوربانسی بۆ بدات، بەڵام دەستی نەیگاتێ وەك شوانەکەی هەق نادیاری، دایم ڕەنجەڕۆ و دەربەدەر بێت. بێگانە خاوەنماڵی و خۆی بێگانە بێت!

ساڵی ١٩٧٥، یەکێك لەو ساڵە ڕەشانە بوو، کە لە مێژووی خوێناویی گەلی کورددا، جێگایەکی دیاری هەیە و وەك برینێکی ڕەش کەوتە جەستەی زاماری کوردستانەوە، ئەم برینە کە لەسەر دڵ و ڕۆح و ڕەوانی برینداری هەموو کوردێکدا قەتماغەی بەستووە، قەت سارێژ نابێ. وەك ساڵی ١٥١٤، ساڵی شەڕی چالدێران و دابەشکردنی کوردستان و ماڵوێرانیی کوردان.

لە ساڵی ١٩٧٥دا، دوو دوژمنی کورد، بە فرتوفێڵ دەستیان لەناو دەستی یەکتر نا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، گەلێکی بیست ملوێنییان کردە قۆچی قوربانی، کە داوای سەرەتاییترین مافی مرۆڤایەتیی خۆی دەکرد. مەیدان چۆڵ کرا. بە جارێك نزیکی سەدهەزار

---

* نوسەری ئەم دێڕانە، لە دوو شوێنی تردا، بە چڕوپڕی لە ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد، کۆڵیوەتەوە، ئیتر لێرەدا دووپاتی ناکاتەوە و هەر باسی رابردووی ناسینی مامۆستا دەکا.

پێشمەرگەی دلێر، کە بە دڵ و گیان بۆ سەرخستنی ئازادیی وڵات، بەڵێنیان دابوو گیانی شیرینیان لەپێناوی ئەم ڕێگا سەختەدا بەخت بکەن، چەکیان کردن و بەبێ سەروشوێن ئاوارەی وڵاتان کران، ماڵ و سامانیان داگیر و وێران کرا و تووشی کوێرەوەری و چەرمەسەرییەکی دیکە بوون.

لەم ساڵە پڕنەهامەتیەدا، بە دەسبەسەری و لەژێر چاودێریی ساواکدا، لە تاران دەژیام و لە بەشی کوردیی ڕادیۆ و تەلەڤزیونی ئێران لە تاران، خەریکی کار بووم. لەم بەشەدا ژمارەیەك کوردی ناوچەکانی کوردستان، بە بیروباوەڕی جۆربەجۆرەوە، کۆ ببوونەوە، وەك کۆچکردووان مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، د. سەدیقی موفتی زادە، حەمەسەعید بەگی جاف، شێخ ئەمینی نەقشبەندی، سوارەی ئیلخانیزادە و...[١].

نێوانی مامۆستا مەلا جەمیل و کاك سوار و من جگە لە هاوکاری، دۆستایەتییەکی پتەو و تایبەت بوو، کە لەسەر هاوبیری و هاودەنگی پێك هاتبوو. مامۆستا بە ڕێگای جۆربەجۆر تازەترین کتێبی کوردی، کە

---

[١] سەبارەت بە بەشی کوردی رادیوی ئێران سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکەن:

– ئاشنا، ناوبژی لە نێوانی برایان نیازی و نەقشبەندیدا. گۆڤاری کاروان، ژمارەی ٢٦، تشرینی دووەم ١٩٨٤، ساڵی سێیەم. ل. ١٩–١٦.

– د. یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ . وتاری "*کورتە مێژوویەکی ئێزگەی کوردیی کرماشان و ئێزگەی کوردی لە ئێران*". ئەم وتارە محەمەدی کەمانگەر نووسیویەتی و یاسین سەردەشتی کردووبە بە کوردی، .ل٢٧٥–٢٦٥.

دەستی کەس نەدەکەوت و بە تایبەت لە بڵاوکراوەکانی "کۆڕی زانیاری کورد"ی دەست دەکەوت و بە من و کاك سواری دەدا بیخوێنینەوە. هەرکەس و کەسایەتییەکی کوردیی ناوداریش، کە بۆ لای دەهاتن، زۆری پێ خۆش بوو بە نهێنی بە ئێمەی بناسێنێ. بە هۆی مامۆستاوە بوو من مامۆستا عەلادین سەجادی، د. کەمال مەزهەر، د. جەمال ڕەشید، کاکەمەم بۆتانی، هەژاری موکریانی، مامۆستا ئەحمەد هەردی. عەبدولخالق مەعرووف و مامۆستا برایم ئەحمەد و...م ناسی.

ڕۆژێك، مامۆستا مەلا جەمیل، سوارە و منی بانگ کردە ژوورەکەی خۆی و پێی وتین ئەمڕۆ هەژارتان پێ دەناسێنم، بەڵام وریا بن بە هەژار بانگی ناکەم، چونکە بۆ هیچمان باش نییە، پێی دەڵێم عەلی بەگ. من و کاك سوار، وامان دەزانی داخۆ هەژار چۆن بێ، پیاوێکی لەڕ و لاواز و بەڕاستی هەژار، بەڵام کە دەرکەوت، دیتمان پیاوێکی شان خواری شان و مل ئەستوورە. جاروبار مەلا جەمیل بۆ سوحبەت جنێوێکی بە عەلی بەگ دەدا و هاواری هەژار بەرز دەبووەوە، کورە مامۆستا بۆ جنێوم پێ دەدەی، ئەویش دەیوت خۆ تۆ عەلی بەگ نیت!

ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ مەلا جەمیلدا قسەی شیعر و ئەدەبی کوردیمان دەکرد. من هاتمە سەر گێڕانەوەی ئەم باسە، کە مێرمنداڵ بووم ئاشنایەکمان ژنبراکەیان بە تاوانی کوردایەتی گوللەباران کردبوو، ئێمەش بۆ پرسە و سەرەخۆشی چووبووین بۆلایان. دیتم ئەو شوێنە وا نوێنەکانیان تێیدا هەڵگرتبـوو، بە قوماشێکی سپی داپۆشرابوو و دیار بوو کچی جحێڵی ماڵ، ئەم قوماشەی بە نەخش و نیگار، کە لە سنە

پێی دەڵێن "گوڵدۆزی"، ڕازاندبووەوە[٢]. لەناو کۆمەڵێك گوڵ و گەڵادا شێعرێك نووسرابوو، هەرچەندەم دەکرد بۆم نەدەخوێنرایەوە، بە شێوەی فارسی دەمخوێندەوە و لە واتاکەی نەدەگەیشتم. ناچار بە باوکمم وت بۆم بخوێنێتەوە.

مـەژی بۆ مـردن، بمـره بـۆ ژیـان
چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیـان
لــە زرەی زنجـیر دڵـت نـەلـەرزێ
پێـوەند بـۆ لەشە، نەوەك بۆ گیــان

ساڵی ١٩٧١، گیرام. لە شاری سنەوە دەسبەکەلەبچە و چاوبەستراو لەنێوان دوو پۆلیس لە پشتەوەی سەیارەیەکدا، کە کابرایەکی ساواکی و لێخوڕەکەی لە پێشەوەی بوون، بردیانم بۆ تاران. هەر کە درامە دەستی بەرپرسانی زیندان و ئەشکەنجەگای (کمیتە[٤] ضد خرابکاری)، پرسییان ئەمە کێیە؟ وتیان فلان کەسە. دەمودەس بێ هیچ لێپرسینەوەیەك، خستمیانە ژێر ئەشکەنجەوە. نازانم ئەم کارەساتە چەند درێژەی کێشابوو، بەڵام کاتێك هاتمەوە سەر خۆم، دیتم لە ژوورێکی تاریکدام و هەموو گیانم خوێناوییە و ئێش و ئازار دەرەتانی لێ بڕیوم. ئۆقرەم نەدەگرت، هەستامە سەرپێ و بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی سەر دیوارەکان خۆمم دەخلافاند. کوتوپڕ چاوم بە

---

[٢] لە ساڵی ١٩٨٢دا، کە بە یەکجاری وڵاتم بەجێ هێشت، لە شاخ، لە ماڵانی زۆر گونددا، کە خوڵکیان دەکردین، ئەم شیعرانەم بە گوڵدۆزی دەدیت.

نووسینێك كەوت، ئەمجارە ئیتر خۆم دەمتوانی بە ڕێكوپێكی بیخوێنمەوە و پێویست نەبوو كەسێكی تر بۆم بخوێنێتەوە. هەمدیسان ئەو شیعرەی سەرەوە بوو.

مامۆستا مەلا جەمیل وتی: دەزانی ئەم شیعرانە هی كێن؟ وتم نە! وتی هی مامۆستا برایم ئەحمەدن. ڕۆمانێكی هەیە بە ناوی *ژانی گەل*، تازە بڵاو بووەتەوە، دەتدەمێ بیخوێنەوە، خۆیشی لێرەدایە ڕۆژێك پێت دەناسێنم.

"*ژانی گەل*"[3]م خوێندەوە و بەڕاستی تووشی ژانی گەلی كردم. كارەساتی ئەم ڕۆمانە وا كاری كردە سەر ڕۆح و گیانم، بۆ ماوەیەكی زۆر هەستم بە ئازاری ڕۆحی و ڕەوانی دەكرد. ئاخر خۆم زۆر نەبوو لە زیندان دەرچووبووم. ساواك ناچاری كردبووم هەموو ڕۆژانی پێنجشەمە بچمە شوێنێكی دیاریكراوی ئەوان و دەفتەرێك ئیمزا بكەم و قەت مافی ئەوەم نەبێ بۆ كوردستان بگەڕێمەوە. بەم حاڵەوە دەچووم بۆ ئیمزا و بیرم لە كاڵێ و جوامێرەكان دەكردەوە، بیری ئەسیری، بیری ژێردەسەیی و بێبەشی و بیری بێدەسەڵاتی. بۆ سوكنایی حاڵی پەشێو و داماوم چەند جارێكی دیكەش ژانی گەلم خوێندەوە. ئەو ڕۆژانە لە لای ئێمە، ڕۆژانی خەم و تەم بوون، جێژن و شادیی دزێوكاران بوو و ئازیەتباریی جوامێران. ڕۆژ نەبوو ڕۆژنامەكان هەواڵی تێكهەڵچوونی

---

[3] ژانی گەل بۆ یەكەم جار لەساڵی ١٩٧٢دا بڵاو بوەوە. دەزگای ئاراس لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٨ دیسان چلپی كردەوە.

بەرەی شۆرشگێڕ و تاقمی ساواك و پۆلیس نەنووسن. هەر لاوی خوێن گەرم بوو و لە شەڕی نابەرابەر لە دژی تاقمی شا، لە خوێنی خۆیدا دەگەوزا و گیانی بەخت دەکرد و جێگای بە یەکێکی تر پڕ دەبووەوە. بەرەی ئازادیخواز لە ئێران دەرەتانی لێبڕابوو. لەم لاشەوە بە هەزاران کورد هاتبوون بەم دیودا، ئاوارە و دەربەدەر بوون و ئێمەش لە بەر بێ دەسەڵاتی نەماندەتوانی شتێکیان بۆ بکەین.

دیسان مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژێك ئاگاداری کردینەوە، ئامادە بن، مامۆستا برایم ئەحمەدتان پێ دەناسێنم. بەڵام ئەمجارە دەبێ زۆرتر لە جاران هۆشیار بن. ئێمە سێ کەس، واتە مامۆستا و کاك سوار و من، دەبوو زۆر ئاسایی بچینە کافێ سورێنتو[4]، دانیشین، گوایە مامۆستا برایمیش بە هەڵکەوت ڕێی کەوتووەتە ئەو کافەیە و بەم چەشنە چاومان بە یەکتر دەکەوێ.

لە ڕۆژی دیاریکراودا چووینە کافەی ناوبراو، دانیشتین و چاوەڕوان بووین. زۆری پێ نەچوو مامۆستا هات و بە دیداری شاد بووین. پاش ئەوە چاك و چۆنییەکی مێهرەبانانەی لەگەڵ کردین، سەرەو نوسخەیەکی "ژانی گەل"ی داینێ، کە پێشتر بە ناوی خۆمانەوە بۆی ئیمزا کردبووین[5].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[4] کافەی سورێنتو لە جادەی پەهلەوی و نزیك بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بوو. جێگای کۆبوونەوەی ژیکول و کچ و کوڕی مودێرن بوو و ساواکیەکان شکیان لە مشتەریەکانی نەدەکرد.

[5] لە هێرشێکدا کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و ئێتلاعات بردیانە سەر ماڵی ئێمە، چیمان هەبوو تاڵانیان کرد و ئەم یادگارەشیان برد.

ئینجا کەوتینە قسە و باس. دیار بوو مەلا جەمیل ئێمەی لە پێشدا بە مامۆستا برایم ناساندبوو. بۆ سوحبەت وتی ئەمەیە عەبەی مەردۆخ، سنەییان کوردی نازانن، نازانم ئەمە لەکوێ فێری کوردی بووە؟ مامۆستا برایم پاش گەلێك لوتف و نەوازش سەبارەت بە من، وتی: ئەسڵی کورد ئەمانن، میرنشینی کوردستانی ئەردەلان، کە سنە پایتەختی بووە، لە مێژوودا وەك دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ حیسابی بۆ دەکرێ، ئەوان هەڵگری ناوی کوردستان بوون و هەتا ئەمڕۆش هەر پاراستوویانە. ئەو ڕۆژە قسە و باسێکی زۆر خۆشمان کرد و هیچمان ئاگامان لەوە نەبوو ڕەنگە ساواك چاودێریمان بکات. چەند جارێکی تر هەر بەم چەشنە مامۆستامان لە کافەی ناوبراو و کافەیەکی دیکە بە ناوی چاتانوگا کە ئەویش هەر لەو نزیکانەوە بوو، دیت.

مامۆستا برایم ئەحمەد، سیاسەتمەدارێکی زیرەك و وریا بوو. کاربەدەستانی ئێران باشیان دەناسی و دەیانزانی بۆیان لەخشتە نابرێ. ئەویش شارەزای ئێران و سیاسەت و بارودۆخی دامودەزگاکانی بوو. ئەوە بوو شا و ساواك، سەبارەت بەو، سیاسەتی (پیلانی بێدەنگی)یان بەکار دەهێنا. لەو ماوەیەدا، مامۆستا هیچ کاتێ ئامادە نەبوو لە ڕۆژنامەکانی ئێران باسی ئەو کارەساتە بکات وا بە سەریان هاتبوو، یا سپاس و مەدحی شا و داوایەکی شەخسی لە کاربەدەستان بکات. وەختی خۆیشی وتاری دژ بە دەوڵەتی ئێرانی زۆر نووسیبوو،

ئێرانیەکانیش دەیانزانی و بە مارکسیستیان دەناسی[٦]. سەرەڕای ئەمە، بەرپرسان زۆر ڕێزیان لیّدەنا. بەڵام ساواك، مانەوەی مامۆستای لە ئێران بە مەترسییەکی گەورە دەزانی. لەوکاتەدا شا شەڕێکی بەرین و بەربڵاوی لە دژی کۆمۆنیستەکان دەس پیّکردبوو، لە ناوەوەی ئێران دژ بە ڕێکخراوە چریکیەکان و... و لە دەرەوەش لە دژی شۆڕشگێڕانی زوفار (عومان). شا بە تەواوی ماناوە خۆی کردبووە ژاندارمی هەرێمەکە و شەڕی پیرۆزی لە دژی کۆمۆنیزم دەکرد. هەر چەشنە دژێکیان بە کۆمۆنیست لەقەڵەم دەدا و بەس بوو کەسێك بە کۆمۆنیست تاوانبار بکریّ، ئیتر نەدەبوو چاوەڕوانی ژیان بیّ، بە سەر وماڵەوە تێدا دەچوو.

ناحەزانی مامۆستا ئەم هەلەیان قۆستبووەوە. بۆ خۆشیرنکردن و خۆدەربازکردن، ئەوەی لەدەستیان هات هەلپەرستانە لە دژی کردیان. خۆیانیان کرد بە خوداپەرست و موسوڵمان و ئەوانیشیان کرد بە کۆمۆنیست و بێدین!

ڕۆژێك کەسێك لەو تاقمە بەدین و کوردپەروەرانە! سەردانی ئێمەی کرد، هات بە شان و باڵی شادا، چی مەدحی دنیا بوو ئاڕاستەی شای کرد و وتی شـــای ئێران باوکی هەموو کــوردانە!

[٦] بۆ نەختێك زانیاری سەیری ئەم سەرچاوە بکەن: فريد اسسرد، اتجهات السياسية الكردية بعد الحرب العالمية الثانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٨.

منیش گەنج بووم و بێئەزموون، وتم ئەی بۆ ئێمە بیێ باوکین؟ پاش دوو ڕۆژ دایرەی "حفاظت"[٧] بانگیـان کردم، کارەساتیان بۆ گێـڕامەوە و پاش هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر، وتیان دەوسیەکەت کراوەیە، وریا بە دیسان دەتگرینەوە.

پاش ئیمزای ڕێککەوتنامەی جەزایر، شا و سەدام کەوتنە خۆ، خاڵە سەرەکیەکانی لە کوردستانی لای خۆیان دابەزێنن. شا نەك هەر جەماوەری کوردی ئێرانی خستە ژێر گوشارێکی سەختەوە، کە نابێ یارمەتیی کوردە پەنابەرەکان بدەن، بەڵکو ئەوانیشی تووشی ئازارێکی زۆر کرد. هێندێ لە بەرپرسە گەورەکانیانی لە تاران و کەرەج ڕاگرت، بە پێشمەرگەکانیشیان وت یا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، یا دەبێ بەوە ڕازی بن دەوڵەتی ئێران بۆ چ شوێنێکتان دەنێرێ، بچن. ساواك وەك یەخسیر و بارمتە لەگەڵ ئەم پەنابەرانە هەڵسوکەوتی دەکرد. لە قەراخی چەند شارێکدا کەمپی بۆ سازکردن و لە بارودۆخێکی مەمرە و مەژیدا ڕایگرتن. خەڵکەکە بەرگەی ئەم ژیانەیان نەدەگرت، ناچار ژمارەیەك گەڕانەوە و پاشماوەکەشیان بە ناو ئێراندا بڵاو بوونەوە و کەوتنە کوێرەوەری.

ئینجا ڕێبەرایەتیی شۆڕش تێگەیشت هەڵەیەکی گەورەی کردووە. ژێنراڵ مەنووچێهری هاشمی یەکێ لە کاربەدەستانی ساواك لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ : زۆر جار داوای دەکرد بەشکوو مۆڵەتی بدەن لەبەر نەخۆشی بچێ بۆ ئەمریکا، ئەم داخوازیەی هەر پشت گوێ

---

[٧] "حفاظت" واتە پاراستن، لقێکی ساواك بوو لە هەموو دایرەکاندا بۆ چاودێریی کارمەندەکان.

دەخرا. ئاخری وەڕەس بوو، ڕۆژێك وتی ((من موسوڵمانم و خۆکوژی لە ئیسلامدا حەرامە، ئەگەر وا نەبوایە، لەبەر ئەم بارودۆخە نالەبارە وا من هەمە، لەمێژبوو خۆمم کوشتبوو))[٨].

مامۆستا برایم ئەحمەدیش لە گوشار و هەڕەشە و گوڕەشە بێبەش نەبوو. هەستی بە هێمنی نەدەکرد، بە باشی دەیزانی ئێران جێگای ئەو نییە. ئاخری ساواك پێی وت بەپێی ڕێککەوتنامەی جەزایر، دەبێ بە خاوخێزانەوە بچێتە زاهدان، یا ئێران بەجێ بهێڵێت. مامۆستا بڕیاری دا واز لە ئێران بێنێ و ڕۆیشت.

ڕۆژێك مەلا جەمیل وتی: مامۆستا برایم بەرەو بریتانیا ڕۆیشتووە، هێندێ کتێبی لە لای من بەجێ هێشتووە، بڕێکبان بە زمانی ئینگلیزین، وەرە یارمەتیم بدە با جیایان بکەینەوە. لەگەڵ مەلا جەمیلدا چووینەوە بۆ ماڵەکەی. کۆمەڵێك کتێب بوون، زوربەیان کتێبی گیرفانی ئینگلیزی بوون وەك ڕۆمان و شیعر، هەموومان پێچاوە.

ساڵی ١٩٧٧، منیش پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر، لە یەخسیری و دەسبەسەری ڕزگار بووم و بەرەو فرانسا ڕۆیشتم. لە هاوینی ١٩٧٨دا بە هەڵکەوت لە ماڵی کۆچکردوو مامۆستا تەوفیق وەهبی، دیسان چاوم بە دیداری مامۆستا برایم شاد بووەوە، لەوێدا مامۆستا، کاك محەمەد ڕەسووڵ هاواری پێ ناساندم. ئادرێسی یەکترمان وەرگرت و بەردەوام مامۆستا نامەی بۆ دەنووسیم و لە کتێبەکانی خۆی و گەلاوێژ خانی هاوسەری بەشی دەدام.

---

[٨] سرتیپ منوچهر هاشمی، داوری، سخنی در کارنامهٔ ساواك، انتشارات ارس، لندن ١٣٧٣، ص٥٠٤.

بنکەی ژین
www.zheen.org

مامۆستا چەند جار سەفەری پاریسی کرد و هەر جار دەگەیشتمە خزمەتی. جارێك بۆ کونفرانسی (زمانی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٠دا) دەعوەتمان کرد و وتارێکی بەپێزی پێشکەش کرد. ڕۆژێك پێی وتم: حەز دەکەم چەن شوێنێکی شاری پاریسم پێ نیشان دەی. ئەو ڕۆژە، زانستگای سۆربۆن، کولێژ دو فرانس، کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس و چەند شوێنێکی ترم نیشان دا، هەرچەند ماندوو بوو، بەڵام زۆری پێ خۆش بوو.

جارێك بەرپرسی بەشی کوردیی زانکۆی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی سەر بە زانستگای سۆربۆن، مادام جۆیس بلوو، پێی وتم نامەیەکمان بۆ هاتووە، تییدا نووسراوە دەیانەوێ دوو کەسی شاعیر و چیرۆکنووسی کورد خەڵات بکەن. داوایان لە ئێمە کردووە کێ بە شیاوی ئەم خەڵاتە دەزانن، بۆمان بنووسن. ئەویش بە منی وت بە ڕای تۆ کێ شیاوی ئەم خەڵاتەیە. منیش بێ‌سێ‌ودوو وتم مامۆستا برایم ئەحمەد و کاك شێرکۆ بێکەس. پاشان بیستم خەڵاتەکەیان پێ دابوون.

*   *   *

هەر سەردەمێك، لە هەر شوێنێك، کەسایەتیی تایبەت بە خۆی و ئەو شوێنە پێك دێنێ[٩]. مامۆستا برایم ئەحمەد، بە ڕاستی کەسایەتیی

www.zheen.org

---

[٩] بۆ ئاگاداری لە سەر ژیان و بەسەر هاتی مامۆستا، بڕوانە: ئامانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلی کورددا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٩.

هەروەها، ئەحمەد شەریف عەلی، برایم ئەحمەد، ژیان و بەهرە و داهێنانی. سلێمانی ٢٠٠٢.

سەردەمی خۆی و شوێنی خۆی بوو. سەردەمێکی ئاڵۆز و پڕکارەسات، سەردەمی کەوتن و هەستانەوە، سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی بندەست و چەوساوە و دیل و بێبەش لە سەرەتاییترین مافی مرۆڤایەتی. ئەو، نموونەی ڕاستەقینەی ڕووناکبیری بەرپرس و لەخۆبووردووی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی بوو. وڵاتێك کە سەرەکیترین مافی مرۆڤایەتیی تێدا پێشێل دەکرێ، ئەوەی کە لەو جۆرە وڵاتانەدا بایەخی نەبێ ئازادی و زانینە و ئەوەی کە پەرەی پێ دەدرێ هەژاری و نەخوێندەواری و نەزانینە. مامۆستا لە کۆمەڵگایەکی وادا، واتە کۆمەڵی کوردەواری، هاتە کۆڕی خەباتەوە، لە دژی زۆرەملێ، چەوسانەوە و نەخوێندەواری. لە وڵاتەکەیدا گەلی کورد لەژێر باری زوڵم و ستەمی دووقاتدا بوو، ستەمی نەتەوایەتی وەك مرۆڤێکی کوردی بەشخوراو لەلایەك و ئەو ستەمە گشتییەی، کە خەڵکی وڵاتەکەی پشتیان لەژێر باری قورسیدا چەمابووەوە لەلایەکی ترەوە. ئەو، هەموو گەلانی چەوساوەی عیراقی بۆ خەباتی هاوبەش لە یەك بەرەی پتەودا لە دژی ئەو ستەمانە و هەر چەشنە نابەرابەرییەك، هان دەدا.

مامۆستا برایم، خەڵکی شار بوو و هەر لە سەرەتای مێرمنداڵییەوە گوێی لە دەنگ و زایەڵەی هۆشیارانە بوو، بەشداریی کۆڕ و کۆمەڵی پێشکەوتنخوازی دەکرد و هەڤاڵ و دەوروبەریشی مرۆڤی وریا و تێگەیشتوو و تێکۆشەر بوون[٨]. ئەمانە وای لێ کرد سەرنجی بۆ لای خوێندن و زانین و تێگەیشتن و کۆڵنەدان بچێ و خۆی لە دەستی نەزانین و بێخەبەری و کویلەتی ڕزگار بکات. سەرکەوتوانە

بنكەی ژین
www.zheen.org

دەیخوێندەوە و ئاستی هۆشیاریی خۆی بەرز دەکردەوە. مامۆستا بە چەشنێکی هۆشیارانە هەستی بە بەشخوراویی گەلەکەی کرد و لە هەمان کاتیشدا بۆی دەرکەوت زۆردار زۆردارە، چ کورد بێ چ عەرەب، زۆرلێکراویش چەوساوەیە، چ عەرەب بێ و چ کورد. گەلانی چەوساوەی بە برای یەکتر و هاوچارەنووس دەزانی. *((میللەتی کورد، وەك میللەتی عەرەب، میللەتێکی پارچەپارچەکراو و لە باری بیروباوەڕەوە پرش و بڵاوە. میللەتی کورد وەك میللەتی عەرەب تێ دەکۆشێ لەپێناوی ماڤی پیرۆزی خوێدا و هەوڵ دەدا بۆ هاوکاریکردن و لەیەك گەیشتن لەگەڵ میللەتاندا، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشی خۆیان لە ژیان و سەربەستی بەدەست بێنن. بۆ ئەوەی بتوانن هاوبەشی بکەن لە بنیادنانی شارستانێتیی جیهانیدا. وەك چۆن پێشتر، بەشدارییان کردووە لە بنیادنانی شارستانییەتی ئیسلامیدا))*[10]. مامۆستا هیچکات نەکەوتە داوی ناسیونالیزمی بەرتەسك و بەرچاوتەنگی (کوردایەتی)ی تۆخەوە. هەمیشە دەیوت من بڕوام بە نەتەوەیی نییە. هەر ئەوەندە بڕوام پێیەتی کە وەك خەڵك بژیم، گەلەکەم وەك گەلانی دیکە بێ. ئەو کوردایەتیەی کە مامۆستا بڕوای پێ بوو، کوردایەتییەك بوو بێخەوش و بێگەرد، ڕوون و پێشکەوتوو، دژ بە چەوسانەوە و زۆرەملێ. لایەنگری سەربەستی و بەرابەریی هەموو مرۆڤ بوو لەپێناوی بەشداری و هاوبەشیدا بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و بەختەوەر.

[10] ابراهیم احمد، الاکراد و العرب، مرکز خاك للنشر و الاعلام، ط٥، السلیمانیة، ٢٠٠٨، ص٣١.

مامۆستا تەمەنێكی وای نەبوو، نامیلكەی "*الاكراد و العرب*"ی بە زمانی عەرەبی بڵاو كردەوە. دوژمنان هەر زوو هەستیان بە ناوەڕۆكە دەوڵەمەندەكەی و ئاستی بەرزی هۆشیاریی نووسەرەكەی كرد، ئەوە بوو گورج گرتیان و دایان بە مەحكەمە و نووسراوەكەشیان كۆ كردەوە. بەڵام بەداخەوە كورد و خوێندەوارەكانی، تەنانەت بەرەی خەباتكاریشی هەتا ئێستا پەییان بە گرنگیی ناوەڕۆك و پەیامی پێشكەوتنخوازانەی ئەم نامیلكەیە نەبردووە. مامۆستا لەسەر ئەو بۆچوونە ڕاست و دروستەی خۆی هەر سوور بوو، كە دژایەتی و ناكۆكی لەناو گەلاندا نییە و لەلای جەماوەری خەڵك نامۆیە. سەبارەت بەم باسە دەنووسێ، ((*جەماوەر لە واتای ئەو وشە سیحرییانە ناگەن، كە لە مادەیەكی سڕكەر زیاتر هیچی تر نین. هەرچەند بەهۆی فێركردنی بەردەوام و پروپاگەندەوە بخرێتە مێشكیانەوە.*))[11]

ڕزگاریی گەل لە نەخوێندەواری و وڵات لە ژێردەستەیی، ئامانجی پیرۆز و سەرەكیی مامۆستا بوو، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی گرتە بەر، ڕێگایەكی پڕ دەردیسەر و ئاڵۆز، بەڵام ئەو زۆر سەركەوتوانە تێی پەڕاند. مامۆستا بە دامەزراندنی گۆڤاری گەلاوێژ، گەلێك لە كێشە سەرەكیيەكانی گەلی كوردی دەرخست و تەنانەت هێندێكیشیانی چارەسەر كرد. پێش گەلاوێژ زمانی كوردی پرش‌وبڵاو و لە بارودۆخێكی یەكجار نالەباردا بوو، خەڵكێكی زۆر هەبوون لە

[11] هەمان سەرچاوە، ل. ٣١.

پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، هەستیان بەوە نەدەکرد کە کوردیش خاوەنی زمان و ئەدەبی تایبەت بە خۆیەتی. گەلاوێژ، نەك هەر زمانەکەی بژار کرد و کردی بە زمانێکــی زیندووی هاوچەرخ، بەڵکوو یەکەم بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردیی دانا. لەم گۆڤارەدا، کوردی سووریە (قەدری جان و... )، کوردی کرماشان (سەید تاهیری هاشمی، ئیبراهیمی نادری و یەدوڵڵای کەلهوڕ)، کوردی سنە (ناسری ئازادپوور) و کوردی موکریان "دڵشاد ڕەسووڵی" بە یەك زمان دەیاننووسی. ئەم کوردییەی ئێستا هەموومان پێی دەنووسین و پێی دەخوێنینەوە، بە واتایەکی تر زمانی نووسینی شیعر و ئەدەبی ئەمڕۆی گەلی کورد، بنچینەکەی ئەو زمانەیە وا گەلاوێژ دایڕشت و پەرەی پێ دا[١٢].

گۆڤاری گەلاوێژ، بە چەشنێکی دیار و هۆشیارانە پەرەی بە شیعرنووسین دا و هاندەرێکی باش بوو بۆ دەرخستنی گەلێگ شاعیر و نووسەری نوێخواز و لێهاتوو. لە بواری چیرۆکنووسیندا ڕۆڵی گەلاوێژ داهێنەرانە و پێشکەوتنخوازانە بوو. باشترین چیرۆکەکانی مامۆستا خۆی لە نووسین و وەرگێڕان، بۆ یەکەم جار لەم گۆڤارەدا بڵاو بوونەوە و بوون بە سەرمەشقێك بۆ نووسەرانی لاو و تازە پێگەیشتوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٢] لەسەر گۆڤاری گەلاوێژ بڕوانە: محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێش خستنی ئەدەبی کوردیدا. ماستەرنامە، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، (٢١٠ل).

له مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، گۆڤاری گەلاوێژ باشترین و بەتەمەنترین گۆڤار بوو. گەلاوێژ، جگە لەوەی بواری لە بەردەم داهێنەراندا ڕەخساند، بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمیان و گەیاندنی دەنگیان، بە هەمان شێوە پردێکی باشیشی دروست کرد بۆ گەیاندن و ناساندنی ئەزموونی ئەدەبی میللەتانی تر، ئەویش لە ڕێی وەرگێڕانەوە کە مامۆستا خۆی پێشەنگی ئەو ئەزموونە بوو.

هیچ گومان لەوەدا نییە، کە مامۆستا هەر لە هەرەتی لاوییەوە ئاشنای ئەدەبیاتی جیهانی و بەتایبەت ئەدەبی ڕیالیستیی سوسیالیستی و نووسەرانی بەرەی پێشکەوتنخوازی سەدەی نوزدەیەم و هاوچەرخی خۆی بووە. زمانی ئینگلیزیی دەزانی و لە ڕێگای ئەم زمانەوە زۆر چیرۆك و نووسراوی باشی دەخوێندەوە و جاروباریش دەیکردن بە کوردی و زوربەیانی لە گۆڤاری گەلاوێژدا لەچاپ دا.

ئەگەر بە وردی سەرنجی کورتە چیرۆکەکانی (*کوێرەوەری*)[١٣] بدەین، دەردەکەوێ ناوەڕۆکی زۆربەیان باسی ئەو کێشانەن کە کۆمەڵگای کوردەواری بەدەستیانەوە دەینالآند و گەلیان پاش خستبوو، وەك کێشەی زوڵم و زۆر لە ئافرەت ( چیرۆکی خازێ)، بەرتیل و گەندەڵی (کەرە لۆتی مەنووچەر)، خەبات و شۆڕش (تۆڵەسەندن). بەکورتی خەباتی چەوساوە و هەژاران، نەخۆشیی بیروکراتی، ڕاپەڕینی جووتیاران، گەندەڵیی سیاسی، ژیانی پڕمەینەتی ژنانی کورد

---

[١٣] ئیبراهیم ئەحمەد "بلە"، کوێرەوەی، بغداد، ١٩٤٩. ناوەندی خاك جارێکی تر لەچاپی داوەتەوە.

و کۆڕی خەبات، بنەمای سەرەکیی چیرۆکەکانی مامۆستا برایمن. لەم چیرۆکانەدا نووسەر هەوڵ دەدات چەکی ڕەخنە لەناو کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە بەو ئامانجە ببێتە هێزی ماددی و ڕەخنەی چەکدارانە لە دژی چەوسێنەران.

یەکێ تر لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی مامۆستا، *(ژانی گەل)*ە[14]، چیرۆکی درێژ یا ڕۆمانێکە کە دەکرێ بە بەردی بناغەی ڕۆمانی کوردی لەقەڵەم بدرێ. ئەم ڕۆمانە لایەنێکی خەباتی گەلی کوردە بۆ سەربەستی و لە دژی دیکتاتۆری، نووسەر دەیویست بڵاوی بکاتەوە و دەبوو لە دەستی سانسۆر ڕزگاری بکات و بیگەیێنێتە دەستی خوێنەرانی کورد، بە شێوەیەك نووسیی ناحاڵی نەزانێ ئەمە کەی و لەکوێ ڕووی داوە.

ن. گ. چرنیشفسکی (١٨٨٩–١٨٢٨) دیموکراتیی شۆڕشگێڕ، فیلسوف و ڕۆژنامەنووس و زانای ڕووس، ڕۆمانی (چ دەبێ بکەین)ی لە زینداندا نووسی، ئەویش لەبەر ئاشنایەتیی باش بە زمانی سانسۆر، بە چەشنێك نووسیی حکوومەت لە ناوەڕۆکەکەی تێنەگەیشت. لە زیندان

بنکەی ژین
www.zheen.org

[14] لەسەر ژانی گەل بڕوانە: نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)لێکۆڵینەوەی تێئوری پراکتیکی، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣(٢٥١ ل.)نامەی دوکتورا

هەروەها: محەمەد نوری ئەحمەد، بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا. ژانی گەل وەك نموونە. خاك، سلێمانی ٢٠٠٤ (٣٣٦ ل.)

بۆیان بردە دەرێو بۆشیان لەچاپ دا. ئینجا ڕۆمانەکە بوو بە کتێبی سەر مێزی هەموو شۆڕشگێڕان.

ڕۆمانی ژانی گەلیش بەسەرهاتێکی هەروای هەبوو. سەردەمێك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە نوسخەکانی دەستی هەموو کەس نەدەکەوت، لە ڕوویان دەنووسییەوە و لە کۆڕ و کۆمەڵی نهێنیدا بۆ یەکتریان دەخوێندەوە. ئەم ڕۆمانە پاشان وەریانگێڕاوە سەر زمانانی فارسی و فرانسەییش. وەك فیلمیش نمایش درا.

مامۆستا هەست و چێژی شیعریشی بە بڕشت و دەوڵەمەند بوو، هەرچەند شیعریشی زۆر نییە[15]. شیعرەکانیشی وەك چیرۆکەکانی کردە چەکێك لە دژی هەر چەشنە نامرۆڤاتییەك. ئەم شیعرانە کە لە دڵی پڕ هیوایەوە هەڵدەقوڵی، وەك یادگارێك نیشت بە دڵی هەموو کوردێکی خوێندەوار و تێگەیشتووەوە. سەرچاوەی بەشێك لە شیعرەکانی مامۆستا، دەریای بێ بنی ئەدەبی سەرزاری جەماوەری خەڵك بوو و ئەو جلوبەرگی نوێی لەبەر دەکرد و دەیداوە دەستی خەڵك، وەك:

بێ هێزی ئەژنۆم، بینایی چاوم
ئارامی گیان، جەرگم، هەناوم
یاخۆ بە جارێ چارە سەرم کە
یا لە نامەی ژین، دەربێنە ناوم

بنکەی ژین
www.zheen.org

[15] عومەر مەعرووف بەرزنجی شێعرەکانی مامۆستای کۆکردوەتەوە: برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعریەکانی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك،، سلێمانی ٢٠٠٧( ١١٣ لاپەڕە)

ژنانی زەحمەتکێش و چەوساوەی شاری سنە کە بە کاری تەونەوە خەریك دەبوون و هەموو هێز و توانایی خۆیان لەم ڕێگایەدا بۆ ژیانێکی ساکارانە وەك شەم دەسووتاند، کاتێ کوڵی دڵیان هەڵدەچوو، بەم چەشنە دەیانچریکاند:

حەکیمێ بێنن دەس لە دڵم نێ
یا خاسم کاتەو یا لە گڵم نێ

بێشك مامۆستا ئاگای لەم جۆرە شیعرانە بووە[١٦].

ژیانی پڕکارەساتی مامۆستا، ڕاکردن، خۆشاردنەوە، ژینی دوورخراوەیی، زیندان و پەنابەری، بەهرە و توانایی سەرسوڕهێن و داهێنەری لە بواری شیعر و نووسیندا تووشی گرفت و وەستان کرد، زۆر شتی لە سەر ژیانی خۆی و زۆرداریی حکوومەتی عێراق نووسیبوو، بەڵام پێش لەچاپدانیان تەفر و توونا کران. هێندێکیشی لەبەر بێدرەتانی هەر بە دەسنووس ماونەتەوە، وەك (ژیان و خەبات). چەند دانەیەکیش لەم دواییانەدا هەلی بڵاوبوونەوەی بۆ هەڵکەوت. وەك (*دڕك و گوڵ*)[١٧]، (*هەرزەکاری و هەژاری*)[١٨].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٦] لەسەر شیعرەکانی مامۆستا سەیری ئەم سەرچاوە بکەن: ئەڤین عەبدولقادر مەعرووف بەرزنجی، برایم ئەحمەد، دەنگی زوڵاڵی شیعری کوردییە، سلێمانی، ٢٠٠٥.

[١٧] برایم ئەحمەد، دڕك و گوڵ، ناوەندی خاك ، سلێمانی، ٢٠٠١، (٢٨٢ل.)

[١٨] برایم ئەحمەد، هەرزەکاریی، بەشی یەکەم. لە بڵاوکراوەکانی خاك، سلێمانی ٢٠٠٦، (١٧٥ ل.)

مامۆستا مرۆڤێك بوو نەرم و نیان، یەكجار متەوازیع. ڕێز و حورمەتێكی زۆری هەبوو بەرانبەر بە زانین و زانا. سەبارەت بە دۆست و برادەری، بەوەفا و بەئەمەك بوو، بۆ یارمەتی و خزمەت كات و وەخت و شەرتی نەدەناسی. چیی لە دەست بهاتبایە لە پشتیوانی و میهرەبانی درێغیی نەدەكرد.

دەسبڵاو و نەجیب بوو، دەركی ماڵی لە كوردستان و لە هەندەران بەرەو ڕووی هەموو كەس لەسەر پشت بوو. دیارە حەزی لە چارەی خاین و بێئەمەك و درۆزنیش نەدەكرد.

جێگای گەلێك داخە، كە تائێستا لێكۆڵینەوەیەی زانستیانەی بەرین و فراوان و شیاو لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و تێكۆشانی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی مامۆستا بە دەستی پسپۆڕان و شارەزایان نەكراوە. ڕەنگە هۆی ئەم بۆشاییە تا ڕادەیەك بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتیی خودی مامۆستا بێ، كە لە سەردەمی دیكتاتۆریدا تەنانەت ناوهێنانیشی یاساخ بوو. ئێستا هیوای ئەوە دەكرێ لە داهاتوویەكی نزیكدا لاوە خوێن گەرمە خوێندەوارەكان قۆڵی لێ هەڵماڵن و هەموو لایەنی ژیانی ئەدەبی و سیاسیی ئەم بلیمەتە كوردە بخەنە بەر باس و لێكۆڵینەوە.

تنكەی زین
www.zheen.org

مامۆستا، وڵاتەكەی كوردستانی لەڕادەبەدەر خۆش دەویست، بۆی چووە زیندان بە سەر و ماڵ شەڕی بۆ كرد، ڕاویان نا، تەقەیان لێ كرد، بەڵام قەت دەسبەرداری نەبوو و ورەی بەر نەدا و هەتا دواڕۆژی ژیانی بۆ سەرخستنی ئازادی و سەربەستیی وڵات خەباتی كرد.

له وڵاتانی پاشکەوتووی ئاسیایی و ئەفریقایی و ئەمریکای لاتین، له هەمان کاتدا که ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری نزمه، بەڵام زوڵم و زۆر وای کردووه بەری خەبات و تێکۆشان بەرین و بەربڵاو بێ، دوژمنانی گەلیش هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان ئەمەیه خەڵك له پاشکەوتوویی و نەزانیندا ڕاگرن و به هەموو شێوەیك فرییان بدەن و بەری لافاوی خەبات بگرن. له بارودۆخی وادا ئەرکی ڕووناکبیرانی بەرپرس و شۆڕشگێڕ یەکجار سەخت و گرانه. زۆر ڕووناکبیر لەم چەشنه وڵاتانەدا به دەستی خەڵك، ئەو خەڵکه وا ڕووناکبیرەکان هەوڵیان بۆ دەدەن دەکوژرێن یا به گرتن دەدرێن. مامۆستا برایمیش له کۆمەڵگایەکی وا و بۆ خەڵکێکی وا تێدەکۆشا و هەموو ژیانی خۆی لەم ڕێگایەدا بۆ خەڵك بەخت کرد، بەڵام ئەویش بوو به شوانەکەی حەق نادیاری! جاروبار وای لێدەهات که به پێچەوانەی بیروباوەڕی پتەوی بڵێ: ((من دەڵێم لەوڕۆژەوه دەستم به کاری ڕامیاری کردووه پەشیمانم. دەمتوانی نووسەر بم، دەمتوانی هۆنراوه بڵێم، شتێ بکەم بەرێکی هەبێ، ئەنجامێکی هەبێ. بەڵام، نه، ئەگەر ژیان بۆدواوه بگەڕێتەوه، هەرگیز به هیچیاندا ناڕۆمەوه[19].))

ئەوکاته که دەبوو مامۆستا چاوی به بەری ئەو باخه بکەوێ وا به ئاوی خەبات و تێکۆشانی خۆی و هاوڕێیانی، به ڕۆژانی زیندان و

[19] حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، سلێمانی ٢٠٠٢.

دەربەدریی ئاودێری کردبوو، لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/٨ دا دڵە گەورەکەی وەستا و تەرمی پیرۆزیان بۆ شارە خۆشەویستەکەی، سلێمانی هێناوە[٢٠]. وێنەی زۆر بێ و یادی نەمری پیرۆز.

**د. عەبدوڵڵا مەردۆخ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٢٠] بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستاوە، مەکتەبی ڕاگەیاندن ، ئەو کۆمەڵە وتارە وا لە لایەن کەسایەتیەکانەوە پێشکەش کرابوون، کۆی کردەوە و لە چاپی دا. بڕوانن: *یادگار و هیوا*، چەپکە *گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد. سلێمانی* ٢٠٠٠.

بنكەی ژین
www.zheen.org

## (١)

ناوم " بله" واته – ئیبراهیم –ە. باوکم ئەحەڕەشی فەتاحەڕەشی مستەفای ناوە. ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایك بووم لە بنەماڵەیەکی کاسبکار.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە، لەپاشا بۆ خوێندن چوومەتە بەغدا و لە ساڵی ١٩٣٧دا لە کۆلێجی حقووق دەرچووم و بووم بە ئەوقات (وەکیل) لە سلێمانی.

لە تەمەنی ١٢–١٣ ساڵییەوە حەزم لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆك کردووە. لە ١٤–١٥ ساڵیمەوە وردە وردە کەوتوومەتە شیعردانان و شت نووسین.

لە ١٩٣٢ەوە چەند جار وتار و شیعرم لە گۆڤاری "*هاوار*"دا بڵاو کراوەتەوە، کەوا لە شام دەر دەچوو، هەروەها لە ڕۆژنامەی "*ژیان*"یشدا کە لە سلێمانی بڵاو ئەکرایەوە بەبێ ناوی خۆم.

لە ١٩٣٣ەوە کە لە بەغدا ئەمخوێند و ئەندامی کۆمەڵی لاوان بووم کە وا ساڵانە نامیلکەیەکی دەرئەکرد، من کرام بە لێ پرسراوی

دەرکردنی ژمارەی ئەو ساڵە، منیش یارمەتیی چەند نووسەرێکی لاوی تر " *یادگاری لاوان*"م دەرکرد، کەوا پێشکەشەکەی و نزیکەی وتار و شیعرەکانی نووسینی خۆمن بەبێ نووسنی ناوم[١].

لە ١٩٣٥ەوەتا ١٩٣٧ جاروبار وتارم وەردەگێڕا لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی و لە ڕۆژنامەی "*البلاد*"دا بڵاو دەکرایەوە بە ناوی خۆمەوە.

لە ساڵی ١٩٣٧وە بەر لەوەی کۆلێجی حقووق تەواو بکەم، نامیلکەیەکم بە عەرەبی لەژێر ناوونیشانی "*الاکراد و العرب*"دا بڵاو کردەوە بە ناوی (چەند لاوێکی کورد)ەوە، لەسەر ئەم نامیلکەیە درام بە مەحکەمە.

لە ساڵی ١٩٣٩دا، پاش نزیکەی دوو ساڵ هەوڵدان توانیم ئیمتیازی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "*گەلاوێژ*" وەرگرم کە بۆ ماوەی دە ساڵ لە بەغدا بڵاو دەکرایەوە بە ڕێکوپێکی و دەگەیشتە زۆربەی خوێندەواری ئەو سەردەمە.

لە ١٩٤٢دا، بە ئامۆژگاریی چەند دۆستێك بۆ خۆڕزگارکردن لە مەترسیی گرتن، بووم بە (حاکم)، بەڵام کە حکوومەت لە١٩٤٤دا لە ڕێی هەندی زۆڵە کوردەوە پێی زانی کە من خاوەنی گۆڤاری "*گەلاوێژ*"یشم، داوایان لێکردم کە یان واز لە گۆڤارەکە بهێنم و یا لە حاکمیەتی، منیش وازم لە حاکمێتی هێنا و بوومەوە بە ئەوقات.

---

[١] بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٥ هەردوو تاقە ژمارەکەی گۆڤاری "یادگاری لاوان"و "دیاری لاوان"ی پێکەوە، بە لێکۆڵینەوەیەکەوە، لە بەرگێکدا بڵاو کردووەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

له مانگەکانی دوایی ١٩٤٤دا، بووم بە ئەندام لە کۆمەڵەی (ژ. ك) و لقی کوردستانی عێراقمان دامەزراند لە سلێمانی و من کرام بە لێپرسراوی لق و کەوتینە چالاکی و هەروەها ماینەوە تا ڕووخاندنی (کۆماری مەهاباد) و نەمانی حیزبی دیموکرات. ئەوجا لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی لقەکەمان چوومە (پارتی دیموکراتی کورد)ەوە، کە لە ١٩٤٦/٨/١٦دا دامەزرا بوو لە کوردستانی لەمەڕ عێراقدا و منیش کرام بە لێپرسراوی بەشی سلێمانیی پارتییەکە.

ساڵی ١٩٤٩، گرتیانم و پاش سێ‌چوار مانگ دایانم بە مەحکەمەی عورفی لە بەغدا و بە تۆمەتی دەسکردی ئەندامەتیم لە حیزبی شیوعیی عێراقدا حوکم درام بە دوو ساڵ حەپس و دوو ساڵیش خستنە ژێر چاودێریی پۆلیسەوە. حکوومەت ئەم حوکمدانە ناهەقەمی کرد بە بەهانە بۆ داخستنی گۆڤاری "گەلاوێژ"یش لە مانگی ئاغستۆسی ١٩٤٩دا.

لە مارتی ١٩٥١دا ماوەی حەپسی یەکەمم تەواو کرد. هێشتا لە بەغدا بووم، بە نهێنی کونگرەسی دووەمی پارتیمان بەست، کە لەپێشەوە خۆی بۆ ئامادە کرابوو بە نیازی ڕێکخستنەوە و چالاکی دەستپێکردنەوەی پارتییە هەڵتەکێنراوەکەمان. کۆمیتەیەکی ناوەندیی کاتی دانرا بۆ بەجێهێنانی ئەم کارە و دانانی ڕوونووسی پرۆگرام و بیرۆیەکی نوێ بۆ پارتی. سەرکردایەتیی ئەم لیژنەیەیان دا بە من لەگەڵ ئەرکی ئامادەکردنی پێڕەو و پرۆگرام.

بنکەی ژین
www.zheen.org

له سەرەتای ساڵی ١٩٥٣دا بە نهێنی لە کەرکووك، کونگرەسی سێیەمی پارتی بەسترا و پرۆگرام و پێڕەوی تازەی بۆ دانرا و ناوی کرا بە "پارتی دیموکراتی کوردستان" و کۆمیتەیەکی ناوەندیی بۆ هەڵبژێردرا و منیش کرام بە سکرتێر.

بە درێژایی ساڵانی ١٩٥٣ تا ١٩٥٨ بەیاننامە و نووسینی گۆڤارەکانی پارتی کە بە نهێنی دەردەچوون، من دەمنووسین کە ئۆرگانی یەکەمی پارتی ناوی "*ڕزگاری*" و هی پاش ئەو ناوی "*خەباتی کوردستان*"بوو.

لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی، چووم بۆ چیکوسلۆڤاکیا بۆ هێنانەوەی مەلا مستەفا بەرزانی سەرۆکی پارتیەکەمان و لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨دا پێکەوە گەڕاینەوە بەغدا.

لە ساڵی ١٩٥٩دا چیرۆکێکم بە ناوونیشانی "*کوێرەوەری*"یەوە بڵاو کردەوە، کە بریتی بوو لە هەڵبژاردەی هەندێ لەو چیرۆکانەی کاتی خۆی لە گۆڤاری گەلاوێژدا نووسیبووەمن. هەر لەوساڵەدا ئیمتیازی ڕۆژنامەی "*خەبات/ النضال*" م لە عەبدواکەریم قاسم وەرگرت و ناوبەناو بە کوردی و بە عەرەبی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تێکڕا چەند ژمارەیەکمان لێ بڵاو کردەوە.

لە شوباتی ١٩٦٠دا حکوومەت بە ڕەسمی ئیجازەی ئاشکراکردنی پارتیی داینێ بە ناوونیشانی "پارتی دیموکراتی کوردستانی"یەوە و لە

مایسی ١٩٦٠دا یەکەم کۆنگرەسی ئاشکرای پارتی لە بارەگای پارتی لە بەغدا گیرا و پێڕەو و پرۆگرام پەسەند کرا و کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و مەلا مستەفا بە سەرۆك و من بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردراین. ئیتر ڕۆژنامەی خەبات / *النضال*، بوو بە ئۆرگانی ڕەسمیی پارتیەکەمان و هەتا شوباتی ١٩٦١ بە ڕێکوپێکی ڕۆژانە بڵاو ئەکرایەوە بە عەرەبی و هەفتەی جارێکیش بە کوردی، ئەگەر بمپەرژایە بە زۆری سەروتار من ئەمنووسی. لە مانگی شوباتدا حکوومەت ئەمری گرتنی منی دەرکرد و منیش خۆم شاردەوە و ئەم ونبوونەی منی کردە بەهانە بۆ داخستنی ڕۆژنامەکە.

هەتا ئەیلوولی ١٩٦١ بە نهێنی کاروباری سیاسیم ئەکرد لە بەغدا، ئینجا بۆ بەستنی کونفرانسێکی پارتی، بە دزییەوە چوومە سلێمانی. لەو مانگەدا هێرشی لەشکری عیراق بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. زۆربەی ئەندامانی پارتی دژی شەڕ بوون بەتایبەتی لەوکاتەدا کە هێرشی سپای عەبدولکەریم قاسم شووڵی لێ هەڵکێشا. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا بڕیاری دا کە نەك هەر هاوبەشی شۆڕش بکا، بەڵکوو ئەرکی هەڵسووڕانیش بگرێتە ئەستۆی خۆی. منیش پاش چەند مانگێ چالاکیی نهێنی لە سلێمانی، بڕیار درا بچمە شاخ و لەوێ مامەوە وەك سکرتێری پارتی تا ١٩٦٤. بۆیە زۆربەی بیاننامە و وتاری سەرەکیی "خەبات" من ئەمنووسین، ئەگەر لە سەفەر نەبوومایە.

لەپاش ڕێکەوتی مەلا مستەفا لەگەڵ حکوومەت لە ١٩٦٤دا، بەبێ ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، ئیتر پارتی بوو بە دوو کوتەوە، مەکتەبی سیاسی و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەلایەك و مەلا مستەفا و دەستەودایەرەشی لەلایەکی ترەوە. دوای ئەمە مەلا مستەفا کۆنگرێسێکی تایبەتی گرت و کۆمیتەی ناوەندیی بۆ دانا و بە یارمەتیی هێزی حکوومەت و هەندێ عەشیرەت پەلاماری شوێنەکانی پارتیی دا، ئێمەش بە ناچاری کشاینەوە بۆ سنووری ئێران و لەپاشا بە پەنابەر قبووڵ کراین لە ئێران و هەتا ئاغستۆسی ١٩٦٦ من لە تاران مامەوە. ئەوسا گەڕامەوە بۆ بەغدا لە سەر داوای برادەرانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و هەر کە هاتمەوە، کەوتمە تەقەلادان بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفا، بەڵام تەقەلاکانم بێسوود دەرچوون و شەڕی براکوژی هەتا ئەهات گەرمتر ئەبوو.

لە١٩٧٠دا دوای بەیانی ئادار بە چەند مانگێ لەگەڵ مەلا [مستەفا] ڕێکەوتین و من و چەند هەڤاڵێکی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی چووینە لای مەلا مستەفا و من لە چۆمان دەسبەسەر دانیشتم هەتا تازەبوونەوەی شەڕ لەگەڵ عیراقدا لە ١٩٧٤دا بە هاندانی ئیران و ئەمریکا. لەم کاتەدا من بە ماڵ و منداڵەوە بەر لە هەموو کەسێ نێردرامە ورمێ (رضائیە) و پاش چەند مانگێ بردیانینە تاران. دوای ئاشبەتاڵ، حکوومەتی عیراق زۆرم لەگەڵ خەریك بوو کە بچمەوە بۆ عیراق، ملم نەدا، ئەوجا داوایان لە ئێران کرد کە دوورم خەنەوە لە

سنوور، چونکە هەراو هوریا ئەنێمەوە لە سەرووی عێراقدا. ئێرانیەکانیش مەسەلەکەیان تێگەیاندم و وتیان ئێمە چارمان نییە ئەبێ بە قسەی عێراق بکەین بەپێی ڕێکەوتنامەی جەزائیر. ئێستا تۆ ئەبێ یا بە خاوخێزانەوە بچیتە "زاهدان "و یا ئێران بەجێ بهێڵیت. منیش ئەمیانم پەسەند کرد و هاتمە بەریتانیا و کرام بە پەنابەر و لەوساوە بە ماڵ و منداڵەوە لە لەندەن ئەژیم.

لە سەرەتای١٩٨٠دا لەگەڵ هەندێ دۆستی وەك وەهبی بەگ و کاك هاوار و چەند کەسێکی تر قسەم کرد کە گۆڤارێکی وەرزی دەر بکەین، لەپێشا بە کوردی و لەپاشا بە عەرەبی و ئینگلیزی و ئەو زمانانەی پێمان ئەکرێت. بەڵێنی هاوکارییان دا و منیش کەوتمە دەرکردنی گۆڤاری "*چریکەی کوردستان*" و پاش ماوەیەك چاپی عەرەبیشمان لێ بڵاو کردەوە بە ناوونیشانی "*صرخة کوردستان*"ەوە هەمووی بەسەریەکەوە (١٦، ١٧) ژمارەیەکی بڵاو بووەوە . دوایی لەبەر ئەوەی کە ئەرکی نووسینەوە و نووسین و هەڵبژاردنی ناوەڕۆك و تایپکردن و فۆتۆکۆپیکردن و بڵاوکردنەوە و بە پۆستە ناردنیش هەمووی لەسەر شانی تەنیا خۆم بوو و جگە لە چەند کەسێك کە بە سەخاوەت یارمەتییان ئەدا، زۆربەی خوێندەواران پارەیان نەئەنارد و هەندێ جار کرێی پۆستە ئەگەیشتە نرخی گۆڤارەکە، ئەمە لەلایەك. لە لایەکی تریشەوە نالەباری و ئاڵۆزیی وەزع لە کوردستان و پەیوەندیی

دژانەی هێزە نیشتمانیەکانی وڵات، هێنامیانە سەر ئەو بڕیارەی کە دەست لە "چریکە" هەڵگرم و بە داخەوە دەستیشم لێ هەڵگرت.

هەتا ئێستا جگە لە "*کوێرەوەری*"، تەنیا داستانی "*ژانی گەل*"[١]م بڵاو کراوەتەوە. ئەمساڵ داستانێکی کەشم لە سوید چووەتە ژێر چاپکردن، ناوی "*دڕك و گوڵ*"ە، بریتییە لە بەشی ١ و ٢ی داستانەکە، بەشی سێیەمیشی هیوام هەیە لەپاشا چاپ بکرێت. سێ داستانی درێژی کەی چاپنەکراویشم هەیە لەگەڵ " *بیرەوەریەکانم*"، بەداخەوە ٣، ٤ داستانی کەشم سەبارەت بە دەربەدەری و خۆشاردنەوە لە پۆلیس و ڕاکردن لەم شارەوە بۆ ئەو شار، لەناو چوون.

ئەمەیە کورتەی بەسەرهاتی ژیانم وەك بیرم بێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**(٢)**

١٩٨٥/١٢/١٢

برای بەڕێز وخۆشەویست کاک مەردۆخ

هەموو کاتێکتان باش. لێم ببوورن کە دیسان وەرامی نامەکەتانم دواخست، وا دیارە پێشنیان بە خۆڕایی نەیانوتووە ((پیری و سەد عەیب)).

(ئـ)– هەندێ دێڕتان لە بیرەوەریەکانی نووری شاوەیس بۆ نووسیبووم، کە لە گۆڤاری "پێشەنگ" وەرتان گرتبوو، کەوا من هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەم نەدیوە، بەڵام لەو دێڕانەی ئێوە لێتان وەرگرتووە و لە هی ئەو ژمارانەی بۆ "چریکە" هاتوون، وام بۆ دەرئەکەوێ کە ئەو بیرەوەرییانەی خوالێخۆشبوو، یا لەکاتی هەست و هۆشێکی ڕێکوپێك و باشا نەنووسرابن وەیا بەپەلە نووسرابن و مەرگی بێئەمان ماوەی بەسەراچوونەوەی نەدابێ، چونکە هەڵەی وای تیایە کە پیاو هەر شاخی لێ ئەڕوێ. وەکوو ئەوەی ئێوە لێتان وەرگرتووە کە ناهی (کچی ئیسماعیل شاوەیسی مامی بووە)، ناهی یا ڕاستتر ناهیدە

کچی شێخ سەلامی شاعیر کوڕی شێخ ئەحمەدی عازەبانی و ژنی نووری شاوەیس بووە. هەروەها لە یەکێ لەو ژمارانەدا کە لای من هەن، باسی "حەمەڕەق" ناوێکی چایچی ئەکات کە گوایە مامی من بێت... کە نووری شاوەیس و هەموو خەڵکی سلێمانی ئەزانن: من تەنیا مامێ کە بوومبێتم ناوی ڕەمزی حاجی فەتاحەڕەش بووە کە لە زەمانی عوسمانیدا زابت و لەپاشا بازرگان و مەئموور بووە... ئەم دوو هەڵەیەم بۆ نموونە بۆ هێنانەوە ئەگینا ئەوانەی هەموویان خوێندووەتەوە، ئەڵێن هەڵەیان لە ڕاست زۆرتر تیایە، بۆ بەدبەختی ئەوانەی وا بڵاویشی ئەکەنەوە، لەو مەسەلانە نازانن، تا هیچ نەبێ هەڵە ئاشکرا و زلەکانی ڕاست کەنەوە.

(ب)– لەبارەی لقی کۆمەڵەی (ژ. ك)ەوە لە کوردستانی عیراقدا، –وەکوو بیرم بێ– من لە ئاخر و ئۆخری ١٩٤٤دا بووم بە ئەندام. ئیسماعیل شاوەیس و صدیقی برای لە ئەندامە کۆنەکانی کۆمەڵە بوون. بەڵام هەرچی وەکوو صدیقی باوکی نووری شاوەیس بوو، ئەوەندەی من ئاگادارم نە لە ڕووی بیروباوەڕ و نە ڕێکخستن و نە قیادەوە چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام کوردێکی پاك و دڵسۆز بوو. بە پێچەوانەی ئەو، ئیسماعیلی برای کە زابتێکی زەمانی عوسمانی و کۆنە قایمەقامێکی عیراق بوو، پیاوێکی هەتا بڵێیت چالاك و ئازا و نەترس بوو، بە ئەندازەیەك کە زۆر کەس کردەوەکانی بە هەڵەشەیی و پێلێهەڵبڕین دائەنا، لەگەڵ ئەوەشا کە پلەی خوێندەواریی بەرز بوو و

بنکەی ژین
www.zheen.org

شارەزاییی‌یەکی زۆریشی لە ئەدەبیاتی مارکسیدا هەبوو و زۆربەی کتێبەکانی مارکس و لینین و ئەوانی خوێندبووەوە، بەڵام بەداخەوە پەروەردەبوونی لە قوتابخانەی تورکدا و دوورکەوتنەوەی لە وڵات بۆ ماوەیەکی زۆر بوونە هۆی ئەوەی کە نە لە قسەکردن و نە لە نووسیندا، کوردیەکەی نزیك بەدڵ و خۆش و ڕەوان نەبێ. بەڵام ئەمەندە دڵی پڕ و مێشکی پاراو بوو، هیچ شتێ لەمانە ڕێی چالاکیی لێ نەئەگرت و هەمیشە هەر خەریکی کوردایەتی بوو و لەناو ئەندامەکانی کۆمەڵە و ئەو کوردانەدا کە دەماریان ئەناسی، حورمەت و ڕێزێکی تایبەتی هەبوو.

لە ئەندامەکانی چالاکی کۆمەڵە یەکێك هەبوو ناوی "عوسمان شەریف ئەفەنی موختار" بوو کە بە "عوسمان دانش" ناوی دەرکردبوو. من خۆم لە ڕێی ئەم لاوەوە پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵە پەیدا کرد و بووم بە ئەندام و لام وایە زۆربەی ئەندامەکانی تا ئەو ساتی کۆمەڵەش هەموو بە چالاکی و تێکۆشانی ئەو بووبوونە ئەندام. خۆی پلەی خوێندەواری ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە چالاکیی کوردایەتی و دڵسۆزیدا گوڵی ئەکرد. دوو ئەندامی کەی چالاك و فیداکار کە لەکۆمەڵەکەدا دیمن، یەکێکیان "سامی" ناوێك بوو، خەڵکی ئامێدی لە دایرەی مەعاریف کاری ئەکرد (لە ڕێگەی ئەوەوە لقەکەمان توانیی چەن سەد ژمارەیەك کتێبی کوردی کە بۆ فێرکردنی مناڵان پێویست بێت، بە هۆی برایەکی مەهابادییەوە کە لەوێ دەرمانخانەی هەبوو و بەو بۆنەیەوە هاتۆچوی سلێمانیی ئەکرد، بنێرێت بۆ مەهاباد)، هەروەها

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم کاك سامی‌یە تایپیستیش بوو لە تایپکردنی گۆڤارەکەمانا کە ناوی "دەنگی ڕاستی" بوو و بە نهێنی تەنیا (٣) ژمارەی لیٚ بلاٚو کرایەوەو من لێپرسراوی نووسین و دەرکردنی بووم. ئەندامە زۆر چالاکەکەمان محەمەد عەلی مەدهۆشی شاعیر بوو کە دووکانی جلدروونی هەبوو وە دووکانەکەی کردبوو بە یانە بۆ چالاکیی سیاسی.

کە من بووم بە ئەندام، کۆبوونەوەیەکمان کرد لە ماڵی مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس و لیژنەیەکمان هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لقەکەمان. کە وەك بیرم بیٚ ئەو برایانە لەگەڵ فایق بێکەسی شاعیر و زەکیە بابان کچێکی (موعەللیمە) ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون. دوای دروستبوونی ئەم لیژنەیە، چالاکیی لقەکەمان پەرەی سەند. لە کەرکووك و بەغدا و کفری و هەڵەبجە و شەقلاٚوە و ڕانیە و پێنجوێن ئەندام و ڕێکخستنیان پێکەوە نا. لەوانەی ناویانم بیر بێت: لە کەرکووك شێخ حسێن سەید ئەحمەدی خانەقا و لە کفری عەتا تاڵەبانی و لە بەغدا کەمال حاجی کە ئەندام بوون...

یەکەم پەیوەندیی ڕەسمیی لیژنەکەی لق لە سلێمانی بە مەهابادەوە، نامەیەك بوو کە تیایا هەندیٚ گۆڕین لە پرۆگرام و پێڕەوی کۆمەڵەدا بەرچاو خرابوو، کە پێکهێنانیان بە زوویی زۆر بە پێویست ئەزانرا بۆ گەشەکردنی کۆمەڵە لە گشت پارچەکانی کوردستان، ((مافی ئەوەیان بدرێتیٚ کە بەپێی هەلومەرجی خەبات و شوێنەکەی خۆیان جۆری ڕێکخستن و پەیوەندی و چالاکیی سیاسی خۆیان هەڵسووڕێنن،

جگە لەمەش، هەر ساڵە یا چەند ساڵ جارێك كۆنگرەیەك لە مەهاباد بگیرێت بۆ هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوەی كار و چالاكیەكانی پێشوو، ڕێوشوێن دانان بۆ ڕاستكردنەوەی هەڵە و بۆپێشەوەبردنی خەبات. وە لە یەكەم كۆبوونەوەی ئەم كۆنگرەیەدا پێویستە ستراتێژیكی دوور كە بریتی بێت لە ئازادی و یەكیەتیی هەموو پارچەكانی كوردستان لە سایەی ڕژێمێكی دیموكراتیی ڕاستەقینەدا بۆ كۆمەڵەكە دابنرێت و بۆ ستراتێژی نزیكیش سەربەستی بدرێ بە لقەكانی هەر پارچەیەك، كە هەر لایەنە بەپێی هەلومەرجی خۆی و پلەی بەرزی و گەشەكردنی كوردایەتی و حاڵ و ڕەوشتی دوژمنی داگیركەر تیایا، دابنێت...))

بۆ مەسەلەی چەشنی ڕێكخستنی ناوخۆی لقەكەمان، هەر زوو لە كۆمەڵەوە وەرامەمان بۆ هاتەوە كە ئەتوانین بەپێی هەلومەرجی خۆمان خەباتی خۆمان ڕێك خەین و بەڕێوەی بەرین. بەڵام بۆ ئەو بەندانەی كە پەیوەندیی بە ستراتیژییەوە هەبوو، هەتا كۆمەڵە نەگۆڕدرا بە "حیزبی دیموكراتی كوردستان" وەرامەمان لێوە وەرنەگرتن وە وەرامەكەشیان ئەوەندەی بیرم مابێ هەرچەندە كتومت وەك پێشنیارەكەی ئێمە نەبوو، بەڵام جێگەی ڕەزامەندیی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنە و لقەكە بوو.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە مامۆستا نووری شاوەیسەوە بێت، تا ئەو ئەندازەیەی كە من ئاگادارم، لەم ماوەیەدا كە باسم كرد لەوەبەولاوە كە ئەمزانی ئەندامی كۆمەڵەیە، لە ڕێكخراوی بەغدا یا

شوێنێکی کەدا هیچ چالاکییەکی وەهای نەبوە کە سەرنج ڕاکێشیٚ لەوە بەولا کە پاش ئەوەی "پارتی دیموکراتی کورد" لە عێراقدا دامەزرا، خۆی و صدیق شاوەیسی باوکی بە پێچەوانەی بڕیاری لق وازیان لە کۆمەڵە هێنا و چوونە پارتییەوە وە لە ماوەی ١٩٥١–١٩٥٨دا ئەندامێکی چاك و چالاك و دڵسۆز و پێشکەوتنخوازی پارتی و زۆر جار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یا مەکتەبی سیاسی بوو، وە لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزەوە هەتا ناکۆکیی نێوان کۆمیتەی ناوەندی و بەرزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و یەکێك بوو لەو ئازا و لێبوردووە دڵسۆزەکانی پارتی و لەو ناکۆکییەشدا لایەنی پارتیی گرت و دژی هەڵوێستەکانی مەلا [مستەفا] بوو و زۆر زیاتر لە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لایەنگری ئەوە بوو کە بە چەك ناکۆکیەکە لەگەڵ مەلا [مستەفا] چارە بکرێت و لە چالاکیی دوای هەڵگەڕانەوەی لە پارتی کە لە ١٩٦٦ەوە دەست پیٚ ئەکات، ئاگادارییەکی ئەوتۆم نییە. هەرچەندە هەمیشە هەر خۆی بە شوێنکەوتوو و هەڵگری ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستانییەکەی پێش هاتنەوەی مەلا [مستەفا] نیشان ئەدا.

یەکیٚ لە کارە گرنگ و بەکەڵکەکانی لقی کۆمەڵە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە عێراق، ئەوە بوو کە زانیی نێوانی حیزب و مەلا مستەفا و بەرزانیەکان زۆر خراپە و قازی محەمەد براوەتە مێشکیەوە کە مەلا مستەفا پیاوی ئینگلیزە، لە ترسا دووری خستوونەوە لە خۆی وە بارزانیەکان لە حاڵێکی زۆر ناخۆشدا بەدەست

نەخۆشی و نەبوونییەوە خەریکی ئەوەن کە بە هەر جۆرێ بێت لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئاشت ببنەوە، تەنیا بەو شەرتەی حوکمی ئیعدامیان لەسەر هەڵگیرێت و ڕێگەی هاتنەوەیان بدات، تەنانەت ئەگەر بۆ بەندیخانەش بێ. بەڵام لە عەشرەتەکەیان بگەڕێت کە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

لیژنەکەمان ئەوەشی ئەزانی کە حکوومەتی عێراق و بەریتانیای ئاغای داخوازیەکەی بەرزانی هەر لە ئاسمانەوە ئەقۆزێتەوە، چونکە لە مەترسیی یەکگرتنی لەگەڵ پێشەوا و تەقینەوەی بزووتنەوەکە لە عێراقیشدا ڕزگاریان ئەکات. جگە لەمە دەنگوباسی ناو خەڵکی ئاگادار وای ئەگەیاند کە پێشەوا حاڵی زۆر شڕە بەدەست ناڕاستی و دەسکەوتخوازیی سەرەك عەشرەتەکانی کوردی ئێرانەوە، کە زۆریان بە ئاشکرا یا لەبنەوە پەیوەندییان لەگەڵ ڕژیمی شاییدا کردبووەوە. لەبەر تیشکی ئەم زانیارییانە، لیژنەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە گەڕانەوەی بەرزانیەکان زیانێکی گەورە ئەگەیەنێ بە کۆماری مەهاباد و حیزبی دیموکرات و لقەکەشی لە کوردستانی عێراق. بۆیە لیژنەکەمان بڕیاری دا کەوا هەرچی لە وزەدا هەیە بیکات بۆ پەکخستنی هاتنەوەی بارزانیەکان و باشکردنی نێوانیان لەگەڵ حیزبی دیموکرات و قازی محەمەد.

بۆ کاری یەکەم، واتە پەکخستنی هاتنەوەیان، نەهێشترا نامەکەی مەلا [مستەفا] بگات بەو کەسەی کە داوای لێکرابوو لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەوڵی بۆ بدا و لەلایەکی تریشەوە کەوتینە پیتاك کۆکردنەوە بۆ

www.zheen.org

بەرزانییەکان بە جۆرێکی نهێنی و لە ماوەیەکی کەما توانیمان پارەیەکی بەپێی ئەو ڕۆژە باشیان بۆ بنێرین کە ئەوە یەکەم جاریشمان نەبوو.

وە بۆ ڕێکخستنی نێوانیان لەگەڵ حیزب و پێشەوادا (مەزبەتە)یەکمان ڕێك خست و بە زۆربەی هەرە زۆری پیاوە ناسراو و سەرەك عەشرەتە نیشتمانپەروەرەکانی ناوچەی سلێمانی و هەولێر و کەرکووکمان ئیمزا کرد کە تیایا مەلا مستەفا و بەرزانیەکان بە نوێنەری خەباتکەرانی کوردستانی عێراق درابوونە قەڵەم و داوایان لە قازی محەمەد کردبوو کە وەك برای دڵسۆزی خۆی باوەڕیان پێ بکات و لەگەڵیان بجووڵێتەوە، چونکە ئەو ماڵوێرانی و دەربەدەرییەی بەسەریان هاتووە و ئەو قوربانییەی داویانە، هەمووی لەپێناوی دەسخستنی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد بووە و ئەو (مەزبەتە)یە لەلایەن لقەوە لەگەڵ نامەیەکی تایبەتی نێردرا بۆ پێشەوا وە ئەویش زۆر نیشتمانپەروەرانە و ژیرانە و پیاوانە تکا و ڕەئیەکەیانی قبووڵ کردبوو و لەگەڵ مەلا مستەفا ئاشت بووبوونەوە و نزیکەی (٥٠٠) توفەنگی برنەو و بەپێی پێویست فیشەك و یارمەتیی کەی دابوون و لە پاراستنی کۆمارەکەشدا دەورێکی پێ سپاردبوون و ئیتر مەلا مستەفا باسی گەڕانەوەی بە هیچ جۆرێ نەما و ئەوە بوو ئیتر لەوێ مایەوە، کە ئەم کارە دواڕۆژ و چارەنووس و دەوری مەلا مستەفای بەتەواوی ئەمدیو ئەودیو کرد، بەو جۆرەی کە بێگومان ئەیزانن.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی حەفید کە تەنیا لایەنگری کۆمەڵە بوو، لەم مەسەلەی ئیمزا

بنکەی ژین www.zheen.org

کۆکردنەوەیەدا یارمەتییەکی زۆری داین و خۆیشی نامەیەکی تایبەتی بۆ قازی محەمەد نووسی.

لە ئەندامانی کۆمەڵە (حیزبی دیموکرات)ی لقەکەمان، مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس و هاوڕێ عوسمان دانشمان بە نوێنەری نارد بۆ مەهاباد بۆ چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ پێشەوا و ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و نوێنەرانی سۆڤیتەکان لە ناوچەکەدا بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی هەلومەرجی خەباتی دانیشتوانی کوردستانی عیراق. لەپاش ماوەیەك ئیسماعیل شاوەیس گەڕایەوە، بەڵام عوسمان دانش تا دوایی لەوێ مایەوە...

(ج)– لێرەدا نوختەیەك هەیە کە ڕەنگە بیستبێتتان یا برا نووری شاوەیس لە بیرەوەرییەکەیا باسی کردبێ، ئەویش پەیوەندیی ئەم لقەی ژ. ك (حیزبی دیموکراتی کوردستان )ە لەگەڵ "پارتی دیموکراتی کورد" لە عیراقدا. حەز ئەکەم ئەم نوختەیەتان لە باری سەرنجی لقەوە بۆ ڕوون بکەمەوە.

مەلا مستەفا، وا بزانم لە بەهاری ١٩٤٥دا بوو، مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵای نارد بۆ سلێمانی. لەپێشەوە چەند ڕۆژێ لە دێی (سیتەك) لای شێخ لەتیف مابووەوە، دوایی شێخ لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە بۆ سلێمانی و منی لە هاتنەکەی ئاگادار کرد و منیش چووم بۆ لای. چونکە جگە لەوەی کە خەباتکەرێکی نەبەزی لێقەوماو بوو، دۆستێکی کۆنیشم بوو. لە ئەنجامی قسەدا بۆم دەرکەوت کە لە ماڵی شێخ لەتیفدا لەبەر

زۆریی میوان و هاتۆچوکەر و هەمیشە ئاواڵەیی دەرگاکەیان ناتوانیّ نە بەدڵنیایی لەوێدا بمێنێتەوە و نە ئەو کاروبارەی کە بۆشی هاتووە جێبەجیّ بکا. بۆیە لەگەڵ شێخ لەتیف رێك کەوتین کە بە دزییەوە خۆی بیهێنیّ بۆ ماڵی ئێمە، لەویّ نامەیەکی مەلا مستەفای دامیّ. (بە خەتە ناخۆشەکەی خۆی) نووسیبووی بۆم، کە هەوڵ بدەم هەندیّ پارەیان بۆ کۆ بکەمەوە و یارمەتیی هەمزەش بدەم لەو فرمانانەدا کە بۆی هاتووە و ببمە ئەندامی دامەزرێنەری (حیزبی دیموکراتی کورد) کە پێکەوەنانی یەکێکە لەو کارانەی کە مامۆستا هەمزەی بۆ ناردووە.

منیش ئەم مەسەلەیەم لە کۆبونەوی لقەکەماندا باس کرد وە لەپاش لێکۆڵینەوە بەگشتی دەنگ لەبارەی هاتنەوەی مەلا مستەفا و بەرزانییەکانەوە بۆ عیراق، ئەو بڕیارەمان دا و ئەو ڕیّوشوێنانەمان دانا بۆ سەرنەکەوتنی، کە لەپێشەوە باسم کردوون، وە لەبارەی حیزبی تازەشەوە گەشتینە ئەو بڕیارە کە کارێکی وەها لەباتی ئەوەی هێزی خەباتکەری کوردستان لەیەك نزیکتر بخاتەوە و کۆیان بکاتەوە، زیاتر لێك دووریان ئەخاتەوە وە لەمەش گرنگتر دامەزراندنی ئەم جۆرە پارتییانە لە هەلومەرجی ئەوکاتەدا و لە سنووری ئەو دابەشکردنەدا کە داگیرکەرانی کوردستان بەسەر گەل و نیشتمانەکەمانیاندا سەپاندووە، زیانێکی زۆر گەورە ئەگەیەنێت بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان وەك بزووتنەوەی یەك نەتەوەی کوتکوتکراو و نیشتمانێکی پارچەپارچەکراو. لەبەر ئەمە ئەبیّ ئێمە ڕەئی خۆمان بۆ حیزبی

دیموکراتی کوردستان بنووسین و داوایان لێ بکەین کە هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەو کوردە عیراقییانەی کە داوای دامەزراندنی ئەم حیزبە تازەیان کردووە، بۆ ئەوە ڕێبازی عیراقیەتی خۆیان بگۆڕن بە کوردستانیەتی و لەگەڵ ئێمە ببین بە یەك لق لە "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا بە ناوی لقی کوردستانی عیراقەوە هەروەکوو ئەوان (لقی کوردستانی ئێران) و بەپێی ئەو پرۆگرام و پێڕەوە خەبات بکرێت کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ حاڵی تایبەتی لقەکەی ئێمە قبووڵی کردووە و لەسەر ئەو بناغەیەش ئێمە ڕێکخراوەکەمان بەڕێوە ئەبەین. هەروەها بۆ لیژنەی ناوەندیمان نووسیبوو و لە حاڵی پەسەندنەکردنی ئەم ڕەئیەی ئێمەدا لەلایەن ئەوانەوە و یا ڕازیینەبوونی مەلا مستەفا بەو جۆرە حیزبە، یا موافەقەت بکەن کە (بەرە)یەکمان لەگەڵ دروست بکەن وەیا ڕەئی خۆیان چییە لەم ڕووەوە بە دوورودرێژی بۆمانی ڕوون بکەنەوە.

جگە لەمە، من نامەیەکی تایبەتیشم نارد بۆ مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد، کە دوو خەباتکەری ئازای کورد و دۆستی کۆنی منیش بوون و باوەڕێکی تەواوم بە دڵسۆزی و بیروباوەڕی کوردستانێتییان هەبوو، داوام لێ کردبوون کە لەگەڵ مەلا مستەفا خەریك بن، بەشکوو ڕازیی بکەن بەوەی کە ئەو کوردانەی دیوی عیراق کە لەوکاتەدا لە کوردستانی ئێرانن، هەستی بەرزی کوردستانێتی بخەنە پێش هەموو شتێکی تر و بەدڵ و بەگیان تێکۆشن بۆ پاراستن و پێشخستنی کۆمارە ساواکەی کوردستان و داواش لە کوردی کوردستانی عیراق بکەن کە

لەسەر بناغەی یەکێتیی کوردستان، چالاکیی سیاسی و خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیان دابمەزرێنن یا بە چوونە ناو لقەکەی حیزبی دیموکراتەوە لە عێراقدا یا بە پێکهێنانی رێکخراوێکی نوێ لە ئەندامانی ئەو لقە و ئەو کوردانە کە ئامادەی خەباتکردنن لەپێناوی یەکێتی و ئازادیی کورد وکوردستاندا.

(تێبینی)، بێگومان ئەزانن کە نە پرۆگرامی بڵاوکراوەی (ح. د. ك) و نە گۆڤار و رۆژنامەکان کە لەلایەن حیزبەوە بڵاو ئەکرانەوە، ئەم چەشنە کوردستانێتییەیان تیا دیار نەبوو، بەڵام ئەو وتار و بڵاوکراوانە دیوی دەرەوەی خەباتی حیزب بوون، کە واقیعی کوردستان و هەلومەرجی کات و شوێنەکە سەپاندبووی بەسەریانا، ئەگینا لەڕاستیدا و بەپێی ئەو نامە و بڕیارانەی کە بە هۆی تەتەری تایبەتییەوە لەگەڵ بڵاوکراوە ئاشکراکان ئەگەیشتنە ئێمە، سەرکردایەتیی حیزب بەگشتی و قازی محەمەد بەتایبەتی هەست و هۆشێکی کوردستانێتیی گشتیی بەرزیان پیشان ئەداین.

لەگەڵ ئەمەشا لام وایە جۆرە ناتەباییەك لەم ڕووەوە لە ریزەکانیانا هەبوو. چونکە هەرچەندە لە سەرەتاوە کە لقەکەمان پیشانی دا ئەتوانێ زۆر کەسی زیرەك و لێزان و شارەزایان لە خوێندەواری و سەربازی و کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بۆ بنێرێت، زۆریان پێ خۆش بوو، کەچی پاش ناردنی چەند کەسێك لەلایەن ئێمەوە و چوونی چەند کەسێکی کەش لە خۆیانەوە یا لەلایەن

ڕێکخراوە نیشتمانیەکانی ترەوە، چەند جار ئاگاداریان کردین کە لە (دوکتۆر) بەوەلا کەسی کەیان بۆ نەنێرین، لەگەڵ ئەوەشا شتێکی ئاشکرا بوو کە لە هەموو ڕوویەکەوە و لە گشت شتێکا کەموکورتییەکی زۆریان هەبوو. وە وەکوو لە قسەی هەندێ کەس بۆمان دەرکەوت، ئەم خەڵك نەویستنەیان نە لەبەر زۆریی شارەزا و لێزانیان بوو وە نە لە ترسی چوونی پیاوخراپ و جاسووس، بگرە لە گیانی خۆپەرستی و شوێــنپەرستییەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو (هەندێ ئەترسان لەوەی کە زۆربوونی کوردی لەوان شارەزاتر و لێزانتر جێ بەوان شلۆق بکات)، واتە بە خەڵکی مەهاباد. لام وایە ئەم بۆچوونە هەمووشی ڕاست نەبێ، زۆری ڕاستە و لە زۆر پارچەی کەی کوردستانا بەداخەوە ئەم هەستە ناڕەوا و ناشیرینە لە کاتی وادا خۆی پیشان داوە.

ئەنجامی ئەم تەقەلا و هەوڵانە شتێکی وەها نەبوو کە لە چەند هەفتە یان یەکدوو مانگێکیشا بە ئێمە بگاتەوە، بۆیە لە ماوەی چاوەڕوانییەکەدا برایانی لیژنەی لق بۆ خۆشکردنی زەوی، چ بۆ ئەوەی کە لەگەڵ حیزبە تازەکە ببین بە یەك حیزب و چ بۆ ئەوەی پێکەوە بەرەیەك دروست بکەین، منیان ئازاد کرد کە لەگەڵ مامۆستا هەمزە (کە جگە لە مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس کەسیان نەیانئەزانی لە ماڵی ئێمەیە) پەیوندیی دۆستانەی خۆم بهێڵمەوە. منیش هەموو هەلومەرجێکم بۆ ڕێك خست کە بتوانێ بە باشی کارەکەی خۆی جێبەجێ بکات و تەنانەت لە تەرجەمەکردنی پرۆگرامە کورتەکەشیا

یارمەتیم دا و لەسەر قسەی من وشەی (حیزب)ی گۆڕییە (پارتی) و بەم جۆرە بەشی هەرەزۆری ماوەی لە سلێمانی‌دا مانەوەی لە ماڵی ئێمەدا ئەژیا بە نهێنی. وە کە بۆ بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی (پارتی)یش ویستی بچێ بۆ بەغدا، ئۆتمۆبیلی دۆستێکم وەرگرت و لەگەڵ لێخوڕێکی جێی باوەڕ و بە هاوڕێیەتیی "مەحموود ئەحمەد" کە بە نوێنەرایەتیی شێخ لەتیف ئەهات بۆ کۆنگرە، بردمن هەتا ماڵی شەهید عەلی حەمدی لە گەڕەکی فەضل لە بەغدا و لەوێ لە ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦دا پارتییان دامەزراند وە من کە لەلایەن مامۆستا هەمزەوە وەك میوان و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بانگ کرابووم بۆ کۆبوونەوەکە، بەر لەوەی دەس بکەن بە کار، هەندێ لەئەندامانی کۆنگرەکە چ لەڕووی نەزانیی خەباتی سیاسی و کەمیی هەستی پێویستی تەبایی و برایەتیی نێوان هێزە کوردستانیەکانەوە بووبێت و چ بە هاندانی چەند ناحەزێکی کۆمەڵە (ح. د. ك) یا خۆم بووبێت، کەوتنە مقۆمقۆ لە بوونی من لە کۆبوونەوەکەدا و یەکێ داوای کرد کە من هەڵوێستی لقی کۆمەڵەیان بۆ ڕوون بکەمەوە. منیش هەندێ لەو قسانەی سەرەوەم بۆ کردن کە بە دڵیان نەبوو و هەندێك وتیان کە من ئەو ڕەئیەم بێت هەق نییە بهێڵن لە کۆنگرەکەدا دابنیشم. منیش کۆبوونەوەکەم بەجێهێشت بۆ ئەوەی ئیشەکە لە کاك هەمزە و هاوبیرەکانی تێك نەچێ بەهۆی منەوە.

دوای ئەمە لقی (ح. د. ك) لە عیراقا هەر لەسەر چالاکیی خۆی ڕۆیشت. بەڵام سەبارەت بە بەرەو ئاڵۆزی ڕۆینی حاڵ لە کوردستانی ئێراندا و پشتگریی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم لە ڕژێمی

کۆنەپەرست و دژ بە گەلی شا و دوژمنایەتییان بەرامبەر بە دوو کۆمارە ئۆتۆنۆمییەکەی ئازەربایجان و کوردستان و هەڵگەڕانەوەی زۆربەی سەرەك عەشیرەتەکانی ئێران لە کۆمارەکە، ئەم چەشنە دژوارییانە بە چەشنێ (ح. د. ك) و پێشەوا قازی محەمەدیان خست بە دەردی خۆیانا، کە ئەو چەشنە مەسەلانەی ئێمە چاوەڕوانی وەرام و بڕیاریانمان ئەکرد، لەبارەیانەوە ئەو نرخ و بایەخەیان نەما... وە ئەوە بوو ئەنجامی ئەم دژوارییانە بە لەناوچوونی کۆمارە جوانەمەرگەکەمان و لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی دووایی‌یان هات (٤٧/٣/٣١).

دوای ئەم کارەساتەی بەسەر کۆماری مەهاباد و ح.د. ك هات لقەکەی (ح. د. ك)ی عیراق بە تەنیا مایەوە و جێگەش بۆ هیچ یەکێ لەو بەڵگە بەهێزانە نەما کە توند دەستی پێوە گرتبوو لە پاراستنی سەربەخۆیی و (ئەویتی؟) خۆیا بەرامبەر بە پارتی و ڕێکخراوەکانی کەی کوردی عیراق، بۆیە بڕیاریان (دا) کە کۆنفرانس بگرن لە کەرکووك و نوێنەری سلێمانی و کۆیە و کفری و بەغدا و هەولێر و مووسڵ و شوێنەکانی کەی تیا کۆ ببنەوە، بڕیار بدەن لەسەر چارەنووسی خۆیان. دوو ڕەئی لە ناودا هەبوو :

١- هەموو بچنە پارتی کومونیستی عیراقەوە.

٢- هەموو بچنە پارتی دیموکراتی کوردەوە.

لە ئەنجامی وتووێژی دوو ڕۆژا بە زیادی یەك دەنگ ، بڕیار درا کە بچنە ڕیزی (پارتی د. کورد)ەوە لە ٩٤٧/٦/١دا.

(د)– لەبارەی ئەو تۆمەتەوە کە ئەدرێتە پاڵ قازی محەمەد کەوا پیاوی ڕووسەکان بووە، بە هیچ جۆرێك ناتوانم نەك باوەڕ، بگرە گومانیشی لێ بکەم. بەلای منەوە قازی محەمەد کوردێکی پاك و چاك و دڵسۆز بووە و هەر ئەم هەست و هۆشی کوردایەتییە پاڵی پێوە ناوە کە بەرەو سۆڤیت بچێ بەو هیوایەی کە بەشکوو کورد لەسایەی ئەوانەوە و بە پشتیوانییان بتوانێ –هەر هیچ نەبێ– هەندێ لە مافە ڕەوا سیاسی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکانی خۆی دەست بکەوێتەوە. کە هەڵوێستی دژی ئیمپریالیستانەی سۆڤیت و بیروباوەڕی مارکسییانەیان بەرامبەر بە مافی چارەنووسی گەلانی دنیا و پشتیوانیکردنیان (بەپێی توانا) لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان و نزیکی کوردستان لە سنووری سۆڤێتەوە و گرنگیی سیاسی و عەسکەریی ستراتیژیی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بۆ سۆڤیت لە باری سەرنجی دەسکەوتی خۆشیان و هەموو ئەمانە پاکانەیەکی باش و بێگەرد ئەکەن بۆ ئەو بۆچوونەی پێشەوا.

بەڵام بەداخەوە زۆر هۆی جیهانی و هەرێمی و تایبەتی و بابەتی ڕێگەیان لە هێنانە دیی ئەم ئاوات و هیوایەی قازی محەمەد و بە هەزاران ڕووناکبیری کورد گرت و ناهومێدیان کردن. لام وایە نەك قازی محەمەد، هەر سەرکردەیەکی کەی کوردیش بوایە لەو هەلومەرجەدا کە ئەوی تیا بوو، نەیئەتوانی لە سۆڤیت بەولاوە دەست بۆ هیچ هێزێکی کەی جیهانی و دەسەڵاتدار درێژ بکات، هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی کە

هەڵوێستی ئەو هێزانە و دۆستایەتییان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان زۆر دیار و ئاشکرا بوو.

جا لێرەدا سەیری ئەوە کە خۆشمان بێ یا ترشمان بێت، ئیمڕۆش دوای پێشەوا بە ۳۸ ساڵ دیسان لە سۆڤێت بەولاوە هێزێکی تر نییە کە بەبیرا بێت (ڕەنگ بێ) تا ئەندازەیەك دەستی کورد بگرێت!!

بۆ پاکانە بۆ قازی محەمەد ناڵێم هەروەکوو ڕووداوێکی مێژوویی سەرنجت ڕائەکێشم بۆ ئەو نامەیەی شێخ مەحموودی حەفید (مەلیکی کوردستان) لە ۱۹۲۳/۱/۲۰دا ناردوویەتی بۆ سۆڤێت و بە ئاشکرا دەری ئەبڕێ کە هەموو گەلی کوردستانی خواروو بەدڵ حەز بە دۆستایەتی و هاوکاریی حکوومەتی بەرزی ڕووس ئەکات و ئامادەیە ئەم دۆستایەتییە بە دڵ و گیان بپارێزێت و داوای چەکیان لێ ئەکات و پێیان ئەڵێ کە: هەموو گەلی کورد گەلی ڕووس بە ئازادکەری ڕۆژهەڵات دائەنێن، بۆیە ئامادەیە کە چارەنووسی خۆی بە هی ئەوەوە ببەستێ. ئەمە لەکاتێکا کە تەنانەت دوژمنەکانی شێخ مەحموودیش تۆمەتی پیاوی ڕووسیان نەداوەتە پاڵی. هۆی ئەم چەشنە (ڕووسبازییە) بەلای منەوە بێکەسی و بێپشتیوانی و فرە دوژمنیی کورد و ئەو ناوبانگە باشەیە کە سۆڤێت هەیەتی لە مەسەلەی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلاندا... پێشینان وتوویانە ناعیلاج سەر بە ماڵی دوژمندا ئەکات. جا باوەڕیش ناکەم لەناو کوردا یەکێك هەبێ ئەگەر سۆڤێت بە دۆستی کوردیش دانەنێ بە دوژمنی دابنێ، مەگەر کوردێکی گەوج و نەزان یا جاشی بێگانە بێ.

www.zheen.org

بۆیە بەلای منەوە ئەو تۆمەتەی ئەدرێتە پاڵ قازی ناڕەوایە و بێجێ و درۆیەکی تەواوە.

هەر ئەوەی کە پێشەوا بەر لە داگیرکردنەوەی مەهاباد لەلایەن ئێرانیەکانەوە، ڕووسەکان ئۆتمۆبیلیان بۆ نارد کە دەربازی کەن لە چنگی لەشکری ئێران و نەچوونی قازی لەگەڵیان و مانەوەی لە مەهاباددا، بەلای منەوە چەندە سەبارەت بەوە بووبێ کە خۆی بکات بە قوربانی خەڵکی بێتاوانی مەهاباد، ئەوەندەشی لەو ڕووەوە بووە کە لە ڕووسەکان دڵی ڕەنجاوە و ناهومێد بووە، چونکە ئەو هیوایەی ئەو پێیانی هەبوو (سا لەبەر هەر شتێك ئەبێ) بەجێیان نەگەیاند. ئەمە لەکاتێکا ئەگەر پیاویان بوایە ئەبوو بێسێودوولێکردن لەگەڵیان بڕۆیشتایە و ملی خۆی لە پەتی سێدارە ڕزگار کردایە.

بۆ مەسەلەی پەیوەندیی قازی و کۆمەڵەش، لام وایە ئەو پەیوەندییە ماوەیەك بەر لە پێکهاتنی (حیزب)یش هەر بووبێ، چونکە ئەو نامەیەی بۆ من هات بە ناوی قازی محەمەدەوە بوو. لەگەڵ ئەمەشا چونکە من دەستوخەت و ئیمزای پێشەوام لەو جارە زیاتر نەدیوە و لەکاتی وەرگرتنیشیا نە خۆم و نە هیچ لەوانەی چاویان پێکەوت کەمترین گومانمان لێ نەکرد و ڕووداوەکانی دواییش لەم ڕووەوە هیچ گومانێکیان نەخستە دڵمانەوە، بۆیە ئەو نامەیەش بە بەڵگەی پەیوەندیی سیاسیی پێش حیزب دائەنێم لەنێوان قازی و کۆمەڵەدا و ئەندامانی لقەکەی کۆمەڵەش زۆر جار ناویان ئەبرد. بۆ گۆڕینی

کۆمەڵەش بە حیزب بەلای منەوە کارێکی یەکجار بەجێ و باش و پێویست بوو، چونکە باوەڕ ناکرێ کە کۆمەڵە لاوی کەم تەجرەبەی ڕێکخراوێکی نهێنی هەرچەندە خوێنەواری و چاکی و پاکیشیان بێسنوور بوایە، باوەڕ ناکرێ کە بیانتوانیایە بەو ڕۆڵە هەستن کە مێژوو خستبوویە ئەستۆیان، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئەو سایەی کوردستاندا.

(ه)– ئەو بیرانەی لەبارەی "چریکە"وە بە دڵتانا هاتووە لە بەشی هەرە زۆریاندا لەگەڵتانم، بەڵام داخم ناچێ کە چارەکردنبان هێندەی هەست پێکردنیان ئاسان نییە و بۆ ئەمەش لەپێش هەموو شتێکا ئەبێ بڵێم: ڕووی نەبوونی ڕەش بێت، نەبوونی لە هەموو ڕوویەکەوە و لە هەموو شتێکدا. جارێ کەلێنی هەرە گەورە کەمیی ئەو کەسانەیە کە لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا بەشداری ئەکەن کە لە هیچ کات و حاڵێکا ژمارەیان لە (٥) تێپەڕ ناکات بە خۆشمەوە، کەوا جگە لە نووسین ئەرکی خوێندنەوەی وتارەکان و هەڵبژاردن و بژار و تیپکردن و هەڵ ڕاستکردنەوە و چاپکردن و پێچانەوە و پۆستکردنیشم بە ملەوەیە. جا وەرە دەستەنگیشی بێتە سەر. ئەمە لە حاڵێکا کە بێگومان دەرکردنی گۆڤارێك بەو چەشنەی ئێوە باسی ئەکەن و ئێمەش ئاواتەخوازین کە پێشکەشی خوێندەوارانی بکەین، پێویستی بە چەند ئەوەندەی ئێمە لێزان و خوێندەواری دڵسۆز و چالاك و سەرمایەیەکی باشیش هەیە کە لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا بۆمان هەڵناسوورێ. جا نیازم

لەم قسانە ئەوەش نییە کە بڵێم هەر ئەوەتە و پێشنیان وتەنی ((کاڵا لە قەد باڵایە))، چونکە ئەو دووسێ برا هاوکارەم و خۆشم کاڵایەکی جوانتر بە باڵای نەتەوە نەبەزەکەمان ڕەوا ئەبینین، بۆیە هەرچیمان لەدەست بێ بۆ ئەم مەبەستە ئەیکەین و هەمیشە لە لاپەڕەکانی "چریکە"شدا داوا لە برا خوێنەرەوە و دڵسۆزەکان ئەکەین کە لە یارمەتیدانی گۆڤارەکەیان درێغی نەکەن، سا ئەو یارمەتییە بە نامە و وتار بێ یا بە ڕەخنەگرتن و ڕێپیشاندان و هەڵە ڕاستکردنەوە، وەیان بە بڵاوکردنەوەی "چریکە" و دەسگرتنی، چونکە لەوان بەولاوە هیچ پشت و پەنایەکی کە شك نابات و مان و نەمان و کزی و گەشەکردنی هەموو بە دەستی ئەوانە!

بەڵام بەداخەوە هاوارەکەمان هەر ئەوەندە دەست ئەداتەوە کە لە گۆڤارەکەدا ئەیبینن. لەگەڵ ئەمەشدا وەڕس بوون و کۆڵدان بە مێشکی یەکێکماندا تێنەپەڕیوە تا ئێستە و هیوام هەیە تێشنەپەڕێ و ئەگەر برایانی وەکوو ئێوە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بەشداری بکەن لە بەرزکردنەوەی ئاست و جوانکردنی دیمەن و خۆشکردن و پڕفەڕکردنی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەیاندا، ئەوا بێگومان بە زوویی ئەو ئاواتە دێننە دی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(و)– لە مەسەلەی شیعر زۆریشا دیسان هاوبیرین. لە لاپەڕەی (١٢٣)ی ئەو ژمارەیەی "چریکە"دا کە پێتان گەیشتووە، لەم بارەیەوە لە باسی گۆڤاری "هەڵوێست"دا نووسراوە: ((ئەوەی بەلای منەوە نیشانەیەکی باشە، ئەوەیە کە "شیعر" بەشێکی کەمتری داگیر کردووە،

ئەوەشم لەبەر ئەوە نییە کە حەز لە شیعر نەکەم، یا ئەو دەورە گرنگە هەڵنەسەنگێنم کە وا زۆربەی زۆری شاعیرەکانمان دیویانە و دەشیبینن لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بەڵکوو زۆرتری قسەکەم لەبەر نرخی شیعر خۆیەتی، چونکە گومان لەوەدا نییە هەموو شتێك کە یەکجار زۆر بوو نرخی کەم ئەبێتەوە... هتد)).

براگیان!

(ز)- لەبارەی ئەو ئافرەتانەوە پرسیارتان کردبوو کە ڕۆڵیان بووە لە خەباتدا. ئەوانەی کە من ناویانم بیستووە و یا هەندێ جار لە کۆبوونەوەدا دیومن و یا چالاکییەکی دیاریان بووە لە کوردایەتیدا، تەنیا ئەم ناوانەم لەبیرە کە ناشزانم کامیان لەپێش کامیاندا هاتوونەتە مەیدان:

١- بەهیە مەعرووف، موعەللیمەیە لە خەڵکی سلێمانی ٢- ئەنجوم زوهدی ٣- ڕووناك زوهدی ٤- زەکیە بابان ٥- ناهیدە شێخ سەلام ٦- مونیرە قەفتان ٧- موعەززەز عەزیز بەگ.

زۆربەی ئەمانە موعەللیمە بوون. بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر ڕێکخراوی پارتی نهێنی بوو وە لە دەوری ئاشکراشدا ڕێکخراوی ئافرەتان پەیوەندیی بە منەوە نەبوو، هێندە لە جۆری چالاکی و پلەی کار و ڕۆڵیان ئاگادار نیم.

(ح)- بۆ کتێبی کابرای ئەمریکیش ژمارەیەکم دەست کەوت، داومە بە برایەك بۆ ئەوەی کە ئەوەندەی بتوانێ خوێندەوارانی

"چریکه"ی لێ ئاگادار و هەڵە و بۆچوونە ناڕاستەکانی بخاتە ڕوو. لێرەدا، لام وایە زانینی ڕەئی ئێوەش بە وردی بەرامبەر بەو نوختانەی لە نامەکەتاندا باستان کردبوون، یارمەتییەکی باش ئەبێ لە سووککردنی ئەرکی ئەو برایەدا کە فرمانەکەی پێسپێردراوە و دڵنیاش نیم لەوەی کە بە باشترین جۆر جێبەجێی بکا، چونکە ئەمە یەکەم جاریەتی.

ئیتر لە بڕانەوەی نامەکەما لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی، دیسانەوە داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم لە ڕووی دوواکەوتنی وەرامەکەتانەوە و هەر بژین بە سەربەرزی و خۆشی.

دڵسۆزتان

ئیبراهیم ئەحمەد

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٣)

## وتووێژ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد [*]

*پرسیار: مامۆستا زۆر سپاستان دەکەین، کە ئەم ماوەتان داوینێ هێندێ لەسەر ئێستا و ڕابردووی خۆتان و کوردستان و برێ کارەساتی تر، گفتوگۆتان لەگەڵ بکەین. دیارە ئێوە شان بە شانی نووسین، لە کاری سیاسەتیشدا بوون و پرسیار لە ئێوە یەکجار زۆرە، بەڵام بۆ ئەوە سەری باسەکە بکەینەوە، تکایە بفەرموون ئێوە لە سیاسەتەوە بە ئەدەب گەیشتن یا بە پێچەوانە؟*

وەڵام: لام وایە لە ژیانی ئەو وەختەی مندا، سیاسەت و ئەدەب وەکوو شتێك پێکەوە بوون. لە وڵاتێکدا بووین کە ناو هەر ناوی کورد بوو، باس هەر باسی کوردستان بوو. لە قوتابخانەکاندا شیعر و گۆرانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[*] ئەم وتووێژە لەلایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە لە کۆتایی هاوینیساڵی ١٩٩٤ لە ماڵی کۆچکردوو مامۆستا برایم ئەحمەد لە لەندەن بە دەنگ و ڕەنگ پێك هاتووە. ئەو فۆتۆیانەش کە مێژووی ١٩٩٤یان لەگەڵە، خۆم هەڵمگرتوون.

هەمووی لەسەر کورد و کوردستان بوون، کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکان سیاسی بوون. لەبەر ئەوە ئەوەی زیاتر سەرنجی قوتابیی ڕادەکێشا، زیاتر شیعر و ئەو کوردایەتیە بوو کە لە ناوچەکەدا هەبوو. بەڵام وەکوو یەکێ کە چالاکیی سیاسیی هەبێ، من هەتا ساڵی ١٩٣٠ هیچ چەشنە تێکۆشانێکی سیاسیم نەبوە. تەنها لە خۆپیشاندان و شتی وادا وەکو قوتابییەك بەشداریم کردووە.

لەدوای کارەساتی شەشی ئەیلوول، من و هەڤاڵەکانم، چووینە سیاسەتەوە. کاتێ زانیمان خەریکی دروستکردنی کۆمەڵەیەکن بە ناوی (*کۆمەڵی لاوانی کورد*) یا (*کۆمەڵی خوێندەوارانی کورد*)، وتمان با هەوڵ بدەین تۆڵەی شەشی ئەیلوول بکەینەوە. هێندێ لە برادەران و هەڤاڵەکانم چوون بۆ لای شێخ مەحموود، کە شۆڕشی دەس پێکردبووەوە. دوای کارەساتی شەشی ئەیلوول، ئیتر سیاسەت بوو بە شتێکی ڕۆژانە. ڕۆژێ ئینگلیز ئەهات، ڕۆژێ شێخ مەحموود، ڕۆژێ سمایل خان ئەهات و ئەچووین بەپیریەوە. لەو ڕۆژانەدا ناوی عەرەب کەم دەهات، تا ساڵی ٢٦- ١٩٢٥ بەرە بەرە ناوی عەرەبیش پەیدا بوو. لەبەر ئەوە بە باشی ناتوانم دەس نیشانی بکەم، کە ئەدەبم لەپێش سیاسەتدا دەس پێکرد، یا سیاسەتم لەپێش ئەدەبدا. بەڵام شتێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە یەکەم نووسینم لە ٣٢-١٩٣١دا بڵاو کراوەتەوە، جا دەبێ سیاسەتەکە پێشتر بووبێ.

*پ: مامۆستا ئەم چالاکییە سیاسیانە وا باستان کرد، ئایا لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵ و حیزبێکەوە ڕابەری دەکرا، یا ئێوە هەروا بۆ خۆتان دەستان پێ کردبوو؟*

و: ئەوەی پەیوەندیی بە چالاکیی قوتابیانی قوتابخانەوە بوو، پەیوەندیی بە هیچ کەسێکەوە نەبوو، لە خۆمان زیاتر. بەڵام لە ١٩٣٠-١٩٢٩ لە سلێمانی کۆمەڵەیەك دامەرزا لە خوێندەواران و گەورەپیاوانی شارەکە، داوای مافی ڕەوای کوردیان دەکرد، هەر لە خودموختارییەوە بگرە هەتا سەربەخۆیی. ئەمانە دوانزە سیانزە کەس بوون. یەکێ لەمانە مامم ڕەمزی حاجی فەتاح بوو، کە وەختی خۆی ئەندامی کۆمەڵی زانستی کورد بوو.

ئەم کۆمەڵەیە تێدەکۆشا خوێندەواری کوردی زیاد بکا و نەخوێندەواری نەهێڵێ. لەو وەختەدا کە ئینگلیز دەیەویست پەیمانی خۆی لەگەڵ عیراقدا تازە بکاتەوە و عیراق ئامادە بکا بۆ ئەندامێتی لە کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبە الامم)دا. کوردەکان ئەمەیان بە هەل زانی کە داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن و کەوتنە نامەنووسین بۆ کۆمەڵی نەتەوەکان و دەوڵەتە گەورەکانی دنیا و بەتایبەت بۆ بریتانیا. ئەمە بە کارەساتی شەشی ئەیلوول دوایی هات.

ئەمەش دەبێ بڵێم کە شەشی ئەیلوول دەستی ئەو سیانزە کەسەی تێدا نەبوو، زۆرتر ئێمە، واتە قوتابیانی قوتابخانە، دەستمان تێدا بوو.

www.zheen.org

ئێمە لە سنفی دوودا بووین، خەبەر هات قانوونێك دەرچووە کە ناوەندی بکەن بە سێ سنف. ئینجا وتیان لەبەر ئەوە مامۆستای کوردیزمان نییە کە بتوانێت دەرسی کوردی بڵێتەوە بە سنفی سێ، ئێوە دەبێ بە عەرەبی بخوێنن. ئێمە تا ئەو وەختە بە کوردی دەمانخوێند و عەرەبیمان دەخوێند وەکوو دەرسێکی وەکوو ئینگلیزی. دیار بوو بەهانەکەیان ڕاستە، چونکە ئەو کتێبانە کە دەمانخوێند هەموو بە عەرەبی بوون، مامۆستاکان دەیانکرد بە کوردی و بە ئێمەیان دەوت. لەگەڵ برادەراندا کە هەشت نۆ کەسێك بووین، قسەمان لێ کرد، وتیان باشترین شت ئەوەیە ئێمە ئەم عەیبە نەگرینە ئەستۆ، کە بڵێن لە وەختی ئێمەدا عەرەبی کرا بە زمانی ڕەسمیی قوتابخانەکان. لەبەر ئەوە لێرە بڕۆین باشە. هەموومان ڕۆیشتین بۆ بەغا.

لە بەغا چووینە سانەوی، بەڵام پێش سانەوی ئەبوو بڕیار بدەین ئەبین بە چی. من ئەمەویست ببم بە ڕۆژنامەنووس، گۆڤارێك یا ڕۆژنامەیەك دەر بکەم. لەو سەردەمەدا ئەوانەی حوقووقیان خوێندبوو، بەناوبانگترین توێژ بوون. وەزیر و مامۆستاکان و مودیر عامەکان هەموو حوقووقی بوون و نەیاندەهێشت کەس ڕۆژنامەنووس بێ ئەگەر حوقووقی نەخوێندبا. خاوەنی ئیمتیاز و مودیری بەرپرسی گۆڤار و ڕۆژنامە دەبوو حوقووقی بێ. بەڵام مامم کە هەر ئەو بوو هانی دام بخوێنم و نەبمە دووکاندارێك و یا شاگردێك، حەزی ئەکرد ببم بە پزیشك. وەلێ باوکم بڕوای بە خوێندن نەبوو، چونکە خۆی

خوێندەواریی نەبوو، نەختێ دینداریش بوو و ئەوسا بە هۆی خوێندنەوە بێدین دەرچم. جا بۆ ئەوەی بتوانم حوقووق بخوێنم، چوومە فەرعی ئاداب. لەو ڕۆژانەدا وایان قەرار دا کە ئەبێ لە دەرسی عەرەبیدا سەدی شەستی تێدا وەرگیرێ. بەڵام بۆ دەرسەکانی تر سەدی پەنجا سەرکەوتن بوو. کوردەکان وتیان ئەمە زوڵمە بۆ ئێمە، چونکە عەرەبی زمانی ئەسڵی و دایکی ئێمە نییە و ئەبێ ئەویش سەدی پەنجا بێ. کاغەزیان نووسی زۆربەی برادەرەکانم ئیمزایان کرد. هێنایان بۆ منیش، بەڵام من ئیمزام نەکرد.

پاشان کاغەزەکە گەیشتە دەستی مامۆستای عەرەبیەکەمان. ڕووی لە من کرد و وتی دەبینم زۆربەی برادەرەکانت ئەم نامەیەیانە ئیمزا کردووە، تۆ بۆ ئیمزات نەکردووە؟ منیش عەرەبیی جلْفیم نەدەزانی، بە عەرەبی فەسیح وتم مامۆستا من نامەوێ کوردێتیی خۆم بکەم بە بەهانە بۆ کەریەتیم. مامۆستاکەمان پیاوێکی بەناوبانگ بوو، ناوی بەهجەت ئەفەندی بوو، شاعیرێکی لێهاتوو بوو و تا ئێستاش هەموو عەرەب بە عەرەبی دەزانن. بەهجەت ئەفەندی هاتە نزیکمەوە، وتی بژیت و حەماسە گرتی و بۆ یەکەم جار لە تەمەنی خوێدا وتی منیش کوردم. جا ڕووی کردە یەکێ لە ڕەفیقەکانم کە ناوی عارف تاڵەبانی بوو و کاغەزەکەی ئیمزا کردبوو، وتی گوێ بگرە عارف لەمەولا ئەگەر تۆ بایی ٥٩ نومرە بنووسیت، نایکەمە ٦٠ بۆت، بەڵام ئەگەر ئیبراهیم بایی ٤٩ نومرە بنووسێت، بۆی دەکەم بە ٦٠. یەکێك وتی

مامۆستا جا ئەمە عەدالەتە؟ وتی بەڵێ عەدالەتە، کە نازانێ عەرەبی بخوێنێ بۆ هاتووەتە ئاداب؟ وتیان خۆ ئەویش هەر وایە. وتی ئەو دیارە هەوڵ دەدا کە عەیبی ئەوەی نەیەتە سەر لەبەر ئەوە کوردە عەرەبی نازانێ، ئەوە نییە خۆی وا ئەڵێت؟

لەپێش ئێمەدا، *کۆمەڵی لاوانی کورد* هەبوو، ئەم کۆمەڵە هێندێ چالاکیی هەبوو، وەکوو پارەکۆکردنەوە بۆ قوتابیانی لێقەوماو. لە قوتابخانەشدا ساڵێك ڕەسمێکیان دەگرت و نامیلکەیەکیان بڵاو دەکردەوە، کە گەیشتە دەوری ئێمە بیرمان لێ کردەوە ئەو هەوڵ و تێکۆشانە درێژە پێ بدەین. کوڕێك هەبوو ناوی فازیل تاڵەبانی بوو، بڕیاری دا سەرپەرشتیی کارەکەمان بە ئەستۆ بگرێ. وەکوو برایەکی دڵسۆز یارمەتیمانی دا و ئیشەکەی ڕێك خست. هەرکەس کارێکی پێ سپێردرا. هاتە سەر ئەو نامیلکەیە کە چۆنی دەرکەین. منیان کردە بەرپرسی ئەو ئیشە. نووسین بە کوردی لەو کاتەدا زۆر کەم بوو. سێچوار کەس هەبوون نووسیبیان، منیش چەن شتێکم نووسی و هەرکامیان بە ناوێکەوە، هیچیان ناوی خۆم نەبوون. من شتێك فێر ببووم لە ڕۆژنامەی "السياسة"ی میسرییەوە. کەسێك پرسیاری کردبوو، کە چۆن دەتوانێ بەبێ ئەوە تووشی شەرمەزاری بێ، بگاتە پایەی نووسەری و نووسینەکانی بڵاو بکرێتەوە؟ چونکە من دەترسم وتارێك بنووسم و بڵاو نەکرێتەوە و ئیتر ناهومێد بم. وەڵامیان دابووەوە کە ناوی خۆتی لەسەر مەنووسە و ناوێکی دیکەی لەسەر بنووسە. ئەمە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ببوو بە شتێك لە مێشکمدا، لەو ڕۆژەوە کەم جار دەبینرێ من شتێکم نووسیبێ و ناوی خۆمم بە دەستی خۆم لەسەر نووسیبێ. ئەوە بوو بە خوویەکی خراپ و هێندێ جار چاکیش.

بە هەر حاڵ، نامیلکەکەمان دەرکرد بە ناوی *یادگاری لاوان*. پێش ئەوە یادگاری لاوان دەربکەین، بە هۆی کوڕێکەوە بە ناوی حامید فەرەج، ئەویش لە یادگاری لاوان دا شتی نووسیوە، زانیمان گۆڤارێك لە سووریە دەردەچێ بە ناوی "*هاوار*". نازانم ئەو لە چ ڕێگایەکەوە زانیبووی. هاوار وای لێ هات لە عیراقدا لە سەد ژمارە زیاتری لێ بڵاو بکرێتەوە. من شتم بۆ ئەنووسی، هەروەها شاکیر فەتاح و حامید فەرەج. ئەم گۆڤارە خزمەتێکی یەکجار زۆری دەکرد، ئەگەر وەکوو خۆی بمایەتەوە. هاوار شتی کوردستانی سەرووی هەم بە پیتی لاتینی دەنووسی هەم بە عەرەبی، هەروەها شتی لای ئێمەشی بە هەردوو پیتەکان دەنووسی. کەڵکی ئەم کارە ئەوە بوو هەردوولامان بە باشی لە یەکتر کەڵکمان وەردەگرت، لەبەر ئەوە ئەدەبی زمانەکەمان تازە لە بووژانەوەدا بوو، بەبێ هیچ حیسابێك لە یەکتری وشەمان وەردەگرت. لام وایە پاش دە ژمارە ئەم شێوەیەیان گۆڕی و هەموویان کرد بە لاتینی. پاش ئەمە وابزانم لە هەموو عیراقدا سێ ژمارەی لێ سەرف دەبوو. جا ئەوە بوو دەیانزانی من دەتوانم بنووسم. وتیان با "*دیاری لاوان*" دەربکەین و دەرمانکرد. بەڵام لە ساڵی دووەمدا من وازم لە سەرپەرشتیی نامیلکەکە هێنا و زۆرتر شاکیر فەتاح دەیکرد، بە بێ

ئەوە زوربەی نووسینەکان هی ئەو بێ، نیوەی خەڵك نووسییان و نیوەکەی دیکەی هی من بوو بێ ناوی خۆم.

کە لە سانەوی دەرچووم، یەکڕاست چووم بۆ زانکۆی حوقووق. ساڵی سێهەمی حوقووق بوو، لە ۱۹۳۷دا لە سووریە ڕیفراندومێك کرا بۆ ئەوەی خەڵکی ئەسکەندەروونە و کلیکیە ڕەئی خۆیان بدەن کە ئایا دەیانەوێ لەگەڵ تورك بژین یا لەگەڵ عەرەبی سووریە؟ لەبەر هەر هۆیەك بوو، زۆربەی دەنگەکان بۆ ئەوە بوو کە لەگەڵ تورکدا دەژین. ڕۆژنامەنووسێکی سووری کە ناوی مەعرووف ئەرناووتی بوو، ڕۆژنامەیەکی دەرئەکرد لەو وەختەدا بەناوبانگ بوو " *فتی العرب*" یان پێدەوت، لەم ڕۆژنامەدا وتارێکی نووسی بە بۆنەی ئەو ڕیفراندۆمەوە. قسەی بە کوردەکان وتبوو کە ئەگەر کوردەکان خەیانەتیان نەکردایە و ڕەی خۆیان بۆ تورکیە نەدایە، ئەسکەندەروونە و کلیکیە ئێستا بە دەست سووریە و عەرەبەوە بوو. ئەمە زۆر کاری تێ کردم، چونکە درۆیە و شتی وا نییە، کورد ڕەئی نادا بۆ ئەوە لەگەڵ تورکدا بژی، بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا کە هەمووی سێ ساڵ لەوەوە پێش شۆڕشی دەرسیم بووە و پێش نەختێکی دیکە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بووە، کە ئەو هەمووە کوشت و کوشتارەی تێدا کرا.

لەبەر ئەوە من نامیلکەیەکم نووسی بە ناوی "*الاکراد و العرب*" و بڵاو کرایەوە. هەر پاش بڵاوکرانەوەی، پۆلیس کەوتنە بازاڕ و هەموویان لە دووکانەکاندا کۆ کردەوە و بردیان. لە زانکۆ خەریکی ئیمتیحاندان

www.zheen.org

بووم، پۆلیس هات به دوامدا و گرتیانم. دوو کەسی دیکەشیان بە ناحەق تێوە گلاندبوو، بە حیسابی ئەوەی کە هاوبەشن لە نووسینی ئەو نامیلکەیەدا، چونکە لەسەر نامیلکەکە نووسرابوو (*لفریق من الشباب الکرد*). باش بوو لەوەدا پیاوەتییان کرد، هێشتیان بچم ئیمتیحانەکەم بدەم. پێش ئەوە ئەم باسە درێژە پێ بدەم با شتێك بڵێم. دوای ئەوە سەری ساڵ لە زانکۆ دەرچووین، داوایان لێ کردین ئەگەر جنسیەی عیراقیتان نەبێ، شەهادەی قبووڵتان نادەنێ. من فێری عیراقچێتی نەبووم، ئەو وەختە لەو عەقڵەدا بووم ئەگەر ئەمڕۆ عیراقێتی قبووڵ بکەم، سبەینێ دەبێ عەرەبێتیش قبووڵ بکەم. لەبەر ئەوە دەبێ یەکسەر واز لە عیراقێیەتەکە بێنم.

جگە لەوەش، لەو ساڵانەشدا خەیاڵێکی سەیرم هەبوو لەسەر زمان. وام بیر ئەکردەوە کە دەبێ زمانی پەتیی کوردی بپارێزین، چونکە هیچ شتێکمان نییە کە جیامان بکاتەوە لە خەڵکی تر لەوەی زیاتر کە بڵێین زمانەکەمان جیاوازە. بۆیە وام لێ هاتبوو لە قسە و باس و موناقشەدا کە دەگەیشتمە سەر ئەوە دەبێ وشەی عەرەبی بەکار بێنم، بێدەنگ دەبووم عەرەبییەکەم بەکار نەدەهێنا و بەزینەکەم قبووڵ دەکرد. جا با بێینەوە سەر قسەی پێشومان. کتێبی *الاکراد و العرب*، کوردایەتییێکی تۆخی تێدا نەبوو، کوردایەتییێکی بەئینساف، واتە داوای ماف ڕەوای کورد دەکا وەکوو هی خەڵکی دیکە. ئەگەر شت هەبێ ناوی بەخت بێ، لام وایە نەك هەر گیاندار بەڵکوو بێگیانیش دەگرێتەوە.

ئەم کتێبە بەدبەخت دەرچوو. لەسەری درام بە مەحکەمە لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٨دا. مامم کاغەزێکی بۆ شێخ مستەفای قەرەداغی، باوکی کامەران قەرەداغی کە دۆستی بوو، نووسی بەشکوو یارمەتیم بدات. شێخ مستەفا بردمیە لای ئەو حاکمە وا کارەکەی منی پێ سپێردرابوو. حاکم وتی من هەر ئەوەندە دەتوانم یارمەتیی بدەم ناميلکەکەمان بۆ بخوێنێتەوە (هەموو نامیلکەکە نزیکەی چل لاپەڕە بوو)، چیمان پرسیار هەیە لێی ئەکەین، بە باشی وەڵاممان بداتەوە، من شتێکم لەسەری نییە. ئەو حاکمە یەکێ لە بەناوبانگترین حاکمە پیسەکانی عێراق بوو. من و حەمزە عەبدوڵڵا و کوڕێکی دیکەش بە ناوی سمایل مەلا عەلی بە تاوانی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ڕەسمەن دراین بە مەحکەمە.

لە یەکەم دانیشتندا پێم وتن ئەمانە لەگەڵ مندا نین و ئاگایان لە هیچ شتێك نییە. حەمزە عەبدوڵڵا تۆهمەتی کۆمۆنیستیی لەسەر بوو، پێشتر گرتبوویان هیچی بەسەردا نەسەپێنرابوو، لە بەهانە دەگەڕان و دەیانەویست دیسان بیگرنەوە. بەڵام نازانم سمایلیان بۆ گرتبوو، چونکە بە ڕاستی لە هیچ شتێکدا نەبوو.

کۆمۆنیستەکان کتێبەکەی منیان بە کوردایەتی و ناسیۆنالیستانە لەقەڵەم دا و قسەی خراپیان پێدەوت. حکوومەتی عێراقیش بە جیاوازیخوازیی دانا، کەچی تەنانەت تەنیا وشەیەکیش چییە باسی عێراقی تێدا نییە. لە پاشان لە مەحکەمەدا بۆم دەرکەوت

تکەی ژین
www.zheen.org

، که لەسەر ڕاپۆرت و داوای سەفارەتی تورکیە کتێبەکە کۆ کراوەتەوە و منیش گیراوم.

گێڕانەوەی چۆنیەتی ئەم داخوازییەی سەفارەتی تورکیەش نابەجێ نییە و زۆر سەرنج ڕاکێشە. سەفارەنی تورکیە تەلەفۆن دەکا بۆ یەکێك، کە زۆر کورد ئێستا بە پاڵەوانی کوردایەتیی دادەنێن، ئەویش بەکر سدقیی عەسکەرییە. ژەنەڕاڵ بەکر سدقی، ئەو وەختە ڕەئیسی ئەرکانی جەیشی عیراقی بوو. دوای ئەوە کوودێتای کردبوو. ئەم کابرایە فڕی بەسەر کوردایەتییەوە نەبوو. سەفیری تورك تەلەفۆن بۆ ئەم پیاوە دەکات، کە کتێبێکی وا بڵاو کراوەتەوە، ئەویش ئەمر دەکا بڕۆن کتێبەکە کۆ بکەنەوە و نووسەرەکەشی بگرن. ئەم بەکر سدقی‌یە، لە مووسڵ کوژرا، بۆ؟ لەو ڕێگایەدا کوژرا، کە دەیەویست بچێ بۆ تورکیە و بەشداری لە جەژنی دامەرزاندنی کۆماری تورکیەدا بکا. ئەمەندە پەیوەندیی لەگەڵ تورکیەدا گەرموگوڕ بوو، ئەویش دەیەویست دیکتاتورێك بێ و عیراق بە عەرەب و کوردیەوە بەدەستیەوە بێ، وەکوو مستەفا کەمال لە تورکیە. سەیرتر لە هەموو ئەمەیە، هێندێ کتێبی عەرەبی کە باسی سەردەمی بەکر سدقی دەکەن، کتێبەکەی من بە هی بەکر سدقی دادەنێن. بۆ نموونە *تاریخی وەزاراتی عیراقی*، دانراوی عەبدولڕەزاقی حەسەنی، لە چاپی یەکەمیدا دەنووسێ بەکر سدقی نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە بە ناوی (*الاکراد و العرب*). لێرەدا باسی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەکات. جا شتەکەیان وا

هێناوەتەوە، کە *فريق من الشباب الكرد*، بەکر سدقی‌یە، چونکە لەو وەختە لە وەزیفەدا فەریق بووە لە عەسکەریدا. یەکدوو کەسی دیکەش لە عەرەبەکان، دیسانەوە باسی ئەوە دەکەن کە بەکر سدقی ئەیەویست دەوڵەتێکی کورد دابمەرزێنێ و ئەو کتێبە بەڵگەیە، کە دانراوی بەکر سدقی‌یە. هەر بۆ ئەوە کارەکە لە کورد تێك بدەن بە هەر بڕ و بیانوویەك بێ.

بە هەرحاڵ، کتێب لە مەحکەمەدا دەخوێنرایەوە و کابرای حاکم پرسیاری خۆی دەکرد و منیش وەڵامم دەداوە. ڕۆژێك هاتە سەر ئەوە قەرار بدەن. ئەو ڕۆژە خۆم بەختم هەبوو. کابرایەك لەپێش منەوە درا بە مەحکەمە و قەرارکەی منیان دوا خست. ئەم کابرایە لە تورکیەوە ڕایکردبوو و هاتبووە عێراق، لەوێ گرتبوویان و درابوو بە مەحکەمە، لەبەر ئەوەی پاساپورتی پێ نەبوو. حاکم (زۆر موسوڵمان بوو و کۆمۆنیستەکانیان دابووە دەستی ئەو، چونکە بە کافریانی دەزانی تاکو حوکمی زۆرتریان بداتێ)، لە کابرای پرسی بۆچی هاتوویتە ئێرە؟ کابرا وتی من لە دیاری کفرەوە هاتووم بۆ دیاری ئیسلام. وتی بۆ بێ پاساپورت هاتووی؟ وتی من پاساپورت لە کافر وەرناگرم و ناشمداتێ. تورکیە وڵاتی کفرە و حاڵی ئیسلام ئەمەیە. ئێستا ئێوە چیم لێ دەکەن بکەن، هەڵمواسن کارەکەی ئێوەم پێ خۆشترە لە ژیان لەژێر دەستی ئەم کافر و زاڵمانەدا.

www.zheen.org

حاکم ئەمری کرد سێ دینار جەزای بدرێ و بیست‌ونۆ ڕۆژیش زیندانی بۆ ببڕێتەوە. ئەگەر سی ڕۆژ زیندانی بۆ دەرچووبایە دەیانناردەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. حاکم خۆی دەستی کرد بە گیرفانیدا و دینارێکی دایە، منیش کە گوێگرم و گوایە تاوانبارم و ئێستا مەحکەمە دێتە سەر خۆم، گورج دینارێکم دا بە کابرا، مەحامیەکەشم، تەوفیق بابانی برای جەمال بابان، دینارێکی دایە.

هاتە سەر من. باسی کتێبەکەی من زۆربەی قسە بە تورکیە بوو و جگە لەوە قسەیەکی دیکەم بە کەس نەوتبوو. حاکم قەراری دا وتی ئەم کتێبە ئەوەندە دۆستانە و برایانە نووسراوە بەرانبەر بە عەرەب، حەق وابوو حکوومەت نەك هەر موسادەرەی نەکا، بەڵکوو دەبوو ئەمری دابایە لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێ بۆ بەهێزکردنی برایەتیی کورد و عەرەب. لێ پرسیم چەن دانەت لێ چاپ کردووە؟ منیش لە خۆمەوە وتم هەزار دانە. وتی دانەی چەند دەبێ بفرۆشرێ؟ (ئێمە بە دە فلس دامانابوو)، وتم لەبیرم نییە. وتی پەنجا فلس. وتی بڕۆ بۆ هەر دانە لە کتێبەکەت دەبێ پەنجا فلس وەربگری. ئەم کارەساتە و ئەم مەحکەمە و ئەم کتێبە منی بە تەواوی کرد بە پیاوی سیاسی. فرپیشم بەسەر سیاسەتەوە نەبوو. نە لە کۆمەڵەیەکدا بووم، نە لە حیزبی شیوعی، لە هیچ شتێکدا نەبووم، تەنانەت لە (هیوا)شدا نەبووم.

*پ: مامۆستا ئەی وەکوو سیاسەت و حیزبایەتی، کەی **هاتوونەتە** ناو سیاسەتەوە؟*

و: من له شوباتی ١٩٤٢-١٩٤٤دا حاكم بووم له هه‌ڵه‌بجه، له‌به‌ر مه‌سه‌له‌ی گۆڤاری "*گه‌لاوێژ*" وازم له حاكمی هێنا و گه‌ڕامه‌وه بۆ سلێمانی و كه‌وتمه خه‌بات. له‌و وه‌خته‌دا دوو براده‌ر (هه‌ردوكیان نه‌ماون، خوا بیانبه‌خشێ) مامۆستا سمایل شاوه‌یس و ئه‌وی دیكه‌یان عوسمان دانش بوو، په‌یوه‌ندییان پێوه كردم كه بچم له‌گه‌ڵیان لقێكی (ژ. ك) دروست بكه‌ین. وتم باشه به‌ڵام پرۆگرامی ژ. ك چییه و چییان ده‌وێ؟ پاش ئه‌وه‌ی كه لێیان حاڵی بووم، ڕۆژێك وتم باشه من ڕازیم. كۆبوونه‌وه‌یه‌كمان كرد. دوانزه كه‌سێك بووین، له ماڵی سمایل شاوه‌یس خڕ بووینه‌وه و لقی (ژ. ك)مان دروست كرد. هێندێك پێشنیار و پرسیارمان هه‌بوو به‌رانبه‌ر به ژ. ك و پرۆگرامه‌كه‌ی، نووسیمان و ناردمان بۆیان. پێشنیاره‌كانیان قبووڵ كرد و وه‌ڵامی پرسیاره‌كانیان داینه‌وه و منیشیان كرد به لێپرسراوی یه‌كه‌می، بۆ؟ نازانم، ڕه‌نگه له‌به‌ر ئه‌وه بووبێ حوقووقزان و مه‌حامی بووم و دیاره "گه‌لاوێژ"یشم به‌ده‌سته‌وه بوو.

له (ژ. ك)دا بووم هه‌تا ئه‌و ڕۆژه كۆماری مه‌هاباد ڕووخا. له‌گه‌ڵ (هیوا)ش به‌ینم هه‌بوو، نه به چه‌شنێكی حیزبیانه، به‌تایبه‌تی له سه‌ره‌مه‌رگیدا، له‌كاتی وه‌لانانی ڕه‌فیق حیلمی‌دا، وه‌كوو دۆستێك هاوكاریم له‌گه‌ڵ ده‌كردن و هێندێ له ئه‌ندامه‌كانی دۆستم بوون و هاتوچۆی یه‌كترمان ده‌كرد، پاشان كه‌وتینه پێكه‌وه‌نانی پارتی.

*پ: مامۆستا کۆمەڵەی (ژ. ک) زۆر بێناوونیشان کەوتووە، تەنانەت لە کتێبی زۆر شارەزایاندا ناوەکەی بە هەڵە دەنووسن، هێندێ دەنووسن (ژیانی کورد)، کۆمەڵێکیش دەڵێن (ژیانەوەی کورد) و برێکیش هەر نازانن ناوەکە چ بووە و دەنووسن ژ. ک، تکایە بفەرموون ناوی ڕاستەقینەی ژ. ک چ بووە؟*

و: کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

*پ: فەرمووتان پەیوەندیمان لەگەڵ (ژ. ک)دا گرت. دیارە ئێوە باش دەزانن ژ. ک بە داپۆشراوی دەژیا، ئێوە چۆن توانیتان پەیوەندی لەگەڵ" ژ. ک."دا بگرن؟*

و: ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەدا هەبوو، ئەو وەختە سنوور نرخی نەمابوو. شەڕی دووەمی جیهانی هێشتا نەبڕابووەوە، سنوورەکان شلۆق بوون، هاتوچۆکەر دەهاتن و دەچوون.

ژ. ک بمایە کۆماری مەهاباد بەردەوام دەبوو. هێزەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان پشتیوانییان لە ژ. ک دەکرد. حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژ. ک و هەموو چەشنە تێکۆشانێکی کرد بە شتێکی عەشیرەتی و ناوچەیی تەسک و ترووسک. بڕوام پێ بکە لە عەسکەری عیراقی لە پێنسەد کەس زیاتر، لە ئەفسەری عیراقی بیست سی کەس زیاتر، ئامادە بوون بە ڕاکردن چەکەکەی بفڕێنێ و بیبا و بچێ لەوێ خەبات بکا بۆ ئەوان. تەنیا هەواڵ و داخوازییەک کە بۆ ئێمەیان نارد، ئەوە بوو کە دوکتۆر و برینپێچمان بۆ بنێرن و بەس، ئیتر هیچی کە

مەنێرن. بۆ؟ ئەترسان لەوەی وەزیفەکەیان لەکیس بچێت. ئەیانوت ئێمە شۆڕشمان بۆ خۆمان کردووە، خۆ بۆ ئێوەمان نەکردووە. بڕوا بکە ئەمە قسەی خەڵکی ئەوێ و قسەی کاربەدەستانی ئەوێ بوو. واتە بووبوو بە شاریەتی، بووبوو بە مەهابادیەتی و عەشیرەتی. هەر عەشیرەتێك دەیەویست خۆی لەپێش بێ و هەر کار بۆ خۆی بکا.

*پ: مامۆستا تکایە نەختێ ڕوونتر بفەرموون چ تاقمێك ئەو بیر و باوەڕەی بڵاو دەکردەوە، کە ژ. ك ببێتە عەشیرەتی؟*

و: هاتنە مەیدانی قازی محەمەد و ئەوەی کە ئەو دەیەویست خەڵك لە دەوری ئەوان و عەشیرەتەکان کۆ بکرێتەوە. بەلای منەوە ئەمەش فیتی باقرۆڤـ بوو، چونکە باقرۆڤـ کوردی وەکوو کۆمەڵێك عەشیرەت پێشکەشی سۆڤێتەکان کردبوو. وەکوو ئێستا هێندێك کەس لە ئەمریکا دەیانەوێ کورد وەکوو کۆمەڵێك عەشیرەت پێشکەشی ئیدارەی ئەمریکا بکەن. هەر بەم چەشنە ویستیان کوردایەتی بە عەشیرەتگەرییەوە بنووسێنن. بە پێچەوانەی ئەو هەنگاوە کە ژ. ك نابووی بۆ پێشەوە، کە کوردایەتی لە چنگ و داوی عەشیرەتگەری و پارچە پارچەیی ڕزگار بکا.

یەکێ لەو شتانەی کە من ئێستاش شانازیی پێوە دەکەم لە (ژ. ك)دا، کوردستانیەتی ژ. ك بوو. هێندێ لە ئەندامە دڵسۆزەکانی هەتا دوایی هەر بە کوردستانییەوە مانەوە. بۆ نموونە، یەکێ لەوانە ڕەحمانی زەبیحی بوو. هاتە لای ئێمە وازی لەوە هێنا کە کوردی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئێرانە، بوو بە خەباتکەرێکی کوردی عیراقی. ناردمان بە فرمانێ بۆ سووریە، پێی نەکرا زوو بێتەوە، لەوێ بوو بە خەباتکەرێك لەناو هێزە چالاکەکانی کوردی سووریە.

من لەسەر ئەوە سوورم، کە ئەو پارچەپارچەیە چەند دوژمن چەسپاندی، خۆمانیش ئەوەندەی تر چەسپاندمان. لە دەوری ئێمەدا ئەوە نەبوو. ئێمە قەت کوردی تورکیامان لە خۆمان جیاواز نەزانیوە. هەموو شیعر و گۆرانی قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە پڕ بوون لە تەقدیس و تەقدیری ئەوان.

قارەمان قادر، فیدایی فوئاد

لە ڕێگای وەتەندا بە جەنەت بوون شاد

گۆرانی بوو و لەو سەردەمەدا دەوترا.

*پ: مامۆستا ناوی قازی محەمەدتان هێنا، لە هێندێ نووسراوەدا هاتووە و بەتایبەت لەم دواییانەدا مەلا قادری مودەڕسی، کە خۆی یەکێ لە دانەرانی ژ. ك بووە، لە وتووێژێکدا بە ڕاشکاوی وتوویە کە قازی محەمەد ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك نەبوە و داوایشیان لێ کردووە ببێ بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك و تەنانەت بردووشیانە و قسەشیان لەگەڵ کردووە، بەڵێنی هاوکاریی داوە، بەڵام قەت نەبوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ك. ئێوە لەم بارەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟*

و: من بڕوام وایە کە قازی محەمەد، ئەندام نەبوە لە کۆمەڵەی (ژ. ك)دا. ئەوان ویستیان وەکوو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، حیزبی

خۆیان دروست بکەن و عەشیرەتەکانی تێدابێ و ئەو وەختە قازی محەمەد کرا بە سەرۆکی و کارەکەی گرتە دەست و بەرەیەرە ئەندامانی دڵسۆزی ژ. ك ناویان نەما و باسیان نەکرا و ون بوون.

*پ: مامۆستا لە کۆمەڵەی (ژ. ك)دا چەن ئافرەتێك ئەندام بوون و ئەمە لە مێژووی کوردستاندا یەکەم جارە ئافرەتان بەشداریی کاری سیاسی دەکەن.*

و: بەڵێ لە (ژ. ك)ی ئێمەدا ئافرەت هەبوون و زۆریش بوون، وەکوو ناهیدەی ماڵی نووری شاوەیس، بەهیە مەعرووف و زەکیە بابان و... زۆری تێدا بوو.

*پ: لە خزم وکەسوکاری خۆتان کەسی تێدا نەبوو؟*

و: با، ڕەعنای خوشکمی تێدا بوو.

*پ: شۆڤینیستی ئێرانی پێکەوەنانی حیزبی دیموکرات و کۆماری مەهاباد بە خەیانەت و جیابوونەوەی کوردستان لە خاکی ئێران دەزانێ. کوردە ناسیونالیستەکانیش بە ئەوپەڕی نیشتمانپەروەری و یەکەم هەنگاوی گەورەی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی کوردستانی دادەنێن. ئێوە لەم بارەوە چ ڕایەکتان هەیە؟*

و: من لەگەڵ هەردوکیان نیم، بەڵام ئەگەر ئەوە بە تێکدانی ئێران حیساب بکرێ، ژ. ك ئامانجی تێکدانی ئێران بوو. ژ. ك هەست و

هۆشێكی كوردستانیی هەبوو. بۆ لە كوردستانی عێراقدا لقی دروست دەكرد؟ لە سووریە بۆ دروستی دەكرد؟ لە توركیە بۆ دروست بكرێ؟

ئێمە وامان ئەزانی لەبەر ئەوە لەشكری سوور باڵی كێشاوە بەسەریدا وەك هوما (ئەمە شیعری فایق بێكەسە، كە ئەویش یەكێ بوو لە ئەندامانی كومەڵەی ژ. ك)، ئەمە شتێكی نەمرە، لەبەر ئەوە ئێمە هێندێ پێشنیارمان بۆ ناردن و قبوولّیان كرد. ئێمە دامانانابوو ئەم لقانە كە دروست دەكرێن، لە هەموو كارێكی تاكتیكیدا سەربەخۆییەكی تەواویان هەبێ و ئێمەش بەپێی دەوروبەر و كات و ماوە و شوێنی خۆمان كار بكەین. بۆ ستراتیژی ساڵی جارێ كۆبوونەوەیەك بكرێ لە مەهاباددا و نوێنەری هەموو لقەكانی تێدا بێ و بڕیار لەسەر ستراتیژی دوارۆژی كۆمەڵەكەمان بدرێ، بەپێی ئەو ستراتیژییە تاكتیكەكان دەسكاری بكرێن، یا شتیان تێكەڵ بكرێ یا لێی لابرێ. ئەمەش بۆ ئەوە بوو، كە ئێمە بتوانین بە باشی تێكۆشانی خۆمان پەرە پێ بدەین، هەم كوردستانیەتیەكەمان نەپچڕێ و هەم بتوانین چالاكییەكەش بەپێی زرووف و هەلومەرجی خۆمان بكەین. واتە من ناتوانم ئاڵای كوردستان هەڵگرم لە عێراقدا، بەڵام ئەو ئەتوانێ لەلای خۆی هەڵیگرێ، من ئەتوانم شتێكی دیكە بكەم. ناوەندی ژ. ك ئەم پێشنیارانەی قبووڵ كرد و بە شانازییەوە هەموو چەشنە یارمەتییەكیان وەردەگرت. حیزبی دیموكرات بە پێچەوانە، كوردستانیەتی واز لێ هێنا، حوكمی زاتی یا خودموختاریی ئەویست. سەیر كە قاسملوو هەتا دوایی وازی لە

خودموختاری نەهێنا. لەو دەورەشدا (سەردەمی کۆماری مەهاباد) خودموختاری شیعاریان بوو و ئەوە هەڵەترین شت بوو. حیزبی دیموکرات نەیدەویست لە ئێران جیا بێتەوە، بە پێچەوانە، مەبەستی پاراستنی ئێران بوو لەو جیاوازیخوازییەی، کە ئامانجی کۆمەڵەی ژ. ک بوو.

*پ: مامۆستا دەی مانای کۆماری مەهاباد لێرەدا چییە؟*

و: کۆماری مەهاباد خودموختارییەك بوو و بەس. ئۆتۆنۆمییەك بوو لە نموونەی سۆڤیەت وەریان گرتبوو، وەکوو نەخجەوان و قەرەباغ. جمهووریی ناوە، ئۆتۆنۆمە و هیچیش نییە. هەموو کارەکەیان ئاوا بوو.

*پ: مامۆستا با بێینە سەر هاتنی بارزانیەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و کێشە و ناخۆشیی نێوان قازی محەمەد و مەلا مستەفا. گوایە قازی محەمەد لەپێشدا نەیویستووە مەلا مستەفا و پێشمەرگەکانی بارزانی وەرگرێ.*

و: بەڵێ نەیاندەویست وەریانگرن و لەبنەڕەتدا پێیان خۆش نەبوو جگە لە خۆیان کەس تێکەڵاوی کاروباریان بێ. لەوکاتەدا لە جێگایەك دایاننابوون، تیفۆس و هەموو چەشنە نەخۆشییەك بڵاو ببووەوە، بەشێ لە بارزانیەکان بەم نەخۆشیانە مردن، ناچار کاغەزیان بۆ لای ئێمە نووسیبوو و داوای یارمەتییان کردبوو. لەو دوو کاغەزەدا، کە بۆ ئێمە هات داخوازیەکان ئەوە بوو من یارمەتیی حەمزە عەبدوڵڵا بدەم پێکەوە حیزبێك دروست بکەین بە ناوی حیزبی دیموکراتی کورد و

دووهەمیان بۆ بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموودیان نووسیبوو، کە ئەو وەختە لە وەزارەتدا نەمابوو. داوایان لێ کردبوو هەوڵ بدات "وەصی"ی عیراق (نائب السلطنة)، چونکە مەلیك منداڵ بوو و هێشتا هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو، کاروباری عیراق بەدەست وصیی عیراقەوە بوو، ڕازیی بکات ئەو سەد و یازدە کەسە بارزانی و لایەنگرانیان کە ڕایان کردووە و حوکمی ئیعدامیان لەسەر داون، حوکمەکەیان بۆ بگۆڕدرێ و بکرێ بە زیندان بە درێژایی ژیانیان. ئەمانە ئامادەن بگەڕێنەوە و با حەبس بکرێن. ئەو بارزانیانەش کە دوور خراونەتەوە، با بگەڕێنەوە. هەروەها ئەوانەی وا گیراون لەبەر ئەوە بارزانین، بەر بدرێن و بێڵن بگەڕێنەوە جێگای خۆیان. بەم شەرتانە ئێمە ئامادەین بگەڕێینەوە بۆ عیراق.

ئەمەی کە من دەیڵێم لە ساڵی ١٩٤٦دایە. منیش وەکوو لێپرسراوی ژ. ك بە حەقی خۆمم نەزانی ئەم ئیشە بکەم، بەبێ ئەوەی بە برادەرانم بڵێم. برادەرانم کۆ کردەوە و پێم وتن کە کاغەزێکی وا هاتووە چیی لێ بکەین؟ هێندێ کەس وتیان بیدەبن و هێندێ وتیان نەیدەین. وتیان تۆ خۆت دەڵێی چی؟ وتم من دەڵێم ئەم کاغەزە حکوومەتی عیراق قبووڵی دەکات و بەمە کۆماری مەهاباد دەمرێ، چونکە ئەو وەختە قاو بڵاو ببوەوە کە شا و تاقمەکەی توانیویانە بەشی هەرە زۆری عەشیرەتەکان بکڕن و بۆ لای خۆیان ڕایانکێشن. تەنیا هێزێك کە ماوە، هێزی حەمەڕەشی خانە و ئەو کەسانەیە، کە

www.zheen.org

هەستێکی کوردایەتی پاڵیان پێوە دەنێ. ئەگەر وابکرێ بارزانی و هێزەکەی بگەڕێنەوە، لەوانەیە هەموو کارەکە هەرەس بکات.

ئەم کاغەزە نەدرێ باشە، بەشکوو کارێك بکەین کە نێوانی قازی محەمەد و مەلا مستەفا خۆش بێ، بە چەشنێك کە خێری کۆماری مەهاباد و کوردایەتیی تێدا بێ. هەموومان ڕازی بووین کە کاغەزەکە نەدەین. بەڵام چ بکەین و چۆن؟

دەبێ ئەمە بۆ مێژوو بڵێم، کە شێخ لەتیفی شێخ مەحموود یارمەتییەکی یەکجار زۆر و پیاوانەی داین، لە حاڵێکدا لەگەڵ ئێمەشدا نەبوو. شێخ لەتیف توانیی بەشێکی زۆر لە عەشیرەتەکان کۆ بکاتەوە. ئێمەش لەناو خۆماندا وتمان هەرکەس کاری خۆی پێ بسپێردرێ. من توانیم لەناو جافەکاندا هەوڵێك بدەم، لەبەر ئەوەی لە هەڵەبجە مەحامی بووم و دەیانناسیم و هیچ خراپەشیان لێ نەدیبووم. برادەرانی دیکەشمان وەکوو سمایل شاوەیس، سەدیق شاوەیس، فایق بێکەس و عەلی مەدهۆش هەر کەس بەپێی توانایی خۆی توانیمان مەزبەتەیەك بکەینەوە، کە مەلا مستەفا نوێنەری کوردی عیراقە و قارەمانێکی شۆڕشگێڕە، ئەوەی کە دەرییەڕاندووە و شکاندوویەتی، هێزی ئینگلیز بووە و لەبەر ئەوە پێویستە لە مەلا مستەفا و هێزەکەی کەڵك وەرگیردرێ بۆ ئەم کارەی کە ئێستا لەپێشە و دەبێ خزمەتی بکەن و ڕێزی لێ بگیردرێ بەرانبەر بەو کارەی دەیکا.

ماوەیەکی پێ نەچوو کاك حەمزە لە ماڵی ئێمە بوو، کاغەزی بۆ هات کە چوارسەد و نەوەد تفەنگ دراوە بە بارزانیەکان و یەکێکیشیان

به دیاری ناردووه بۆ کاک حەمزە، کە بڕنەوێکی ١٧ بوو. پاشان مەلا مستەفا بوو بە قاید، بوو بە ژەنەراڵ و بەرە بەرە هاتە پێشەوە و ئەمە کارێکی باشی کردە سەر ئەوە ئیتر مەلا مستەفا نەیەتەوە. گەرچی دەزانم یەکێ لەو گلەییانەی کە مەلا مستەفا لە منی هەبوو، ئەوە بوو کە من ئەم نامەیەم نەداوە بە بابە عەلی، کە دوای ئیشەکە بکەوێ. بە پێچەوانە، خۆمان کارەکەمان بەو چەشنە کە وتم کۆتایی پێ هێنا، بەبێ ئەوە لای کەس باسی بکەین و لە ئەندامەکانی خۆمان زیاتر کەس پێ نەزانێ. ئەوانیش وا فێر ببوون باسی شت نەکەن.

بۆ مەسەلەی پارتیش ئەوەی پێم کرا بۆم کردن، ناوەکە من خۆم گۆڕیم. جارێ پرۆگرامەکەیان وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وابوو، هەر پرۆگرام نەبوو، پانزە بیست دێڕێکی هیچوپووچ و قسەی هەڵەق مەلەقی تێدا بوو و شتی وا. کاک حەمزە خۆی کوردیی نەدەزانی بنووسێ، من حیزبەکەم بۆ کردن بە پارتی.

*پ: لەبەر ئەوەی جیاوازیی هەبێ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا؟*

و. نە، لەبەر کوردیەکەشی، حیزب جوان و خۆش دەنگ نەبوو بە گوێ. پاشان کاک حەمزە خۆی و برادەرانی هات بۆ ماڵی ئێمە و گەلێك کەس لە (ڕزگاری) و (شۆڕش) دەیانەویست ببینن و هەموو لە ماڵی ئێمە چاویان پێ دەکەوت و وتووێژیان لەگەڵ دەکرد. کاک حەمزە قاچاخ بوو و حوکمی لەسەر بوو. من خۆم ئەو و مەحموود ئازادی کە بە

نوێنەرایەتیی شێخ لەتیف هاتبوو، هەردوکیانم برد بۆ بەغدا و لە کۆبوونەوەی پارتی دامنان و ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی پارتی بوو کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا گیردرا. هاتنە سەر ئەم قسە کە کێ لەگەڵیانە و کێ لەگەڵیان نییە. لە منیان پرسی، وتم وەڵڵا من لەگەڵتان نیم، من گوێگرم، چونکە من لە حیزبێکی دیکەدام و وازی لێ ناهێنم، ئەبێ بپرسم، ئینجا ئەبێ کۆمیتەی ناوەندیی ئێمە قەرار بدات و ئێستا کۆمیتەی ناوەندیمان قەرارێکی نەداوە، بەتایبەت حیزبەکەی ئێوە کوردستانیەتی تێدا نییە. ئێمە ئەوەمان نەدەزانی کە حیزبەکەی خۆشمان ئەوەندە گۆڕاوە و ئەویش وازی لە کوردستانیەتی هێناوە. پارتیش هەروەکوو ئەو دروست کرابوو، تەنانەت موافەقەتی ئازەربایجان و سۆڤیەتیش بە ڕواڵەت وەرگیرابوو . بە منیان وت کە وایە، نابێ لێرە ئامادە بی. منیش وتم باشە بەسەر چاو و هاتمە دەرەوە.

لەشکری ئێران زەنجانی داگیر کردەوە، کابرایەك تەباتەبایی ناو لە ڕادیۆدا قسەی دەکرد و دەیوت ئەوە شارەکەمان داگیر کردەوە و داوامان لە شاهەنشا ئەوەیە لەشکرمان بۆ بنێرێ، چونکە ئەو ڕەشە پیسانەمان هەموو لەناو بردوون و شکاندوومانن، تەنیا تەعین بکا کێ فەرماندار بێ، ئیتر کەسێکی دیکەمان ناوێ. جا ئەو شەوە من چاوەڕوانی ئەوە بووم لە ماڵی خۆمان کە شێخ لەتیف بێ بۆ لامان. کوڕێك هەبوو ناوی ڕەفیق چالاك بوو، ئەم کوڕە زۆر خۆی لە شێخ لەتیف نزیك دەکردەوە و بە شیوعیش بەناوبانگ بوو. ئەیزانی شێخ

لەتیف بۆ ماڵی ئێمە دێت و ئەو پێشتر هاتبوو. من هەر گوێم لە ڕادیۆکە بوو، خەم و پەژارە هەڵیگرتم، ورتەم لەدەمەوە نەهات. پاشان هێندێ قسەم کرد باسی حاڵ و ئەو وەزعە و موسیبەتەکەم کرد، ئەو بەڵایە کە بەسەرماندا دێت و لەم چەشنە قسانە. پاشان کۆماری مەهاباد ڕووخا. ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد. چەن لقێکی باشمان دروست کردبوو، چالاکیی زۆرمان هەبوو و ئەو کوردستانیەتیە زۆر کارێکی باشی کردبووە سەر خەڵکەکە. هاتینە سەر ئەمە چی بکەین، خۆمان بمێنینەوە وەکوو ژ. ک و سەربەخۆ دەستی پێ بکەین. زۆر لە برادەران، واتە زۆرمان ئەوەمان بەدڵ نەبوو کە ئێمەش ژمارەیەك بخەینە سەر ژمارەی حیزبەکان. پێمان وابوو هەتا حیزبەکان کەمتر بن باشترە. کە واتە یا حیزبی شیوعی یا پارتی، بچینە کامیان؟ کۆبوونەوەمان کرد و لەوێدا بڕیار درا بچینە ناو پارتی.

بێگومان یەکێك لەو بەهانانەی کە وای کرد ئێران بەو هێزەوە بچێت پەلاماری ئازەربایجان و کوردستان بدات، ئەو ڕەنگ و ڕواڵەتە کۆمۆنیستیە بوو کە بە هەردوکیانەوە دیار بوو و ئەمە ئەوەندەی پەیوەندیی بە جەعفەر پیشەوەرییەوە بێ ڕاستە.

باقرۆڤی سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤیەت، ئازەری بوو و هەست و هۆشی ئازەریەتی لە کۆمۆنیستیەتیەکەی زیاتر بوو و کوردەکانی وەکوو کۆمەڵێك تایفە و عەشیرەت پێشکەشی سۆڤیەت کردبوو. جا ئەگەر پیاو لەبەر تیشکی ئەو مەعامەلەیەی کە ستالین کردی بەرانبەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە کوردەکانی خۆی، سەیری کارەکەی باقروف بکا، گورج دێتە دڵیەوە لە سیاسەتی سۆڤیەتدا کوردەکان عەشیرەتن، سەر بە ئینگلیزن، پیاوخراپن و هیچیان پێ ناکرێ و سۆڤیەت نابێ خۆی تێکەڵ بە ئاگری ئەوان بکا. لەبەر ئەوە ڕووسەکان هەمیشە نەسیحەتی کاربەدەستە کوردەکانیان وا کردووە کە دەبێ بەشێك بن لە ئازەربایجان، یەتایبەت لەو سەردەمەدا و ئێستاش مەهاباد لەسەر ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو. جا بەم پێیە کوردەکان دەبوو واز لە ئامانجەکانی خۆیان بێنن و بچنە سەر ئازەربایجان، تەنانەت بە مەهابادیان دەوت مەرکەزی کوردستانی ئازەربایجان. ئیتر لەم وەختەوە پرۆپاگاندەی کۆمۆنیستیی کوردەکان دەستی پێ کرد کە کورد کۆمۆنیستە، هەموو خوێندەواری کورد کۆمۆنیستن.

ئەفسەرێکی عیراقی هەبوو کە وەختی خۆی ئەفسەری زەمانی تورکەکان و ناوی ئیسماعیل نامیق بوو، ڕەفیقە تورکەکانی خۆی پێیان دەوت نامۆخ، واتە بێمێشك. لە سەردەمی شۆڕشی بارزانیەکاندا پارلەمانی عیراق داوای لێ کرد بچێ بارزان داگیر بکات. لە پارلەماندا خەڵك هەبوون دژی شەڕ و زۆر بوون و دەیانوت بەشکوو کارەکە بە وتووێژ و ئاشتی چارەسەر بکرێ، بەڵام هەشبوون دەیانوت دەبێ ئەمانە لەناو ببرێن و پاشماوەیان نەمێنێ. بەڵگەیان چی بوو؟ دەیانوت ئەمە داوی کۆمۆنیزمە و کۆمۆنیزم ئەم هەڵەی ڕەخساندووە و کۆمۆنیزم خەتەرە. کە کۆماری مەهاباد و ئازەربایجان پەیدا بوو، ئەم ئەفسەرە لە قسەکردنێکدا، کە لە پارلەمانی عیراقدا کردبووی، وتبووی، ئەبینن

ئەو کەسانە چەن غەڵەت بوون کە دژی ئەوە بوون ئێمە شۆڕشی بارزان لەناو بەرین. ئەگەر شۆڕشی بارزانمان لەناو نەبردایە لەپێش پەیدا بوونی کۆماری مەهاباد، ئێستا لە تارانەوە هەتا ئەسکەندەروونە یەك ئاگری کوردایەتی بوو و بڵێسەی ئەکرد. لەبەر ئەوەیە ئێمە دەبێ بیری کوردایەتی خاشەبڕ کەین، چونکە ئەمە بیر و باوەڕی کۆمۆنیستییە.

من خۆم تەقریرێکم خوێندووەتەوە، ئەم تەقریرە بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموود بۆی ناردبووم. کارەکە وا دەبێ جارێك بابە عەلی دەعوەتێك دەکا بۆ کابرایەکی ئەمریکی لە سلێمانی. ئەم کابرایە گوایە هاتبوو لە عیراق شتێکی کولتووری و گۆڤارێك بە عەرەبی و کوردی دروست بکا، هەر بەم بۆنەوەش ئەم دەعوەتەی بۆ کرابوو. من کە دۆستی بابە عەلی بووم بانگ نەکرابووم، کەچی خەڵکی زۆر بانگ کرابوون و هەموو دەیانزانی ناحەزی بابە عەلین. ڕۆژێك عوزری بۆ هێنامەوە، وتی حەزم ئەکرد بانگت بکەم، بەڵام لەبەر ئەوە تۆ بە شیوعی دەناسرێی ئەم کارەم نەکرد. جا سەیر کە منیش بە کۆمۆنیست دەزانرام. بەڵێ کابرای ئەمریکی گەڕایەوە و تەقریرێکی نوسیبوو، سێ لاپەڕە بوو، نازانم هەمووی چەن لاپەڕە بوو، بەڵام بابە عەلی سێ لاپەڕەی بۆ من ناردبوو، لەم تەقریرەدا کابرای ئەمریکی باسی ئەو میللەتانەی کردبوو کە دواڕۆژیان نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکەمیان ئەرمەنی، دووهەمیان کورد و سێهەمیان ئاسووری بوو.

لەسەر کورد نووسرابوو ئەوەی پێی دەڵێن کوردایەتی، بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستییە. هەموو خوێندەواری کورد پڕۆکۆمۆنیستن، ئەگەر کۆمۆنیستی تەواو نەبن. جگە لەمە دروستکردنی کوردستان مانای ئەوەیە سنووری ئێران و عیراق و تورکیە دەبێ تێك بچێت و ئەمە ئەم سێ دەوڵەتە تووشی زەرەر دەکا، کە دوانیان دۆستی هاوپەیمانەکەمان بریتانیان (لەو وەختەدا ئێران و عیراق لەگەڵ بریتانیادا بوون)، ئەوی دیکەشیان هاوپەیمانی خۆمانە کە تورکیایە و ئەو دەوڵەتەش کە دروست دەکرێ بە ناوی کوردایەتییەوە، زۆر کەم گومانی تێدا هەیە کە نەبێ بە کۆمۆنیست و دیارە نابێ بە دۆستی ئێمەش. لەبەر ئەمە ئێمە نابێ ئەم کارە بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی سۆڤیەت نەتوانێ کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ئیش لە ئێمە تێك بدات، دەبێ هەوڵ بدەین پەیوەندیی دۆستانەمان هەبێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، بۆ ئەوەی شتی ئینسانی بۆ کورد بکەن و ئەو زوڵم و زۆرە کە بە کورد دەکرێ کەم بکرێتەوە. ڕێگاوبان و قوتابخانەیان بۆ بکرێ، خەستەخانەیان هەبێ و بە زمانی خۆیان بخوێنن، لەمە زیاتر بە هیچ نەوعێ نابێ ڕێگە بدرێ سنوور بگۆڕدرێ.

با شتێکی دیکەشتان بۆ بگێڕمەوە کە هەر پەیوەندیی بەم باسەوە هەیە. یەکێك هەبوو بە ناوی محەمەد باشقە. ئەم پیاوە لێپرسراوی زمانانی بێگانە بوو لە مودیریەتی دیعایە و نەشردا. زۆر جار ئەو شتانەی بۆیان دەهات منی لێ ئاگادار دەکرد. یەکێ لەو شتانەی

پیشانی دام تەلگرافێك بوو كە بە دەستیان گەیشتبوو. ئەویش ئەوە بوو كە قازی محەمەد بۆ مەلا مستەفای نووسیبوو و داوای لێ كردبوو پێویستە كۆبوونەوەیەك بكەین و لەو كۆبوونەوەیەدا ڕێوشوێنێك دابنێین بۆ دروستكردنی دەوڵەتی كوردستانی سەربەخۆ. ئیمزا قازی زادە محەمەد. ئەمەی پیشانی من دا. وتم ئەمە ڕاست نییە، چونكە ئەم قسانە جاریٚ قسەی ئەو نین و ئەم لەهجە و نووسینەش ئەو قسانە نییە كە ئێمە بیستوومانە بە ناوی ئەوەوە، یا بۆمان هاتووە بە ناوی ئەوەوە. پاشان نەمدیوە لە هیچ شوێنێكدا نووسیبێتی قازی زادە محەمەد، ئیمزای بەم نەوعەشم تائێستا نەدیوە. ئینجا خۆ خەتی تەلگراف لەنێوان ئەواندا نییە، چۆن ئەمە كراوە؟ وتی ئەم جەماعەتە بڕوا دەكەن بەو كەسە وا تەلگرافەكەی هێناوە. وتم بۆ؟ وتی دوكتۆر فلان كە دوكتۆرێكی پسپۆڕی نەخۆشیی ڕەوانییە، چووەتە بارزان بۆ چارەكردنی خزمێكی مەلا مستەفا و ئەو توانیویەتی ئەم تەلگرافەی دەست كەوێ.

بە لای منەوە كۆبوونەوەی (دالانپەڕ)یش بێبناغە و درۆیە و بۆ كوردیان هەڵبەستووە، چونكە هیچ كام لە سەركردەكانی كوردی ئەو سەردەمە قائیدێك نەبوون كە بتوانن ئەو ئیشە بكەن. هەموو ئەم شتانە داڕێژراوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی كوردایەتی ڕەنگی كۆمۆنیزمی لێ بنرێ.

باش سەرنجی قسەكانی نووری سەعید بدەن، بۆ ئەوە بچێتە ناو پەیمانی بەغداوە، بزانن چ بوختانێكی بۆ كورد كردووە. نووری سەعید

پەیامێکی بۆ جەمال عەبدولناسر ناردووە کە ئێمە ناچارین لە پەیمانی بەغداددا بەشداری بکەین لەبەر ئەوە لە سەد مایلیمانەوە ژەنەراڵ بارزانی بە خۆی و شەش فیرقە عەسکەری کوردی عیراق و شەش فیرقە عەسکەری کوردی ڕووسیەوە ئامادەیە بە پڕچەکترین چەکەوە و پڕمەترسیترین چەکەوە کە هەر هەلی دەست کەوت، پەلامارمان بدات. دۆستەکانمان بەتایبەت تورکیە و ئێرانیش وەکوو ئێمە یەك بەڵا و موسیبەتیان هەیە ئەویش کێشەی کوردە.

*پ: مامۆستا تکایە ئەمەش بفەرموون، دەڵێن گوایە قازی محەمەد، مەلا مستەفای بە گومان لێکراو دەزانی. ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە لەبەر چی؟*

و: دوور نییە هەر وا بووبێ. لە ترسی زەعامەت، ترسی زەعامەت لەدەست دەرچوون. ترسی سەرکردەیی و پێشەوایی لەدەست چوون. پیاوێك لە عیراقەوە دەرچووە، دوو شۆڕشی کردووە، ناوبانگی هەیە، لەناو کوردایەتی چووەتە ئەوێ. لەوێش قازی محەمەد هێشتا جێی خۆی بە باشی قایم نەکردووە و لەچاو مەلا مستەفا، قازی محەمەد شەخسیەتێکی گەرموگوڕی کوردایەتی نەبوو. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە عەشیرەتەکانیش حەزیان نەکردبێ مەلا مستەفا بێتە ئەوێ و دەست بخاتە ناو کاریان. جا لەبەر ئەم هۆیانە ئەم شتە بە دوور نازانم. بێجگە لەمانەش، باقرۆڤ خۆی دەستێکی زۆری بووە لەوەدا کە قازی محەمەد تێبگەینێ کە ئەمە جاسووسی ئینگلیزە.

مەلا مستەفا خۆی دوژمنایەتیی لەگەڵ ئینگلیز نەبوو، فەقەت خوا نەکەردە جاسووسی ئینگلیز، پیاو ناتوانیٚ شتی وا بڵیٚ. مەلا مستەفا شەڕی لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا بوو و بە تەمای ئەوە بوو ئینگلیز یارمەتییەکی بدا و شتێکی بۆ بکا. بەڵام جاسووسی بۆکردنیان، شتێکە دوژمنانی کورد هەڵیان بەستووە، بۆ ئەوە کارەکەمان گرانتر بکەن و قۆرت بخەنە سەر ڕێگای سەرکەوتنمان. لە لایەکەوە بە کۆمۆنیستمان دادەنێن، لەلایەکی تریشەوە بە نۆکەری ئیستیعمار و ئینگلیزمان دەزانن.

*پ: مامۆستا هەرچەند پرسیار لەسەر سیاسەت و تێکۆشانی سیاسیی ئێوە زۆرە، بەڵام با لە سیاسەتەوە بازێك بدەینە سەر ئەدەب. با لە "گەلاوێژ"یشەوە دەست پیٚ بکەین. تکایە نەختیٚ لەسەر بارودۆخی سەردەمی بڵاوکردنەوەی گەلاوێژ قسەمان بۆ بکەن، چۆن بوو، چ گیروگرفتێکتان هەبوو؟ ئەم گۆڤارە چ دەورێکی لە پێگەیاندنی ڕووناکبیری کورددا هەبوو؟*

و: هەروا کە پێم وتی چوومە حوقووق بۆ ئەوە گۆڤارێك دەربێنم، بیٚگومان بە کوردیش دەری بێنم، چونکە بیرم لەوە نەدەکردەوە بە عەرەبی بنووسم و ببم بە نووسەری عەرەب. پاش تەواوکردنی خوێندن، گەڕامەوە سلێمانی و هەوڵم دا شتێك بکەم. لەگەڵ چەند برادەردا قسەم لیٚ کرد. یەکیٚ لەوانە خوالێخۆشبوو کاك زیاد (حەمەی کۆیی، نوێنەری کۆیە بوو لە پارلەماندا و پاشان بوو بە ئەندامی پارتی و نوێنەری مەلا

مستەفا) بوو. یەکدوو جار داوای ئیمتیازی ڕوژنامەم کرد، حکوومەت نەیدامێ. لەو سەردەمەدا ئەو کەسانەی کە داوای ئیمتیازی گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەکرد دبار بوو حوقووقێن، حکوومەت بۆ ئەوە ئیدی باسی ئەم جۆرە شتانە نەکەن دەیانی کرد بە مودیری ناحیە و کاری ڕوژنامەکەشی پشت گوێ دەخست. جا هێندێ هەلپەرست پەیدا بوون بۆ ئەوە بێن بە مودیری ناحیە، بێ ئەوەی نیازی دەرهێنانی ڕۆژنامەیان بێ، دەهاتن داوای ئیمتیازی ڕۆژنامەیان دەکرد. لە دواییدا حکوومەت بەم فێڵەی زانی و مودیری ناحیەی هەڵوەشاندەوە. بە منیشیان وت وەرە ببە بە مودیری ناحیە و نەمکرد. چارە نەما، دیتم لە سلێمانی ناتوانم هیچ بکەم و ڕوژنامەم پێ نادەن. بە هەڤاڵەکانم وت با گۆڤارێك دەر بێنین. ئەو دۆستانەی ئەودەم هەمبوون بڕێکیان ئەمانە بوون: عەبدوڵڵا بەگی گۆران، شاعیر بوو و موحاسیبی دایرەی ئیشغال بوو لە سلێمانی. فوئاد مەستی، ڕەشید عەبدولکەریم و مستەفا سائیب. ئەمان هەموو ئینسانی چاك بوون، گەرچی لە تەمەندا جیاوازییەکمان هەبوو، بەڵام زۆر تێکەڵ و جێباوەڕی یەکتر بووین. هەروەها حامید فەرەجی نابراویش، کە دەمێ ساڵ بوو پەیوەندیمان نەمابوو، ئاگادار کرد. داوای گۆڤارێکم کرد بە ناوی *گەلاوێژ* کە بمدەنێ. عەرزوحاڵەکەم چوو بۆ لای موتەسەڕیفی سلێمانی. بانگی کردم کەوا مودیریەتی ناحیەی سەرچنار چۆڵە، ئەتوانین تۆ تەعین بکەین. وتم نامەوێ، من وەزیفەم ناوێ. وتی من دۆستی مامتم و تۆش گەنجی و تازە دەرچووی، حەز دەکەم

www.zheen.org

کارێکت بۆ بکەم. وتم ئەگەر دەتەوێ خزمەتم بکەی، بۆم بنووسە تۆ موافیقی من ئیمتیازی ئەم گۆڤارە وەرگرم. گۆڤارەکە سیاسی نییە و کولتوورییە. وتی ئەوە بەدەست من نییە و عایدی وەزیرە. کاغەزەکەمیان نارد بۆ لای مودیری پۆلیس. لەو وەختەدا محەمەد باشقە مودیری تەحریرات بوو، واتە سکرتێری موتەسەڕیف بوو. ڕۆژێك چووم بۆ لای بزانم وەڵامی داخوازیەکەم چییە. وتی مودیری پۆلیس لەسەری نووسیبوو ئەمە لەو کەسانەیە کە مەیلی کوردایەتییان هەیە. جا قسەیەکی وت کەمم لێ بیستبوو، وتی ئەمانە زۆر کەر و کەربابن، ئەگەر کابرایەکی ئینگلیز ئەم داوایەی کردبایە و مەیلی کوردایەتیی هەبایە، ئەوە قەی ناکا، بەڵام خۆ تۆ کوردی و دیارە مەیلی کوردایەتیشت هەیە. وتی ئەمە سەر ناگرێ. عەرزوحاڵەکەت دەنێرین بۆ بەغدا، بەڵام ناتدەنێ با بمێنێ.

ماوەیەکی تر وتم با یانەیەکی وەرزشیی کورد بکەینەوە. وتیان ئەبێ پێنج کەس بن و ئیمزای بکەن، هەر پێنج کەسم دۆزییەوە. پاش مانگێك سیانیان تەعین کران بە مەئمووری و ئەوی تریان کە مەئموور بوو نەقڵ کرا بۆ شارێکی تر بۆ ئەوەی نەمێنێ، هەر خۆم مامەوە. ڕۆژێك بانگیان کردم، دیسان پێیان وتم ببم بە مودیری ناحیە. تا ڕۆژێك محەمەد باشقە وتی: مزگێنیم بدەرێ تا خەبەرێکی خۆشت بدەمێ. وتی سبەینێ وەرە بۆ لام ئیمتیازی "گەلاوێژ"ت بۆ وەردەگرم. وتم چۆن؟ وتی تۆ وەرە قسەی لێ دەکەین. چوومە لای، وتی کوڕێکی ڕەفیقم کە

بنکەی ژین
www.zheen.org

قوتابیی خۆشم بووە، ئێستا بووە بە مودیری دیعایە و نەشر ناوی تاڵیب موشتاقە، ئێستا تەلەفۆنی بۆ دەکەم، ناوی خۆت و گۆڤارەکەتم لەسەر کاغەزێك بۆ بنووسە. بیری دەخەمەوە کە وەختی خۆی داوای گۆڤارت کردووە، بزانین دەڵێ چی؟ وتم بە ڕای تۆ دەڵێ چی؟ وتی لە سەددا نەوەدی دەیکا. دوو ڕۆژی پێ نەچوو هاتەوە، وتی تەلەفۆنی بۆ کردووم و موافەقەتی کردووە. پاشان ئەمری دەرچوونی "گەلاوێژ"م بۆ هات. چووین لەگەڵ "پیرەمێرد"دا، خوا عەفووی بکات، چاپخانەی هەبوو، ڕێك کەوتین و مقاوەلەمان کرد.

لە پاشان لەپڕ شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد. منیش بۆ ئەفسەری ئیحتیات بانگ کرام و ناردیانم بۆ بەغدا. ئەو وەختە محەمەد باشقەش نەقڵ کرابوو بۆ بەغدا. ڕۆژێ پێی وتم فلانی شتێ هەیە لەبیرت نەچێ، لە قەراری گۆڤارەکەتدا ئەنووسرێت ئەگەر تا شەش مانگ ژمارەیەك لەم گۆڤارە دەرنەچێ ئیجازەکەی پووچ دەبێتەوە و ئیتر پێت ناکرێ وەری گریتەوەو دەبێ بە هەر چەشنێك بووە ژمارەیەك دەرکەی. من و ئەو برادەرانە کە ناوم هێنان، توانیمان دە دینار کۆ بکەینەوە. کەرەسە و نووسینمان ئامادە کرد و ژمارەی یەکی گەلاوێژ لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٣٩دا کە لە چاپخانەی نەجاح چاپ ببوو، دەرچوو. هەر کە گۆڤار کەوتە بازاڕ، خەڵك بوو و بەدوایدا دەگەڕا.

پاش ئەوە ماوەیەك بەسەر دەرچوونی "گەلاوێژ"دا تێپەڕی و چەن ژمارەیەکمان بڵاو کردەوە، ڕۆژێك ئەمین ڕەواندزی، خوا عەفووی

بکا، ئەفسەرێکی کورد و پاك بوو، نامەیەکی بۆ نووسیم کە کارێکی زۆر بەپەلەم پێت هەیە و دەبێ بتبینم لەکوێ، لە ڕەواندز. ئەو کاتە لە ڕەواندز لەشکرێکی زۆر کۆ کرابووەوە، منیش بە بیانووی کۆکردنەوەی ئابوونەی گەلاوێژ، بەرەو ڕەواندز ڕۆیشتم. لەوێ کاك ئەمین پێی وتم برادەرانی کوردی ئێران، ناوی دوو کەسیانی وت، ئەمانە خەبەریان بۆ ناردووم کە ئەیانەوێ لەگەڵ کوردی عیراق دا پەیوەندی بکەن. منیش تۆم بانگ کردووە کە تۆش یەکێ بی لەو کەسانە کە چاوت بەوان بکەوێ. فلان شەو بچۆ لەگەڵ دوو ئەفسەردا، ناوی یەکێکیان شێخ قادری بەرزنجی بوو، لەسەر سنوور برادەرانی ئەودیویش دێنە ئەوێ یەکتر ببینن و قەرار و بڕیاری خۆتان بدەن، چی دەکەن چی ناکەن. ئەمانە لە (هیوا)دا بوون، بەڵام لەسەر خەت و بیروباوەڕی ڕەفیق حیلمی نەبوون و لێی هەڵگەڕابوونەوە، ئەگەرچی هێشتا بەتەواوی تێك نەچووبوون و حەزیان دەکرد کوردایەتییەکی فراوانتر و ڕێکوپێکتر بکرێ.

ئێمە چووینە سەر سنوور، بەڵام لەپڕ بوو بە تەقە و ئاگاداریان کردین کە دەبێ بگەڕینەوە. دیارە برادەرانی ئەودیویش گەڕابوونەوە و ئێمە یەکترمان نەبینی. ناچار گەڕامەوە بۆ بەغدا، دیتم ناکرێت کار نەکەیت و بژیت و ناتوانی ئیش بکەیت و گۆڤاریش دەربێنی. گۆڤارەکە ئەرکێکی یەکجار زۆری بوو، بەتایبەت هیچ کارێکی نەبوو کە خۆم نەیکەم. هەموو ئەم کارانە بە من نەدەکرا، کە هیچ پارە و نانیشم نەبوو. لە بنەماڵەیەکیش نەبووم سەروەت و سامانێکم هەبێ و بتوانم بە

واریداتی ئەو سەروەتەوە بژیم. دەبوو بە ڕەنجی شان بەڕێ بچم. ڕەنجی شانیش هەر محامیەتەکە بوو و هیچی تر.

کاك عەلی کەمال، ڕوژێ وتی من کەسێکت بۆ دەدۆزمەوە یاریەت بدا، پاش دە پانزە ڕۆژ عەلادین سەجادیی بۆ هێنام. وتمان دەی مەلا عەلا چیمان بۆ دەکەی؟ وتی وەڵڵا من شتێکی لێ نازانم، نە نووسین نە کارێك، بەڵام سەرپەرشتیی کارەکان دەکەم و شتەکان جێبەجێ دەکەم. وتم باشە بە شەرتێ تۆ حەقی شتێکت نەبێ، هەرچی پۆستە دێ، تۆ بەڕێی کە بۆ ماڵی ئێمە لە سلێمانی. لەگەڵ خاوەن چاپخانەکەشدا وامان بڕییەوە کە هەتا حەڤدەی مانگ، دەبێ هەموو نووسراوەکان بگاتە دەستی و چاپی بکات، ئەگەر نەگەیشت چاپخانە چەند چاپ دەکا بیکا و عەلادین سەجادیش چی ئەخاتە سەری بیخا. بەڵام جگە لەمە حەقی نییە شتێك بنووسێ کە من نەمدیبێ. بەڵێ گەلاوێژ زۆر باش سەری گرت و دنیاش لە ئاڵوگۆڕدایە، برادەر و خەڵك و خوا دەگیرێن لەسەر کوردایەتی و تومەتی شیوعیەتی.

ڕۆژێك ئەو پیاوە حاکمە، کە من لە سلێمانی لە لای محامەتیم دەکرد و ناوی عارف جیاووك بوو، بانگی کردم، وتی: فلانە کەس وەرە ئێمە و خۆشت ڕزگار کە لەم بەڵایە. وتم کام بەڵا؟ چی بووە؟ وتی وەرە ببە بە حاکم. وتم: ناتوانم ببم بە حاکم، ئەوە نییە خەریکم گۆڤار دەردەکەم. وتی: گوێ مەدەرێ، یەکێکی بۆ بدۆزەرەوە بۆ مودیری مەسئوول، ئەوە جێبەجێ دەبێ. هەر وتم نایکەم. وتی: برا تۆ حاکم بی

بنکەی ژین
www.zheen.org

و خەڵك حەبس بكەی باشترە یا خەڵك تۆ حەبس بكەن؟ بە هەرحاڵ، بێ ئەوە هەوییەم هەبێ لە شوباتی ١٩٤٢دا بووم بە حاكم. پاشان هەر محەمەد باشقە كوڕێكی بۆ پەیدا كردم و بوو بە مودیری مەسئوول ناوەكەی لەسەر گەلاوێژ نووسراوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە كە من حاكم بووم، گۆڤارەكە بە ڕێكوپێكی لە ٢٣ی هەر مانگدا دەردەچوو.

ماوەیەك لە هەولێر حاكم بووم، پاشان نەقڵیان كردم بۆ هەڵەبجە، ساڵێك زیاتر لەوێ بووم. ڕۆژێك وەزیری عەدلیە تەلەفۆنی بۆ كردم كە بچم بۆ بەغدا. سەرم سوڕ ما، چونكە وەزیری عەدلیە تەلەفۆن ناكا بۆ حاكم. ئەگەر شتێ بێ بە كاغەز بۆی دەنووسن، بەڵام خۆی تەلەفۆن ناكا. لە خەڵكم پرسی، لە حاكمەكانی دیكەم پرسی، كەس ئاگادار نەبوو. وتیان خۆت بچۆ بزانە چییە.

چووم بۆ سلێمانی و لەوێوە بۆ بەغدا. چوومە لای وەزیر، زۆر پیاوانە قسەی لەگەڵ كردم، كە ئێمە لە كارت ڕازین، بەڵام شتێك لەسەرت هەیە و دەبێ بخرێت بە لایەكدا. وتم چییە؟ وتی لە وەزارەتی داخلیەوە خەبەرمان بۆ هاتووە كە تۆ خاوەن ئیمتیازی گۆڤارێكی. وتم بەڵێ ڕاستە و ناوم لەسەری نووسراوە، گۆڤارێكە ئەدەبی و سیاسی نییە. وتی فلان كەس گۆڤار دەركردن كەسابەتە و حاكم نابێ كەسابەت بكا. بەتایبەت تۆش خاوەن ئیمتیازی، واتە هەموو شت هی تۆیە و ئەوانی تر هیچ نین. ئەمە ناكرێ و بۆ ئەوە دواڕۆژێكی باشت هەبێ وەرە واز بێنە لە گۆڤارەكە و هەر بە حاكمی بمێنەوە. وتم باشە ئەمە

بنکەی ژین
www.zheen.org

دوو ساڵ زیاتره و بۆ سێ ساڵ دەچێ بۆچی ئێوه هەتا ئێستا شتێکتان بە من نەوتووه؟ وتی تائێستا کەس خەبەرداری نەکردووین، لەم ڕۆژانەدا وەزارەتی داخلیە ئاگاداری کردین. وتم من ناتوانم واز لە گۆڤارەکە بێنم و بۆم گێڕایەوه کە من هەر لەبەر ڕۆژنامەگەری چوومە حوقووقەوە و دیارە ئاگاداریشن چۆن بوومەتە حاکم، هەتا ئێستا جنسیەی عیراقیم جێبەجێ نەکراوه. وەزیر وتی بەڵێ دەزانم. وتم بە هەرحاڵ من واز لە حاکمی دێنم، بەڵام واز لە گۆڤارەکە ناهێنم. وەزیر سەرێکی بادا، وتی باشە تۆ بچۆ وەزارەتی داخلیە ڕازی بکە لەسەر ئەم باسە نەڕۆن، ئێمە قسەیەکمان نییە. چوومە وەزارەتی داخلیە. وەزیری ئەوێ پیاوێکی عەرەب بوو، وتی وەزیری داخلیەی ناوێ، بچۆ چاوت بە موستەشاری داخلیە بکەوێ کە مستەر ئێدمۆندس بوو. چوومە لای ئێدمۆندس بەخێرهاتنی کردم، وتی گۆڤارەکەتان زۆر باشە و لەم چەشنە قسانە، بەڵام بەداخەوە ئێستا دەڵێن تۆ حاکمی، لەبەر ئەوە نابێ و دەبێ واز لە گۆڤارەکە بێنی و بیدەی بە مەعرووف جیاووك.

ئەم مەعرووف جیاووکە، برای عارف جیاووك بوو، کە لەلای محامی بووم. مەعرووف لەو وەختەدا سەرپەرشتیی (یانەی سەرکەوتن)[ی کوردان]ی دەکرد لە بەغدا. ئەوەی ڕاست بێ من مەعرووف جیاووکم خۆش نەدەویست و زۆر گۆمانم لێ بووه و گەلێك گلەییم لێ بووه. ئەو وەختە ئەم شتانە کۆن ببوون، بەڵام ئەمڕۆش ئەمە هاتە سەری. کابرایەك خۆی ئەتوانێ ئیجازەی گۆڤار وەرگرێ، بۆ دەبێ ئەمە لە من

بستێنیٚ؟ کەسێك موستەشاری وەزارەتی داخلیەی لەگەڵ بیٚ کە هەموو شتێکە، بەتایبەتی لە مەسەلەی گۆڤار و ڕۆژنامەدا، بۆچی دەبیٚ ئەمە لە من وەرگیریٚ و بدریٚ بەو؟ دبارە نیازێك هەیە لە کارەکەدا. وتم نە. وتی ئاخر نابیٚ و نایەڵن، مەگەر وەزارەتی عەدلیە بانگی نەکردووی؟ وتم با بانگی کردووم، بەڵام ئیدی نامەویٚ حاکم بمێنم. وتی نە باش نییە بۆ دوارۆژت. پاش تۆ خۆ هیچ ناگۆڕدریٚ، دەتوانی هەر تێیدا بنووسی. وتم نە نایکەم. هاتمە دەرەوە و بە وەزیری عەدلیەم وت. دیار بوو کابرا تەلەفۆنی بۆ کردبوو، ئەویش نەختیٚ لەگەڵم خەریك بوو. وتم زۆر سپاسی لوتف و پیاوەتیتان دەکەم، بفەرموو پارچە کاغەزێکم بۆ بێنن با ئیستیقالەکەم بنووسم. وەڵڵا نوسیم و هەستام. وەزیر هەتا بەر دەرگای حەوشەی دایرەکە لەگەڵم هات و تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و گەڕایەوە. هاتمەوە وماڵم گواستەوە سلێمانی و کەوتمە گەلاوێژ دەرهێنان و پاش مانگیٚ چوومە ناو (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)ەوە. گەلاوێژیش هەر دەردەچوو هەتا نیسانی ١٩٤٩.

لە شوباتی ١٩٤٩دا بە تاوانی ئاشتیخوازی درام بە مەحکەمە، من بەرپرسی ئاشتیخوازەکانی سلێمانی بووم. ئەو سەردەمە ئاشتیخوازی لە دەستی حیزبی کۆمۆنیستدا بوو، داوایان لە من کرد لەبەر ئەوە ئاشتیخوازیم بە شتێکی خراپ نەدەزانی، قبووڵم کرد ببم بە ئاشتیخواز و لەگەڵیاندا بم. پاشان کاغەزێکمان نووسی لە دژی نووری سەعید و دامان بە حکوومەت. کە نووری سەعید هاتەوە سەر دەور، هەموو

ئاشتیخوازەکانی بە ناوی کۆمۆنیست دا بە مەحکەمە. منیش یەکێ بووم لەوانە. لەبەر ئەوە ئەم قانوونە تازە بوو و کارەکەی ئێمەی کە پێشتر کرابوو، نەدەگرتەوە، وازیان لە ئێمە هێنا. بەڵام کۆمۆنیست گرتن هەر بەردەوام بوو. زۆریان گرت و زۆریان کوشت. هێندێك ئیعترافیان کرد، زۆریش پاڵەوانانە بەرانبەر بە دوژمن ڕاوەستان. هەموو چەشنە ئەشکەنجە و چەرمەسەری و زیندانیان کێشا و دەمیان نەکردەوە و قارەمانانە شەهید کران. لەو وەختەدا حکوومەت کتێبێکی لە دووسێ بەرگدا بڵاو کردەوە بە ناوی (*الموسوعة الجنائية*) [ڕاستتر: الموسوعة السرية للحزب الشيوعي العراقي، کە بە شەش بەرگ بڵاو کراوەتەوە]، لەوێدا باسی شەهادەت و ئیعتراف کۆمۆنیستەکانیان نووسیبوو. ناوی منیش لەم کتێبەدا هاتبوو لە داوێنی بەشێکدا کە لەسەر پارتی نووسرابوو، کە گوایە من ئەندامی مەکتەبی سیاسیم. لە حاڵێکدا من ئەندامی مەکتەبی سیاسی نەبووم. کە هاتمە سلێمانی کرابووم بە بەرپرسی لیوای سلێمانی.

ڕوژی ١٦ی مانگی نیسان بوو، چەن حاکمی دۆستی خۆمم بانگ کردبوو، بێنە ماڵی ئێمە بۆ نانخواردن. ماوەیەك چاوەڕوانیان بووم هەر نەهاتن. پاشان یەکێك هات و پارچە کاغەزێکی دامێ. یەکێ لە حاکمەکان بە ناوی ڕەشاد عارف، کە لە دەوری عەبدولکەریم قاسمدا بوو بە ئەندامی مەجلیسی قیادەی سەورە، پیاوێکی زۆر باش بوو، لە کاغەزەکەدا نووسیبووی فلان کەس داوای لێبوردنت لێ دەکەین، پێمان

بنكەی ژین
www.zheen.org

ناکرێ بێین، تکایە خواردنەکەمان بۆ بنێرە لە نادی ئەیخۆین. بەڵێ ناردمان، بۆ خۆشم ڕۆیشتم. فایق هۆشیاریش یەکێ لەو حاکمانە بوو، پێیێ وتم فلانی با بچینە لایەکەوە، نەختێ قسە بکەین. وتی لە بەغداوە لیستەیەکمان بۆ هاتووە، ناوی نزیکەی سەدوپەنجا کەسی تێدایە بیانگرن و ماڵیان بپشکنن. ناوی تۆش لەم لیستەدایە، لەبەر ئەوە هیچ بە جوانمان نەزانی بێینە ماڵەکەت و نانەکەت بخۆین و پاشان وەرەقەی گرتنیشت ئیمزا بکەین. ئێستا نەختێ دانیشە، پاشان بچۆرەوە ماڵ و خەریکی خۆت بە.

من خەریکی خۆم ببووم، بەڵام خەریکی خەڵك نەببووم. من هەمیشە مشووری ئەوەم ئەخوارد کە زۆر خەڵك گلەیی ئەوەیان لێ دەکردم کە هەموو شتێکم بە نهێنییە. کەلوپەلمان هەموو شاردەوە. کوتوپڕ ئەو سندووقەی ڕۆنیۆییێکمان تێدا شاردبووەوە و لە ماڵێك دامانابوو، بۆمانیان ناردەوە. جا ئێستا ئەگەر ڕۆنیۆ لەلای کەسێك بگرن، ئیتر خوا ئەزانێ چیی لێ دەکەن. هێنامان نەختێ کاغەزمان تێوە پێچا و لەناو بەرمیلێکی زبڵدا شاردمانەوە و لە بەر دەرکی دەروازە بەرەڵامان کرد. بەیانیەکەی دەعوایەکم هەبوو، دووسێ کەس بوون گوایە چەتەیییان کردبوو. لەو وەختەدا هەرکەس دژی حکوومەت کارێکی بکردایە یا خەریکی کوردایەتی بوایە، حکوومەت بە چەتە و ڕێگر و قاچاخچی دەیناساند. لە ڕێگا زەلامێکم دی کاغەزێکی دامێ، وتی ئەمەیان بۆ تۆ نووسیوە، منیش کاغەزەکەم لێ وەرگرت و خستمە

گیرفانم و لەبیرم چوو بیخوێنمەوە. چوومە دادگا خەریکی کارەکەیان بووم، چەن دەقیقەیەك پشوومان دا، هاتمە دەرەوە دیتم کوڕێك لەوێ ڕاوەستاوە ئەم کوڕە یەکێ لە بەناوبانگترین جاسووسەکانی ئەو وەختە بوو، ناوی عەبەی حەملان بوو. پێی وتم کاك برایم موعاونی مودیر عامی ئەمن هاتووەتە لای مودیری شورتە، ڕایانسپاردووم تۆ بەرم بۆ لایان، ئەوە سەعات و نیوێکە لەسەرت ڕاوەستاوم. تێ گەیشتم چ باسە.

هەر ئەوە بوو وا بۆیان باس کردبووم. دیار بوو ماڵەکەشمان دەپشکنن، ماڵ هیچ مەترسییەکی نەبوو، ئەوەی کە خەتەر بوو، خستبوومە ناو جانتای محاماتەکەمەوە کە لە مەحکەمە بیدەمە دەستی برادەرێك بیبا بە لایەکی تردا. بەڵام وا ئێستا خۆم دەبەن بۆ لای پۆلیس و کاغەزەکانیشم جێبەجێ نەکردووە. وتم عەبە هێندێ کاری بچووکم هەیە لەسەرم ڕاوەستە. وتی چ کارێك؟ وتم ئەزانم ئەمە گرتنە و هەموو شتێکی تێدایە، من پارەم لە خەڵك وەرگرتووە و دەعواکانیانم هێشتا تەواو نەکردووە و نامەوێ دەستی خەڵك ببڕم. برادەرێکم هەبوو بە ناوی عەلی عیرفان، شاعیر بوو و کوڕێکی زۆر باشیش بوو، ببوو بە کاتبی مەحکەمەی شەرعییە، چووم دیتم، دەعوایەکم هەبوو پێم دا و داوام لێکرد لە دەفتەردا بینووسێ. کاغەزەکانیشم خستە بن دۆسیەکەوە و لەپێشم دانا و ڕۆیشتم. ئەوەندە دوور نەکەوتبوومەوە، عەلی دوام کەوت کاك برایم ئەم کاغەزەت لێ بەجێ ما. لێم وەرگرت و دیسان لە جانتاکەمم نا، ئەوە عەبەشم هەر لەگەڵە. وتم عەبە پازدە

دینار قەرزی کەسێکم بەسەرەوەیە، ڕاوەستە بیدەم بەو برادەرە پێی بداتەوە، چووین کاغەزەکانم لەلای ئەویش بەجێ هێشت، ئەویش بە ڕاکردن بە دوامدا هات کاك برایم ئەم شتانەت لێ بەجێ ما.

چارەم نەما وتم باشە دەچین بۆ لای کوڕێکی دیکە. چووینە ماڵی دۆستێك ژوورەکەی زۆر بچووك بوو، عەبەبش هاتە ژوورەوە. سۆپای ژوورەکە ئاگرێکی خۆشی هەبوو، جانتاکەم کردەوە، کاغەزەکانم لەپێش چاوی عەبە دەرهێنا و فڕێم دایە ناو ئاگرەکە. عەبە هاواری لێ بەرز بووەوە، بۆ خاتری خوا ئەوە چی دەکەیت، بە ئیعدامم ئەدەیت؟ وتم کوڕە عەبە دەمگریت و خەریکی ژنەکەشم لەکیس بدەیت. وتی ژنی چی؟ وتم ئەو کاغەزانە هەموو نامەی عاشقانەی سەردەمی لاویمن، حەز ناکەم ژنەکەم پێ بزانێ. وتی کوڕە بێ شەرەفترم لەوەی کە ئەمەی تۆ دەیڵێی هەموو درۆن. ئەمانە کاغەزی پارتی و شتی خراپن و ئێستا دەیانسووتێنی. دەرکەکەی پێوە دا و وتی دەی بیانسووتێنە.

چووینە لای پۆلیسەکان، وتیان ناچارین ماڵەکەشت بپشکنین. لە ماڵ هەرچی گەڕان شتێکیان نەدۆزییەوە. بردیانمە سەرا، وتیان ئەبێ بتنێرین بۆ بەغدا. لەو وەختەدا عەبە فرسەتی دەست کەوت، وتی کوڕە ئەوە چیتان کردووە. وتم چییە؟ وتی چاپخانە وا دەشاردرێتەوە؟ تومەس کە ئێمە چووینەتە ژوورەوە عەبە خەریکی پشکنین بووە. وتی تەنەکەی زبڵەکەم نەختێ لادا، چاوم بە ڕۆنیۆەکە کەوت کە بە کاغەز پێچابووتانەوە، باشتان نەشاردبووەوە، تەنەکەیەکی دیکەی زبڵم کرد بەسەردا و باش داپۆشی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم زەلامە کێ بوو؟ جاسووسی بەناوبانگ و پیاوی هەرە خراپ. دایم دێت بە خەیاڵمدا کە زوڵم و زۆری داگیرکەران ئەوەندە کاری کردووەتە جەرگ و دڵ و هەناومان تەنانەت لە پیسترین ئینسانەکانیشماندا خوێنەکە نەفەوتاوە و دەمارێکی هەر تێدا ماوە. ئەو کابرایە ئەگەر ئەو چاپخانە و کاغەزانەی لە من بگرتایە پێی دەچووە سەر، دەبوو بە قۆمیسەر، ئەگەر نەبوایەتە موعاوین، کەچی چوو بۆی شاردمەوە.

چووینە بەغدا لەپێش هەموو شتێکدا بردمیانە ژوورێك، کێ دەبینم لەوێ (ڕ. چ) ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی و گیراوە و ئیعترافی کردووە. کە چاوی بە من کەوت، بردیانە ژوورێکی ترەوە و شتی خۆی نووسی. منیش هی خۆمم نووسی، بەڵام کەڵکی نەبوو. دامیانە مەحکەمە. لەپاش ماوەیەك کێ شایەت بێ لەسەرم (ڕ. چ). لە شەهادەتەکەیدا کە لەبەردەم مەحکەمەی عورفیدا خوێندیەوە، ئەڵێ: کاتێ لەشکری ئێران بۆ سەر تەورێز و مەهاباد دەچوو، من لە ماڵی برایم ئەحمەد بووم. برایم ئەحمەد دەگریا و پەیتا پەیتا دەیخواردەوە و دەیوت چۆن ئەو حکوومەتە نازدارەمان بە ساوایی لەدەست چوو. برایم ئەحمەد و حیزبەکەی نیازیان ئەوە بوو باکووری عیراق جیا بکەنەوە و بیخەنە سەر کۆماری مەهاباد و حکوومەتێکی کوردیی لێ دروست بکەن و ئەو پێنسەد هەزار تمەنەی کە لە شێخ ئەحمەدی سەید تەها گیرا لەسەر سنوور، ئەوە بۆ برایم

ئەحمەد نێردرابوو ئەو ئیشەی پێ بکا. جا ئەمە بوو ڕەفیق چالاکی شاعیر و هونەرمەندی کوردی بەغیرەت!

ئێمە کۆمەڵێك بووین، نزیکەی سەد کەس، هەموومان حوکم دراین. من بە دوو ساڵ حەپس و دە ساڵیش لەژێر چاودێریی پۆلیسدا، بە تاوانی لایەنگری لە حیزبی شیوعیی عیراق.

*پ: مامۆستا لە ئێوە هێندێ شیعری جوان و ناسك و پڕمانا لە بەردەستدایە، بەڵام بە داخەوە زۆر نین. بۆچی؟ ئایا دەستتان لە شیعر نووسین کێشاوە؟ ئەگەر نە بۆ درێژەتان نەداوە بە شیعر دانان و شێوەی ڕوانینتان بۆ شیعر چۆنە؟*

و: ئەوەی ڕاست بێ من بڕوام وابوو شیعر لە کوردیدا زۆرە، کە هەر واشە. شیعر گەلێك زۆر بوو، بەڵام پەخشان نەبوو، منیش وەکوو لەوەوپێش وتم، خەیاڵی ئەو وەختەی لاوێتیم وابوو کە دەبێ زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەین، ئەم زمانە تەنیا بە شیعر دەوڵەمەند نابێ و دەبێ بە نووسین بکرێ. بۆیە هەر ئەوەندە خەریکی شیعر دەبووم کە هەست و هۆشێکم هەبێ و ئەو هەست و هۆشە دەربڕم، هەر ئەوەندە و بەس، نەك ئەوە بیکەم بە ڕێبازی هەمیشەی کاروبارم. نە، بە پێچەوانە لەگەڵ نووسین زۆر خەریك دەبووم. چەن کەسێکی دیکە هەر ئەم پرسیارەیان لێ کردووم و وتوویانە ئەو شیعرانەی کە هەن و خۆشت دەڵێی لێیان ڕازی نیم، ئەگەر لەسەری بڕۆشتیایە دیارە وای لێ دەهات لەمەودوا ڕازیت بکەن. بەڵام نە، من لەو شتانە هەر ڕازی نیم،

هەر ئەوەندە هەیە ئەوانەی کە هەن، هەر کام هی سەردەمی خۆیانن. دیسان دەڵێم بۆ ئەمڕۆش هەر نووسین پێویستترە.

*پ: مامۆستا هەوڵێکتان داوە شیعرەکانتان کۆبکەنەوە؟*

و: پایزی ڕابردوو کە لە کوردستان بووم، یەکێك داوای لێ کردم ئەو شیعرانەی کە نووسیومن و لەلام ماون، بیاندەمێ، ئەو دەیەویست کۆیان بکاتەوە و لە توێی کتێبێکدا بڵاویان بکاتەوە. هێندێکم هەر بە یەکجاری ون بوون، چیم لەلا بوو بۆیم نارد، ئیتر نازانم چیی بە چی کرد.

*پ: مامۆستا با بچینە سەر ڕۆمانی ژانی گەل، گەلێك کەس ئەم ڕۆمانە بە یەکەم ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووی دەزانن. هێندێکیش دەڵێن ئەم ڕۆمانە هیچ نیشانە و ماکی کوردیی پێوە دیار نییە. دەڵێن ((دەکرێ بڵێین ئەم ڕۆمانە نووسەرێکی جەزایری یا توونسی نووسیبێتی، شتێ کە نیشان بدا ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە کوردستان قەوماوە، بەدی ناکرێ و ئەگەر کەسێك ئێوە نەناسێ نازانێ نووسەرێکی کورد ئەمەی نووسیوە)). خۆتان سەبارەت بەم بیر و بۆچوونانە دەڵێن چی؟*

و: ئەم ڕۆمانە بە نیازی ئەوە نووسرا کە بڵاو بکرێتەوە، لە سەردەمێکیشدا بڵاو بکرێتەوە کە ڕێ بە کەس نەدەدرا بە هیچ کلۆجێك ناوی کورد بە باشی بێنێ. پێشتر وتم ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی کوردییان نەدەدا، باسی مێژووی کورد، جوگرافیای کورد لە هیچ شوێن و

بنکەی ژین
www.zheen.org

قوتابخانەیەك نەدەكرا و نەیاندەهێشت بکرێ. چونکە ئەم شتانەیان بە جیاوازیخوازی و کۆمۆنیستی لەقەڵەم دەدا.

بەلای منەوە نووسینی ئەو بیروباوەڕە ئەگەر لە توێی کتێبێکی کۆمۆنیستی یا ڕیوایەتێکی جەزایریشدا بێ و بڵاو بکرێتەوە لەناو کورددا، هەر ئەو کارە دەکات کە من دەمەویست لە کوردیەکەیدا بیکەم، چونکە نەیاندەتوانی ئەوەت لێ قەدەغە بکەن کە تۆ باسی زوڵم و زۆری وڵاتێکی دیکە بکەیت، بەتایبەتی لەو وڵاتەش کە نزیکە لەوێ. لەلایەکی ترەوە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لە شوێنێکی دیکە ناقەومێن لە عیراق نەبێ. بەلای منەوە ئەوە شێوەیەکی بەربڵاوتر دەدا بە نووسینەکە کە دەیخوێنیتەوە، نەك هەر دەرد و چەرمەسەری و ئازاری گەلی کورد نیشان دەدا، هی میللەتێکی تریش دەخاتە ڕوو، هی میللەتێکی لێقەوماو و چەوساوە و زۆرلێکراوی تری دنیا دێتێتە پێش چاو، واتە شێوەیەکی ئینتەرناسیونالیستی دەدا بە ڕۆمانەکە و ئەمە نرخی لەوە زیاترە کە هەر کورد و کورد بێ. ئەم یاساغبوونی ناوی کورد و باسی کوردە، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشدا هەبوو و ئێستاش هەر ماوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوڕێکی خوشکەزام هەیە لە سلێمانی، تێزێکی نووسیوە لەسەر گۆڤاری گەلاوێژ، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ سەرپەرشتیی تێزەکەی کردووە. عیزەدین دانەی لە تێزەکەی بۆ ناردبووم بە دیاری و لەسەر کاغەزێك نووسیبووی وا بۆم ناردی و خۆشت دەزانی ناو

نەبردنەکەت لەبەر چییە. سەیر کەن بە درێژایی سێسەد لاپەڕە شت نووسراوە لەسەر گەلاوێژ، بێ ئەوەی ناوی ڕاستەقینەی من بنووسرێ. بلە، هـ. ل. ب. هەیە، بەڵام ئەوە نییە کێ ئەم گۆڤارەی دەرکردووە.

*پ: مامۆستا ئێستا چیتان بەدەستەوەیە بۆ نووسین؟*

و: ئەوە خەریکم بیرەوەریەکانم دەنووسم، بەشکوو پێم بکرێ تەواوی بکەم.

*پ: مامۆستا زمانی کوردی بریتییە لە دوو چڵی گەورە، ئەم دوو چڵە نەختێ جیاوازییان لەگەڵ یەك هەیە و دوژمنانی کورد هەوڵێکی زۆر دەدەن لەم ڕێگاوە ئاوری دووبەرەکێ لەناو کورددا خۆش بکەن. بە ڕای ئێوە لە باری ئێستادا دەبێ چ بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟ ئەمەش هەیە هەتا تاقە زمانێکمان نەبێ بۆ نووسین و دەربڕین بە گشتی، وابزانم کارەکەمان سەر ناگرێ. زۆر کەس دەڵێن جا چ بوو، لە وڵاتانی دیکەش هەر وایە و سویس و چەند وڵاتێکی تر بە نموونە نیشان دەدەن. بەڵام ئەم دەوڵەتانە لەمێژە حکوومەتیان دروست کردووە و هەموو شتێکیان جێبەجێ بووە و هەلومەرجی ئەو وەختە و ئێستایان لەگەڵ ئێمە زۆر جیاوازە. نموونەیەکی دیکەش هەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، سەیری یوگوسلاوی بکەن، بزانن چیی لێ بەسەر هاتووە. ئەگەر لەلای ئێمەش یەکێ بڵێ کرمانجیی سەروو و ئەوی دیکەش بڵێ*

بنکەی ژین
www.zheen.org

*کرمانجیی خواروو ئەمە تووشی کێشەیەکی نالەبارمان دەکات و وا بزانم مەترسییەکی گەورەیە بۆ یەکیەتی و تەبایی جەماوەری کورد.*

*با نموونەیەکتان بۆ بگێڕمەوە لە سیاسەتی ڕژێمی شای ئێران سەبارەت بەوە چۆن دەیانەویست زمانی کوردی بفەوتێنن، ئەڵبەت ئێستاش هەر ئەو سیاسەتە بەردەوامە، بەڵام شێوەی لە ناوبردنەکە گۆڕدراوە. بۆ خۆتان دەزانن ئەگەر کوردێك لە ئێران بە زمانی کوردی مەدحی شای ئێرانی کردبا، دەمودەس دەیانگرت. بەڵام لە هەمان کاتدا هەشت ئیستگەی ڕادیۆی کوردی لێی بوو. کاربەدەستانی ڕژێمی شا دەیانوت: ئێمە لەبەر ئەوە هەشت ئیستگەی کوردیمان دروست کردووە بە هەشت زاراوەی کوردی (قووچانی، ئیلامی، سابڵاخی، سنەیی، هەورامی، کرمانجیی سەروو، کرمانجیی خواروو، مەریوانی)، بۆ ئەوە یەکیەتیی زمانی کوردی بفەوتێنین و ئیتر کورد نەڵێ زمانم هەیە.*

و: جا قسەکە خۆت بڕیتەوە. ئێمە لە کوردستانی خواروو لەو سەردەمەدا، لە یەك وشەی کوردستانی سەروو حاڵی نەدەبووین، چونکە نەمانبیستبوو نە لەبەر ئەوەی لیێ حاڵی نابین. من بڕوام وایە دوورخستنەوەی ئێمە لە یەك و داخراویی سنوورەکان بوونەتە هۆی ئەم نەختە جیاوازییە. دەنا تۆ کوردێکی ئێران و کوردێکی تورکیا و کوردێکی لای خۆمان دوو حەفتە لەلای یەك دابنێ، تێدەگەی زمانەکەیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ئێستا ئەگەر جیاوازییەك دەبینرێ لە زمانەکەماندا، ئەوە دەسکردی دوژمنە وەکوو جیاوازیەکانی

www.zheen.org

دیکەمان، کە ئێمەیان پارچەپارچە کرد، زمانەکەشمانیان تیکە و پارە کرد، هەر وا کە تۆ وتت. جا ڕێگایەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گێچەڵە، ئەویش دەوڵەتە. بەڵام من وشەدارِشتنی نە هی کامەران بەدرخان، نە هی تەوفیق وەهبی بە خزمەتی زمانی کوردی نازانم، بەڵکوو بە دوورخستنەوەی یەکبوونی زمانەکەمان دەزانم. لەخۆەوە وشەدارِشتن دەبێتە هۆی دارِزانی زمان و نامۆیی خەڵك لە زمانەکە. قامووسێك هەیە بە ناوی *(الهدیة الحمیدیة في اللغة الكردیة)*، لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچی دانراوە، قامووسی کرمانجیی سەروو و بە عەرەبیە، سەدی شەستی ئەو وشانە کە لەوێدان، من و تۆ بە باشی لێی تێ دەگەین. پاشماوەکەشی جیاوازییەکی زۆر کەمیان هەیە کە بە ژیانێکی زۆر کەم پێکەوە خاو دەبنەوە.

ڕەحمەتی وەهبی بەگ وتارێکی هەیە، منیش لە ژمارەی یەکی گەلاوێژدا شتێکی وام هەیە و یەکەم وتارە ناوی بلەم لە ژێریدا نووسیبێ. وەهبی بەگ دەڵێ: ئەو وشانەی کە لەزاراوەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە و ئێمە پێویستمان پێیان بێ، دەبێ لەوان وەرگرین، ئەگەر لەوانەدا نەبوو، نە لە عەرەبی، نە لە فارسی و نە لە تورکی وەر نەگرین، بەڵکوو دەبێ ئەو وشە عالەمی و بێگانانە وەرگرین کە هەن. وەکو ڕادیۆ، تەلەفۆن و... . دەڵێن زمانی ئێمە گیروگرفتی هەیە و نووسینەکەمان دەردیسەرە. کام زمان گیروگرفتی نییە، لە کوێیە ئەو زمانە نووسینەکەی دەردیسەری نییە. سەیر کەن مەولانا چۆن یاری بە

بنکەی ژین www.zheen.org

وشەی شێر لە زمانی فارسیدا دەکا. زمانی فارسی نووسینی هەیە، دەبێ فارسی وەکوو گوڵ بزانی تا تێ بگەی مەولانا دەڵێ چی. بۆچی زمانی هەرە پێشکەوتووی دنیا، واتە ئینگلیزی، کەم گرێی تێدایە. زمانی ئێمەش وایە و نابێ ئێستا خۆمان بەو شتانەوە خەریك بکەین. ئەگەر بووین بە خاوەن دەوڵەت، دیارە هەوڵی خۆمانی بۆ دەدەین دیسان وەکوو هەموو زمانانی دنیا.

ڕاستە ئێمە پێویستمان بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە، بەڵام ئەو زمانە یەکگرتووە ئیمکانی نییە ببێ لەلای دەوڵەتدار و بێدەوڵەتیش. وەرە بچۆرە جەزایر بزانە کامەیە زمانە یەکگرتووەکەیان، ئێستاش وەزیرەکانیان نازانن بە عەرەبی قسە بکەن. ئینگلیزی چەندها زاراوەی هەیە، گیروگرفتی ئەم زمانە گەلێك زۆرە. ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی کە وەهبی بەگ دەیڵێ بیچەسپێنین و دانەڕێژین، چونکە جێگایەکی بەرپرسی قبووڵکراومان نییە تا ئەو وشە داڕێژاوانە بە ڕەسمی وەرگرێت. هەرکەس بە سەنگ و تەرازووی خۆی وشە دروست دەکا و ئەمەش سوودی بۆ زمانی کوردی نییە. دەبێ واز لەم سەرئێشەیە بێنین و حەواڵەی دەوڵەتی بکەین. ئەمانە هەموو لەلایەك، دەبێ ئەوە بڵێم کە مافی کورد و دەوڵەتی کورد هیچ پەیوەندییەکی بە زمانەوە نییە، ئێمە هەر ئەوە لە یەك ناگەین، چونکە دوور خراوینەوە لە یەك و هەر بۆیەش زمانەکەمان یەکی نەگرتووە. ئەگەر پێکەوە بووینایە، زمانەکەمان زۆر باش یەکی دەگرت.

www.zheen.org

*پ: مامۆستا بیروڕاتان سەبارەت بە حکوومەتی فیدراڵی کوردستان چییە و ئەم حکوومەتە چۆن دەبینن؟*

و: وەڵڵاهی هەر دوعای خێری بۆ دەکەم، خوا پایەداری بکا و ئەو تەبایی و برایەتیە هەر بمێنێ لەنێواندا. خۆمان تێکی نەدەین لە خۆمان، کەس ناتوانێ لێمان تێك بدات. ئەگەر ئەو خورافاتە کۆنانە بێنینە پێش کە دەڵێ گوایە کورد لە جنۆکە یا شەیتانەوە پەیدا بووە و حەزرەتی سلێمان لە گومگومەی کردوون و سەرەکەی بەستووە، ئێستا سەری گومگومەکە کراوەتەوە، شەیتان بین یا مەلایکە هاتووینەتە دەرێ. بڕوام وایە ئەگەر بە دەستی خۆمان خۆمانی تێ نەخەینەوە، هێز نییە لەسەر ئەرزدا بتوانێ کوردایەتی بگێڕێتە دواوە. خۆمان پەکی پێش خستنی نەخەین، هێز نییە پەکمان پێ بخا.

لە بارودۆخی ئێستادا عەقڵ و سیاسەت و کارزانی، دوو هێندەی چەك بە پێویستتر دەزانم. دیارە چەکیش بایەخ و و نرخی خۆی هەیە. زۆر جار ئەوەم وتووە ئێمە وەکوو زیندانی واین، لە زیندانێکداین بۆمبا و ئاگر لەژێر پێماندا دەتەقێ، خەریکین لە بێهەواییدا دەخنکێین، لە برسیەتیدا دەمرین، نووزەیکمان تێدا ماوە، ئەو نووزەیە دەبێ وا بەکار بێنین کە بەرانبەرەکەمان دەرگایەك بکاتەوە و کاتێ دەرکی کردەوە و لێی پرسین چیت دەوێ، بزانین و بڵێین چیمان دەوێ. یەکەم شت کە دەبێ داوای بکەین، ئەوەیە ئازاد بین و لەم زیندانەدا نەمێنین. نابێ داوای قەسر و کۆشك و تەلار بکەین و چەکەکانمان ڕاگرین و بتوانین

لەکاتی خۆیدا بەکاری بێنین. لەو بڕوایە دام لە شەڕێکی ڕێکوپێکدا دەرەقەتی یەکێ لە دوژمنەکانمان نایەین. بۆچی؟ چونکە ئەوان دەوڵەتن، دۆستیان هەیە، هاوپەیمانیان هەیە، دەسەلات و چەك و جبەخانەیان هەیە. ئێمەش بێکەس و بێیاریدەر، قەت نابێ چەکەکەمان دابنێین تا دەگەینە مافی خۆمان، ئەو وەختەش بۆ پاراستنی مافەکانمان هەر دەبێ چەکەکانمان پێ بێ. بەلام هەر ئەوەندە دەبێ بەکاری بێنین هەتا دەرگاکەمان لێ دەکرێتەوە و ڕێگایەك بۆ بەکارهێنانی عەقڵمان دەدۆزینەوە. دەنا لە زینداندا عەقڵی چی بەکار دێنی. بەبێ ئەوەی هیچ لەخۆباییبوونی ناسیونالیستانەی تێدا بێ، دەڵێم کورد ئەگەر زیرەکتر نەبێ لە داگیرکەرەکانی، کەرتر نییە لەوان. بڕوام وایە بتوانین بە عەقڵ و نەبەزین و تەبایی و یەکیەتی سەرکەوین. پێویستمان بە شتێکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە هەتا دەبین بە خاوەن خاك و ماف و ئالای خۆمان، سڵ نەکەینەوە.

بڕوا بکە شەش ملوێن کەس بووینایە دەتوێنراینەوە هەر بە گاز، هەمووشیان ڕازی بوون. ئەوە نییە گشتیان ئەڵمان و فرانسا و... پێیان دەفرۆشن، بەلام بیست بیستوپێنج ملوێن کەس نافەوتێنرێن. هەموو دنیا لە ژمارەی زۆر دەترسێن، بەلام ئێمە نابێ بترسێن، چی دەبێ با ببێ. جا کاتێ گەیشتین بە مافی خۆمان، دەڵێین یەك کەمە دوو خەمە سێ خاترجەمە. عەقڵ، چەك و تەبایی، دیارە تەباییەکە لە هەمووی بەهێزترە و کوردستانیەتی ئەوەیە ئەو ڕێگایە کە دەبێ لەپێشی بگرین

و هەرئەم ڕێگایەشە کە دەگاتە مێرگی سەرکەوتن و سەربەستی. دەبێ ڕێز بۆ بیروباوەڕی یەکتر دابنێین. (پ. ک. ک) بۆ خۆی چی دەکا با بیکا، من نابێ بچم بەگژیدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەریکی چییە با خەریك بێ، من بۆ دەبێ شەڕی لەگەڵ بکەم. نابێ لەیەکتری تێك بدەین دەبێ کەڵك لە دوژمنەکانمان وەرگرین، لە عەقڵیان، لە حوکمی زاتییەکی هیچوپووچەوە و خوێندن بە زمانی کوردی تا کوێ دەتەوێ بڕۆ، ئەو بە جیابوونەوەی دەزانێ و بە سەرەتای دەوڵەتێکی کوردیی دادەنێ لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.

ئەو، هەر چەشنە جووڵانەوەیەك لە هەر کوێی کوردستاندا بەدی بکا، بە بناغەی هەرایەکی دیکەی دادەنێ لە پارچەکانی دیکەدا. جا ئەگەر وایە بۆ خۆمان وا سەیری یەکێتیی گەل و نیشتمانی خۆمان نەکەین؟ بۆ بە چاوی دوژمنەکانمان سەیری دەکەین؟ کوردایەتی بە یەك نازانین، کوردستان بە یەك نازانین و داگیرکەرەکانیشمان بە یەك دوژمن و بە یەك خوێنەخۆر نازانین، بۆ ئێمە دەبێ بڵێین کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیە و... سیاسەت پێویستی بێ لەلای خەڵك دەیڵێم و دەیکەم، فیدراڵیم دەوێت، کوردی ئێرانیش دەبێ داوای فیدراڵی بکا و بیەوێت، فیدراڵی هیچ زەرەری نییە. بەڵام دەبێ ئاگاشت لە هەلومەرج ببێت، ئێمە لە بارودۆخێکی وادا نین بتوانین هەست و ئارەزووی خۆمان بەسەر کەسێکدا زاڵ بکەین، پێویستمان بە زبرەکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەیە. کورد وتەنی گوریس ڕاست و درێژاودرێژ ناچێتە ناو هەنبانەوە، دەتەوێ بیخەیتە ناو هەنبانەوە، دەبێ گوێ نەدەیتە خواروخێچ بوونی و پێچاوپێچکردنی. تۆ دەتەوێ کورد بگەیەنی بە ئامانج، وەکوو میللەتانی دنیا ببێ بە خاوەنی مافی خۆی، لەم ڕێگایە نابێ بسڵەمیتەوە.

مامۆستا زۆر سپاستان دەکەین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org

١٩٩٢/٣/٦

برای بەرێز و خۆشەویست کاك مەردۆخ

ببوورە لە دواکەوتنی وەرامم، یەکەم لێرە نەبووم لە کوردستان بووم کە هاتیشمەوە بە ئەندازەیەك ماندوو و نەخۆش بووم، باوەڕ بکە جاری وا هەبوو ناوی خۆمم لەبیر ئەچووەوە. ئێستەش وا بەم حاڵە ئەم چەند لاپەڕەیەم بۆ ناردن، خۆتان سەربەستن چ دەسکارییەکی ئەکەن بیکەن.

بۆ نووسینی پێشەکییەکەی ژانی گەلیش دیسان خۆت وەکیل بە، چیی لەسەر ئەنووسی بینووسە.

ئیتر ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ هەموان و هەر بژین بە سەربەرزی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دڵسۆزتان

ئیبراهیم ئەحمەد

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هێندێ زانیاری

## لەسەر ئەو کەس و ڕێکخراوانە کە ناویان لەم باسەدا هاتووە

***ئەحمەد هەردی*** (؟–١٩٢٢)، کوڕی حەسەن بەگ و لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. ئیش و کاری مامۆستایی بووە. وەك ڕووناکبیرانی سەردەمی خۆی ماوەیەك سەرقاڵی سیاسەت بوو. سەردەمێك لە زانکۆی سلێمانی مامۆستای "ڕەخنەی ئەدەبی " بوو. شاعیر و نووسەرێکی بەدەسەڵات بوو. هەرچەند شیعرەکانی کەمن، بەڵام نموونەی جوانترین شیعری کوردیی سەردەمن. بە وتەی مامۆستا گۆران، هەردی داهێنەری قوتابخانەیەکی نوێیە لە شیعری کوردیی هاوچەرخدا. مامۆستا هەردی کتێبێکی باشی لە سەر وەزنی شیعری کوردی هەیە، بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردوەتەوە.

***تەوفیق وەهبی*** (١٨٩٢–١٩٨٤)، کوڕی مەعرووف، لە سلێمانی لەدایك بووە. قوتابخانەی ڕوشدیەی سپایی تەواو کردوە، هەروەها لە ئەستەنبوڵ خوێندوویەتی. لە١٩١٩ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ١٩٣٠ ماوەیەك موتەسەڕیفی سلێمانی بوو. لە سەردەمی شێخ مەحموودا وەك ڕووناکبیرێك ڕۆڵی دیاری هەبوو. سەردەمێکیش کاری وەزارەتی هەبوو. شارەزاییەیکی زۆری هەبوو لە زمانە ئێرانیە کۆنەکاندا. گەلێك نووسینی لەم بوارەدا هەیە. مامۆستا ساڵانی زۆری تەمەنی لە بریتانیادا بردە سەر و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد.

***پیرە مێرد***(١٨٦٧–١٩٥٠) لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. ناوی تەوفیق مەحموود ئاغای مەسرەفە. خوێندنی لە حوجرەی مزگەوتان تەواو کرد. ساڵی ١٨٨٩ لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید بۆ ئەستەمبوڵ ڕۆیشت و هەتا ساڵی ١٩٢٥ نەگەڕایەوە بۆ وڵات. کە هاتەوە بۆ سلێمانی، بە کاری چاپ و ڕۆژنامەگەرییەوە خەریك بوو.

***حامید فەرەج*** (١٩١١–١٩٩٥)، کوڕی سلێمان بەگ، لە گەڕەکی دەرگەزینی شاری سلێمانی لەدایك بووە. پاش تەواوکردنی خوێندن، لەپێشدا بە کاری مامۆستاییەوە خەریك بووە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ کاروباری پۆلیس و بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی پۆلیس. چەند نووسینێکی هەیە لەسەر ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی. لە ڕۆژنامەی "*هاوار*" و "*گەلاوێژ*"دا وتاری نووسیوە.

***ڕزگاری،*** پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق "شۆڕش" دیتیان پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە شێوەیەکی بەربڵاو و ئاشکرا لە جموجوولدایە، ئەمانیش وەك ئەوان تێکۆشانی خۆیانیان پەرەپێدا و لە ساڵی ١٩٤٥ ، پارتییەکی تریان پێکەوە نا بە ناوی "پارتی ڕزگاری کورد". لە دروستکردنی ئەم پارتیەدا کادیرە کۆنەکانی کۆمەڵی هیوا دەوری سەرەکییان هەبوو. عەلی حەمدی، نووری شاوەیس و د. جەعفەر عەبدولکەریم و... ئەندامانی ئەم پارتییە بوون.

***د. محەمەدسەدیق موفتی زادە*** (١٩١٥–١٩٨٤)، کوڕی مەلا عەبدوڵڵا موفتی دشەیی بوو. لە حوجرەکانی گەلێك لە شار و گوندەکانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردستان‌دا خوێندی. لە زانکۆی "الهیات"ی زانستگای تارانیش خوێندنی باڵای تەواو کرد و بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرت. زۆرتر بە کاری مامۆستایی لە قوتابخانەکانی تاران خەریك بوو. ماوەیەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی "*کوردستان*" بوو، کە حکوومەتی ئێران لە شەستەکاندا لە تاران دەری دەکرد. وەك نووسەر لە بەشی کوردیی ڕادیۆی تارانی کاری دەکرد. د. موفتی زادە شارەزایی‌یەکی تەواوی لە زمان و ئەدەبی گۆرانی‌دا هەبوو و یەك لە مەولەوی‌ناسەکان بوو.

***محەمەد "دڵشاد" ڕەسووڵی*** (١٩٢٣–١٩٦٥) بە بنەچە سابڵاخییە، بەڵام لە کۆیە لەدایك بووە. خوێندنی هەر لەم شارە دەست پێکرد و پاشان دارولموعەلمینی ڕیفیی لە بەغدا تەواو کرد. ئاشنای ئەدەبی عەرەبی بوو، بە کوردییەکی زۆر جوان دەینووسی. پەیوەندیی بە ژێکافەوە بوو. یەك لەو سێ کەسە بوو (عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسم قادری و دڵشاد ڕسووڵی) کە کۆمەڵێك نامەی قازی محەمەد و حیزبی دیموکراتیان پێبوو و دەبوو بیگەێننە دەستی کاربەدەستانی سۆڤیەتی و لە ڕێگا گیران. ساڵی ١٩٦٥ کوژرا.

***ڕەشید نەجیب*** (١٩٠٦–١٩٦٨)، لەدایکبووی سلێمانی و لە بنەماڵەی فەرخەیە. لە قوتابخانەکانی سەردەمی عوسمانیدا خوێندوویە، زمانی تورکی وفارسی زانیوە، بە زمانی ئینگلیزیش ئاشنا بووە. نووسەر و شاعیر بووە و بۆ نازناوی شیعرییشی "فەرامەرز"ی هەڵبژاردووە. هەروەها سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بووە. مامۆستایان

بنکەی ژین
www.zheen.org

شێخ نووری شێخ ساڵح و عەبدوڵڵا گۆران و ڕەشید نەجیب ئاشنای شیعر و ئەدەبی تورکی و فارسی بوون و بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردییان دەست پێکرد. گەلێك لە نووسراوەکانی ڕەشید نەجیب لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بڵاو بووەتەوە.

***ڕەفیق حیلمی*** (١٨٩٨–١٩٦٠) کوڕی ساڵح، لە کەرکووك لەدایك بووە، بە بنەماڵە خەڵکی سلێمانین. قوتابخانەی ڕوشدیەی سپایی لە سلێمانی تەواو کرد، بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ ئەستەنبوڵ چوو. لەوێ تێکەڵ بە کۆڕ و کۆمەڵی کوردی بوو، فێری زمانانی جۆربەجۆر بوو و هاتەوە بۆ سلێمانی و بە کاری مامۆستاییەوە خەریك بوو. لە سەردەمی شێخ مەحمووددا، جگە لە وەرگێڕی، مامۆستای زمانی فارسی و کوردی ئەفسەرە ئینگلیزیەکان بوو. لە مامۆستا ڕەفیق حیلمی گەلێك کتێب و نووسراوە بە زمانانی کوردی و تورکی و عەرەبی بەجێماوە، وەك "*شیعر و وەدەبیاتی کوردی*"، لە دوو بەرگدا.

***سوارە ئیلخانی زادە*** (١٩٣٧–١٩٧٦)، کوڕی ئەحمەد ئاغا لە بنەماڵەی ئیلخانیەکانی شاری بۆکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. کاك سوار نووسەرێکی قەڵەم ڕەنگین و شاعیرێکی پڕهەست و لێهاتوو بوو. یەك لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ڕادیۆی کوردیی ئێران بوو، بەرنامەی (*تاپۆ و بومەلێڵ*)، کە کەم کوردی خوێندەوار هەیە نەیناسێ، کاك سوار دەینووسی. ئەم بلیمەتە قوتابخانەیەکی نوێی لە شیعر و ئەدەبی کوردیی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێك هێنابوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

***شاكیر فەتاح*** (١٩١٤–١٩٨٨)، خەڵكی سلێمانی‌یە و خوێندنی هەر لەم شارە تەواو كردووە . بە كۆلێژی حوقووق لە بەغدا دوایی بە خوێندن هێناوە. قایممقامی چەند قەزایەك بووە. ئەندامی كۆڕی زانیاری عیراق و یەكێتیی نووسەرانی كورد بووە. ساڵی ١٩٨٨ لەبەر دژایەتیی سیاسەتی كوردكوژیی ڕژێمی بەعس ئیعدام كراوە.

***شۆڕش،*** پاش تێكچوونی كۆمەڵی هیوا، چەند كەسێك لە ئەندامەكانی كە ڕێبازی چەپ و ماركسیستییان هەبوو، چوونە ڕیزی پارتی كۆمۆنیستی عیراقەوە و گرووپی "وحدة النضال"یان پێك هێنا و ڕۆژنامەیەكیان وەك زمانی حاڵی خۆیان دەركرد بە ناوی "یەكێتی تێكۆشین". ئەمانە لە ساڵی ١٩٤٤دا خۆیان هەڵوەشاندەوە و چوونە ڕیزی پارتی كۆمۆنیستی عیراق (القاعدة). لەبەر ئەوە "القاعدة" هەڵوێستێكی ڕوون و ئاشكرای بەرانبەر بە كێشەی كورد نەبوو، خەباتكارانی كورد پارتییەكی تریان دروست كرد بە ناوی "پارتی كۆمۆنیستی كوردستانی عیراق" و ڕوژنامەیەك بە ناوی "شۆڕش" بوو بە ئورگانی ئەم پارتییە. پاشان سەرجەمی پارتیەكە بە شۆڕش ناوی دەركرد. ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس، عەلی عەبدوڵڵا لە ئەندامانی بوون.

***شێخ ئەمین نەقشبەندی*** (١٩٣١–١٩٩٠)، كوڕی شێخ عەلائەدینی بیارە بوو، لە حوجرەدا خوێندبووی، دەستی شیعری هەبوو و نازناوی شیعریی"بێوەی" بوو. ماوەیەك لە ئێران پەنابەر بوو، لە زانستگای تاران لیسانسی ئەدەبی عەرەبیی وەرگرت. لە بەشی كوردیی ڕادیۆی تاران و كرماشان نووسەر بوو.

www.zheen.org

***شێخ مستەفا قەرەداغی*** (١٩٠٥–١٩٧٣)، کوڕی شێخ مەحموود و نەوەی شێخ مەحموودی ئیبنولخەیاتە. لە قەرەداغ لەدایك بووە، ماوەیەك لە چەند شاری کوردەواریدا قازی بووە. سەردەمێکیش موتەسەڕیفی هەولێر و سلێمانی بوو. شێخ مستەفا لەدایکەوە لە شێخانی مەردۆخی قەرەداغە.

***عارف تاڵەبانی*** (١٩١١–٢٠٠٣)، لە کەرکووك لەدایك بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و پاشان لە بەغدا لە حوقووق بڕوانامەی وەرگرتووە. بووەتە قایمقامی چەند شار.

***عەبدوڵڵا بەگ گۆران*** (١٩٠٤–١٩٦٢)، کوڕی سلێمان بەگ و لە شارۆچکەی هەڵەبجە لەدایك بووە. دەڵێن بە بنەچە خەڵکی مەریوانن. باوکی فارسیزان بوو و لەلای بەگزادەکانی جاف بە کاتبی فارسی بەناوبانگ بوو. مامۆستا گۆران خوێندنی سەرەتایی لە حوجرە تەواو کرد. ئاشنای ئەدەبی فارسی و ئینگلیزی بوو. لە چلەکاندا لەگەڵ ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاك لە بەشی کوردیی ڕادیۆ ڕۆژهەڵات لە یافا کاری دەکرد. مامۆستا گۆران یەك لە داهێنەران و بنیاتنەرانی شیعری نوێی کوردییە.

بنکەی ژین

***عەبدولخالق مەعرووف***، لە حوجرەدا خوێندبووی و شارەزای کاروباری ئایینی بوو، بەڵام چێژی تایبەتی هەبوو لە بواری تەکنیك و ترانزیستۆردا. لە ڕادیۆی شۆڕشی کوردستان کاری دەکرد. نووسەری

کتێبی "*ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردواریدا*"یە. ئەمیش یەکێك بوو لە قوربانیەکانی بیروباوەڕ، بە دەستی چەپەڵی بەرەی پاشکەوتوو کوژرا.

***عەبدولڕەحمان زەبیحی*** (١٩٢٠–١٩٨٠)، لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، لەوێ و لە ورمێ خوێندوویەتی. ئیشوکاری جۆربەجۆری بووە. یەك لە دامەرزێنەرانی ژ. ك و بەرپرسی گۆڤاری "نیشتمان" ئۆرگانی ئەم کۆمەڵەیە بووە. لە سەردەمی کۆماری مەهاباددا لە "ئەنجومەنی فەرهەنگیی نێوانی ئێران و شورەوی" وەك مەعاون کاری کردووە. پاش ڕووخانی کۆمار، هاتە کوردستانی گەرمێن. ئینجا بە ناوی خواستەمەنییەوە بە تێکۆشانی سیاسییەوە خەریك بووە. لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خوێدا نووسینی هەیە. لەم دواییانەدا سەرقاڵی ئامادەکردنی قاموسێك بوو، دوو بەرگی لێ بڵاو کردەوە، بەداخەوە بۆی تەواو نەکرا. مامۆستا لە ساڵی ١٩٨٠دا بە دەستی دامودەزگای موخابەراتی بەعس بێسەروشوێن کرا.

***عەلی عیرفان*** (١٨٨٢–١٩٦٨)، کوڕی مەلا عەبدوڵڵا عیرفانە، لە سلێمانی خوێندنی تەواو کردووەو وەزیفەی مامۆستاییو فەرمانبەریی دیوە. دامەزرێنێکی جەمعییەتی زەردەشتیو ئەندامی لقی سلێمانیی کۆمەڵەی خۆیبوون بووە. لە "*ژیان*" و "*ژیانەوە*"دا نووسینی هەیە، بەڕێوەبەری ئیدارەخانەی دووەم خولی ڕۆژنامەی "ژیان" بووە.

***عەلائەدین سەجادی*** (١٩٠٧–١٩٨٤)، لە سنە لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی لەوێ دەست پێکردووە و بۆ درێژەپێدانی هاتووەتە کوردستانی گەرمێن و ئیتر نەگەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی.

www.zheen.org

پاشان لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و بە کاری ڕۆژنامەگەری و نووسین و لێکۆڵینەوە خەریك دەبێ. بەرهەمێکی زۆر لە مامۆستا بەجێماوە وەك: *مێژووی ئەدەبی کوردی* و *ڕشتەی مرواری* و... .

***فایق بێکەس*** (١٩٠٥–١٩٤٨) فایق عەبدوڵلا کاکەحەمە، لە گوندی سیتەك لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، لەدایك بووە. بێکەس ژیانێکی پڕخەم و مەینەتی هەبوە. هەر بە منداڵی باوکی بەجێی دەهێڵێ و دەچێتە تورکیا. ماوەیەك لە خانەقین و بەغدا بەسەر دەبا و خەریکی خوێندن دەبێ. یەك لەوانە بوو لە هەراکەی شەشی ئەیلوولی بەر دەرکی سەرادا بەشداریی کرد. شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز و ئەندامی ژێکافیش بوو. تەمەنێکی وای نەبوو کۆچی دوایی کرد.

***فایق هۆشیار*** (١٩٢١–٢٠٠٢)، خوشکەزای پیرەمێردی شاعیر و لە بنەماڵەی سائیب بوو. هەر لە سلێمانی دەستی بە خوێندن کرد و کۆلێجی حوقووقی لە بەغدا تەواو کرد. یاساناس و پیاوێکی لێهاتوو بوو. یەك لە ئەندامانی کۆمەڵی هیوا بوو.

***قازی محەمەد*** (١٩٠٠–١٩٤٧)، لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، کوڕی قازی عەلی و لە بنەماڵەی بەناوبانگی قازی مەهابادە. قازی محەمەد وەك کەسانی ئەو سەردەمە، لە حوجرە و لەلای مەلایان خوێندی و پێگەیشت، پاش باوکی بوو بە قازیی سابلاخ، ماوەیەکیش بەرپرسی دایرەی پەروەردە بووە. لە کۆماری مەهابادا سەرکۆمار بوو و پاش داگیرکردنەوەی مەهاباد لەلایەن سپای ئێرانەوە لەسێدارە درا.

***کۆمەڵی هیوا***، لە بەهاری ١٩٣٩دا، چەند ڕووناکبیر و قوتابیی کورد لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە شاری کەرکووك لەسەر بنچینە و

پاشماوەی دوو کۆمەڵەی ئازادیی کورد و دارکەر، دایانمەرزاند. ئەم کۆمەڵەیە خەباتی دژ بە فاشیزم و ئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانو ڕەوتو ڕێگای سەرەکیی بوو. سەرۆکی باڵای ئەم کۆمەڵەیە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بوو.

***کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد*** *(ژ. ک)*، کۆمەڵەی ژ. ک، ڕێکخراوەیەکی سیاسی نەتەوەیی دیموکراتی پێشکەوتنخواز بوو، ١٦ی ئابی ١٩٤٢ بە هاندان و بەشداریی سێ ئەندامی کۆمەڵەی هیوا، لە شاری مەهاباد دامەرزا. یەکەم سەرۆکی ژ. ک عەبدولڕەحمانی زەبیحی بوو. ئەم کۆمەڵەیە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خەباتی دژ بە فاشیسمی دەکرد و لە بەرزکردنەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و دەرخستنی دیوی ئاوەژووی سەرۆك عەشیرەتان و شێخ و مەلای کۆنپارێز و پڕوپووچی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا دەورێکی دیاری گێڕا. ژ. ك پاشان هەڵوەشێندرایەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ پێك هێنرا.

***گۆڤاری هاوار*** (١٩٤٣-١٩٣٢) لە شاری دیمەشق (سووریا) بە دوو زمانی کوردی و فرانسەیی بە ئەلفوبێ عەرەبی و لاتین دەردەچوو. یەکەم گۆڤارە ئەلفوبێی لاتینیی بەکار هێناوە. سەرنووسەری جەلادەت بەدرخان بوو. سەرجەم ٥٧ ژمارەی لێ بڵاوبووەوە. شاعیر و نووسەری پارچەکانی دیکەی کوردستان هاوکارییان لەگەڵ دەکرد.

***محەمەد عەلی مەدهۆش*** (١٩٩٤-١٩١٩)، لە سلێمانی لەدایك بووە. لە حوجرە خوێندوویەتی و مووچەخۆریی نەکردووە و ئیشوکاری

بەرگدروویی بووە. بە شاعیرێکی سەرکەوتوو و داهێنەر ناسراوە. لەسەر کوردایەتی زیندانی کراوە. یەك لە ئەندامانی ژ. ك لە سلێمانی بووە.

***مەعرووف جیاوك*** (١٨٨٥–١٩٥٨)، بە بنەچە ڕەواندزییە، خوێندنی لە بەغدا تەواو کرد، پاشان لە ئەستەنبوڵ لە کۆلێژی حوقووق بڕوانامەی پارێزەریی وەرگرت. ماوەیەك وەك دیل، ئینگلیزەکان ناردیان بۆ بۆرما. ساڵی ١٩٢٨ نوێنەری هەولێر بووە لە پەرلەمان. ١٩٣٠ (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ی دامەرزاندووە. "*القضية الكردية*" و "*مأساة بارزان المظلومة*" دوو کتێبی گرنگی ئەون بە عەرەبی. لە ڕۆژنامە کوردیو عەرەبیەکانی سەردەمی خوێدا نووسیویە.

***مەلا جەمیل "بەندی" ڕۆژبەیانی*** (١٩١٦–٢٠٠١)، کوڕی مەلا ئەحمەد، لە گوندی فورقان لە کەرکووك لەدایك بووە. لەلای باوکی خوێندنی تەواو کرد. مەلایەکی زانا و ڕووناکبیر بوو، لە زانستی مێژوو و زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا لێهاتوو بوو. خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە لە بواری ئەدەب و مێژوودا. ماوەیەك لە تەمەنی وەك پەنابەر لە شارەکانی ئێران بردە سەر. پاش هەراکەی ئێران گەڕایەوە بۆ وڵات و ئینجا بە دەستی دامودەزگای موخابەراتی بەعس کوژرا.

***محەمەدئەمین ڕواندزی*** (؟–١٩٥٥)، کوڕی مەلا حەسەن، کۆلێژی سەربازیی عوسمانیی تەواو کرد، لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمووددا بەشدار بوو و ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی هیوا بوو.

**مستەفا سائیب** (١٩٠٤–١٩٨١) کوڕی مەلا ئەحمەد و برای عارف و جەمیل سائیب نووسەری چیروکی (لە خەوما)یە. لە سەردەمی

دەسەڵاتی تورکدا لە سلێمانی خوێندنی بە تورکی دەست پێکرد و لەدواییدا موهەندیسیی تەواو کرد. ماوەیەك لە هەڵەبجە بووە و بووەتە هاوڕێی مامۆستا گۆران و عەبدولواحید نووری و لەگەڵ چەند قوتابییەکی ڕووناکبیردا کوردایەتییان کردووە و پاشان پێکەوە (کۆمەڵی لاوان)یان پێك هێناوە کە مستەفا سائیب سکرتێری بووە. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کۆمەڵەی "زەردەشتی"یان دامەرزاند کە هەر ئەم بەرپرسی بوو. لە سییەکاندا بۆ بووژانەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی لەگەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانیدا، (نەشرییاتی کوردی– مەریوانی)یان دامەزراند بۆ لەچاپدانی کتێبی کوردی. لەو کەسانە بوو کە لە کێبڕکییەکەی ڕۆژنامەی "*پێشکەوتن*"دا ساڵی ١٩٢٠ بەشداریی کرد و خەڵاتی دووەمی وەرگرت.

***محەمەد ڕەسووڵ هاوار*** (١٩٢٤–٢٠٠٦)، لە سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە و لە بەغدا لە زانکۆی قانوون و سیاسەت درێژەی بە خوێندن داوە. خاوەنی ژمارەیەك بەرهەمە وەك (*شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان*) لە دوو بەرگدا.

***نیکۆلای گاڤرلۆڤیچ چرنیشڤسکی*** (١٨٢٨–١٨٨٩)، لە ساراتۆڤ (ڕووسیا) لەدایك بووە. باوکی قشەیەکی ڕووناکبیر بوو، پێی خۆش بوو کوڕەکەشی هەر لە کاری قەشایەتیدا تێبکۆشێ، بەڵام نیکۆلای لە بواری فەلسەفە و زمان و ئەدەب و مێژوو و ئابووریدا کاری کرد. ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری بەناوبانگی "*هاوچەرخ*" بوو. دیموکراتی

شۆڕشگێڕ ن. گ. چرنیشڤسکی پێشەوای شۆڕشگێڕانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی ڕووسیا بوو و بیست ساڵی تەمەنیی لە زینداندا بردە سەر.

***هەژار موکریانی*** (١٩٢٠–١٩٩١)، کوڕی مەلا محەمەدی بۆرە و لە گوندی شەرەفکەند لای سابڵاخ لەدایك بووە. لە حوجرە خوێندوویەتی، ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ك) بووە. شاعیری سەردەمی کۆماری مەهاباد بوو و پاش ڕووخانی، هاتە کوردستانی گەرمێن، بە زۆر ئیشوکارەوە خەریك بوو. پاش ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ڕادیۆو تەلەڤزیونی ئێران خەریکی کار بوو. کۆمەڵێك کتێبی وەرگێڕاتەوە سەر زمانی کوردی. قامووسی "*هەنبانە بۆرینە*" یەك لە بەرهەمەکانیەتی.

**برایم ئەحمەد "بلە"** (١٩١٤–٢٠٠٠)، لە سلێمانی لەدایك بووە و هەر لەم شارە خوێندوویەتی. نووسەر، شاعیر، ڕۆژنامەنووس، مافناس و سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ بوو. بەرپرسی لقی ژ. ك بوو لە سلێمانی. لەدوای کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردەوە بوو بە سکرتێر. خاوەنی گۆڤاری گەلاوێژ و چریکەی کوردستان یوو.

گەلێك بەرهەمی ئەدەبیی لە شیعر و پەخشانی لێ بەجێماوە وەك : ژانی گەل، کوێرەوەری، دڕك و گوڵ و هەرزەکاران.

www.iqbal.org

# بەڵگەنامە

# و وێنە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org



www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org





www.zheen.org









www.zheen.org









مامۆستا برایم ئەحمەد، لەندەن، ١٩٩٤

بنکەی ژین
www.zheen.org